بەئیسلامکردنــــی کــورد

ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟

ئاشکراکردنی هەندێ لە هەڵەکانی
ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانکۆی سلێمانی
بڕوانامەی ماستەری بە پلەی نایاب پێ بەخشی

فاضل قەرەداغی

چاپی یەکەم
١٤٢٤ی کۆچی – ٢٠٠٣ ی زاینی

ناوەرۆك

پێشەکی..٣
ونکراوەکان لە بەسەرهاتی فتووحات..................................... ٦
شایەتەکان دەدوێن.. ١٧
ماستەرنامەکە لەژێر تیشکدا ٢٩
یەکەم–ئەوەی سەرەکییە ٣٠
دووەم: وەکو ئیشەکانی قوتابییەکی ناوەندی ٣٣
١– هەلبژاردەی کتیب..٣٤
٢–پەراویزەکان بە کاملی ٦٩
کۆتایی ٨٢
سەرچاوەکان ٨٣

بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی

ئەم کتێبە بچووکە لە ئەسڵدا بەشێکە لە کتێبێك بە ناوی (چەرخی زێڕینی نەخوێندەواری) کە چەند بەشێکم لێ نووسیوەتەوەو بەباشم زانی ئەم بەشە پێش بخەم. لەو کتێبەدا ژمارەیەکی زۆر هەڵە ، بگرە قسەی بێ سەروبنم کۆکردۆتەوە کە نووسینە کوردییەکانی پڕکردۆتەوە. لەم سەردەمە زێڕینەی نەخوێندەوارییەدا لەجاران زیاتر شت دەنووسرێن بەڵام بۆشایی نێوان ڕۆشنبیریی کوردی و ڕۆشنبیریی جیهانی بەردەوام لەگەورەبووندایە. عەیبیش نییە بۆ مرۆڤ شت بنووسێت و لە نووسینەکانیدا ژمارەیەك هەڵە بکات ، هەموومان هەڵە دەکەین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مرۆڤ شتی بێبناغەو بێ سەرو بن بنووسێت هەروەکو ئەوانەی دوو یان سێ کتێبی لاواز دەخوێننەوەو سەد شتی خەیاڵی خۆیانیان دەخەنە پاڵ و ئینجا بابەتێك لەم تێکەڵە سەیرە دێننە بەرهەم، کارێکە نموونەی زۆرم لێ دیوەو بەتایبەتی لە دوو بواردا: مێژووی کۆنی کوردستان و ئیسلام و فیکرو مێژووی ئیسلامی.

ماستەرنامەکەی شوان عوسمان شتێکی ترە.ماستەرنامەکە بەڕووکەش دەیان سەرچاوەی قەڵەو(بەڵام هەروا دەیانی تری زۆر لاوان)ی ڕیزکردووە بەڵام بەشێوازێك نووسراوەتەوە کە بۆی سەلماندم گیانی ئەم چەرخی نەخوێندەوارییە بەبێ کێشە گەشتۆتە ئاستی خوێندنی باڵا.

چوار ساڵی خوێندنی ١٩٧٩-١٩٨٠ تا ١٩٨٢-١٩٨٣ قوتابیی کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی سلێمانی بووم کە لە دوو ساڵی دوایەمی خوێندنم زانکۆ بۆ هەولێر گوازرایەوەو خوێندنەکەم لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کرد. بەم جۆرە شارەزای ئاستی خوێندنی زانکۆکە بووم کە ئەو کاتە سەردەمی هەرزانی و توانای مادديی گەورەی حکومەتی عیراق بوو و حکومەت مامۆستای لە دەرەوە، بەزۆری لە هندستان، دەهێناو ئەمانە توانایەکی تاڕادەیەك باشیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی خوێندن لە زانکۆی سلێمانیو دواتر سەلاحەددین نزمتربوو لە هی زانکۆکانی تر. لەمەشەوە دەتوانین شتێك لەبارەی ئاستی نزمی خوێندن لەم دە ساڵەی دواییدا بزانین.

کاتی خۆی کۆمەڵێ شت خوێندنی قوتابیانی دوادەخست؛ یەك: زانکۆکە بە گشتی لێوەشاوە نەبوو، دوو: حزبایەتی کە بەعس پیادەی دەکرد، سێ: باری نائارامیی کوردستان ، چوار:قوتابیان کاتێکی باشی خۆیان بە پەیوەندیی کوڕو کچەوە دەبردە سەر.

لەو دە ساڵی دوایی ئەو شتانەی خوێندن دوادەخەن زۆرترو خراپتربوون. جگە لەهەموو ئەمانەش کاتی خۆی ئەو پارەیەی قوتابی وەریدەگرت بەشی لایەکی گەورەی مەسرەفی دەکرد لەکاتێکدا زۆر لە قوتابیانی ئێستا ناچارن زۆرانبازی لەگەڵ ژیان بکەن پێش ئەوەی بیر لە زاڵبوون بەسەر وانەکاندا بکەنەوە. کە بڕوانامەکەش وەردەگرن ئینجا دەرگاکانی ژیان بەتەواوی لەڕوویاندا دادەخرێن.

ئا لەم وەزعەی هیچی لەگەڵ پێوانەکانی خوێندن یەك ناگرێتەوەو لەجیاتی چاککردنی ئەم بارودۆخەی خوێندن بیر لە شتی تر دەکرێتەوە کە یەکێکیان بەکارهێنانی زانکۆیە بۆ سەپاندنی هەندێك ڕەوت و بیروڕا وەکو ئەوەی ئەم ماستەرنامەیە مەبەستی بوو. بێگومان عەقڵ حزبییانە بیربکاتەوەو بابەتی ماستەرنامە بۆ مەبەستێکی حزبیو ئایدیۆلۆجی هەڵبژێردرێت و ئاستی خوێندن وا نزم بێت و ئاستی خوێندەواری لە کوردستاندا بەگشتی لەوە نزمتر بێت و لە زانکۆدا دکتۆر شەق لە فەرمانبەر بدات و مامۆستا لە مامۆستای تر هەڵبدات ... ئەگەر ئەمانە و لەمانە زیاتر لە زانکۆدا بکرێن بوار بە ئاسانی دەڕەخسێت بۆ خاوەنی ماستەرنامە فێڵ بکات و نامەیەك بنووسێت بەس بێت بۆ لەکەدارکردنی هەر قوتابخانەیەك، نەك زانکۆ، لێکۆڵینەوەکەی پەسەند بکات. ئیتر بزانە چۆن ماستەرنامەیەکە خاوەنەکەی ناوی چەندین کتێب وەك سەرچاوە بنووسێت بەمەرجێ چاوی پێیان نەکەوتبێت و دەیان زانیاری بە هەڵە نەقڵ بکات و لە ژمارەیەکی تریان تێناگات و...جارێ با پەلە نەکەین، کاتی باسکردنی ئەمە دێت.

* * * * * * * *

ڕۆژی ٢٠٠٢/٥/١٤ [١] ئامادە بووم لە موناقەشەی ماستەرنامەی (کوردستانو پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد) – کە پلەی نایابی پێ بەخشرا[٢]. لەو ڕۆژەشدا ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە ناتوانین بەتەواوەتی پشت بەم بەرهەمانە ببەستین.

[١] لە قوتابییەکی بەشی مێژووم داواکرد بە کاك شوان بڵێت دەعوەتنامەیەکەم بداتێ ئەویش بۆی ناردم.

[٢] ماستەرنامەکە هەمان ساڵ لە سلێمانی لەچاپدرا.

(شوان عوسمان مستەفا)، خاوەنی نامەکە کەسێکی موجاملەو پێی خۆشە نامەکەی بەهەوڵێکی دژایەتی کردنی ئیسلام نەزانرێت و وەکو قوتابییەکی زانکۆ دەڵێت هەڵوێستی بەرامبەر بەئیسلام باشە. بەڕاستی ئەم هەڵوێستە تەواو پێچەوانەی زۆر لەو قسانەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا وتوونی. بێبەختیی کاك شوانیش لەوەدایە دکتۆر نەبەز مەجیدی سەرپەرشتیاری ئەم بابەتەی بەدڵ بووەو دیارە سووربوونی ئەو بوو لەپشتی هەڵبژاردنی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەو شێوازی نووسینەوەی‌و ئاڕاستەی بیروبۆچوونەکانی ناوی بوو.

بۆچی بەتەواوی باوەڕ بە ماستەرنامەو دکتۆرانامە نەکەین کە لە هەلومەرجی وەکو ئەوانەی ماستەرنامەکەی شوان بەرهەم هێنرابێت؟ چونکە ئەو مامۆستایانەی موناقەشەی نامەکان دەکەن بۆ خۆیان قوتابییان هەیەو لەدواڕۆژدا دەکەونە بەر ڕەحمی ئەو مامۆستایەی کە بۆی هەیە ببێتە موناقشی نامەی قوتابییەکەی ئەوان. بەم جۆرە موجامەلە زۆر پێویست دەبێت.

لیژنەی ((موناقەشەکە)) لە سێ دکتۆری زانکۆی سلێمانی پێکهاتبوو: دکتۆر حسام الدین نەقشبەندی و دکتۆر کاوس قەفتان و دکتۆر کەمال عەلی. تەنها یەکەمیشیان لە مێژووی ئیسلامی پسپۆڕەو تەنها ئەو بوو موناقەشەیەکی دوورودرێژی کرد لەکاتێکدا سێیەمیان هیچ موناقەشەیەکی نەکردو تەنها ئەو شتانەی دووبارە دەکردەوە کە لە ماستەرنامەکەدا وتراون بەڵام بەشێوازی پرسیار : بۆچی...؟ ئایا...؟ لەبەرچی....؟ دووەمیشیان دەنگی نزم بوو و ئەوانەی لە پشتەوە دانیشتبوون هیچی لێ حاڵی نەبوون.

دکتۆر حسام الدین موناقەشەی زۆری کرد بەڵام سەرەڕای ئەوە وتی: من ئامادەی موناقەشەی نامەی زۆری ماستەرو دکتۆرا بووم‌و هیچیان شایەنی ئەو بڕوانامەیە نەبوون کە پێیان دراوە بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە شایەنی بڕوانامەی نەك تەنها ماستەرە بەڵکو دکتۆراش!

داوام لەخوێنەرە پاش تەواوکردنی ئەم ڕەخنەیەم جارێکیتر ئەم ڕستانە بخوێنێتەوە. خوێنەر دوایی ئافەرین لەکاك شوان دەکات کە چۆن توانی زانکۆیەك و سەرپەرشتیاری خۆی‌و سێ دکتۆر بخەڵەتێنێت، پاشان هەر خوێنەر خۆی دەپرسێت: ئەی حاڵی ئەو ماستەرنامەو دکتۆرانامانە چی بێت کە د. حسام الدین لێیان ڕازی نییە؟

ڕەخنەکەمان دوو تەوەرەن:

١- ((بەئیسلام کردنی کورد)) نەك تەنها ناڕێکە بەڕاستییە مێژووییەکان بەڵکو بەزانیارییتری ناو ماستەرنامەکەش و ئەمە بەسە بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنی هەموو نامەکە.

٢-ئەمانەتی زانستی لەزانیاری و سەرچاوەکاندا نەپارێزراوە ؛ ژمارەیەك سەرچاوە نووسراون کە شوان هیچی نەدیون یان زانیارییەکی وتووە کە لەو سەرچاوانەدا نەهاتووە، یان سەرچاوەکە شتێك دەڵێت بەڵام کاك شوان شتێکی تر دەنووسێت... تاد... تاد.

ماستەرنامەکە پڕیێتی لە سەرچاوە بەڵام کاك شوان وەك وتم ژمارەیەك لەمانەی نەدیوەو دیارە زانیارییەکان لە سەرچاوەی ترەوە نەقڵ کردووە، ژمارەیەکی دیکەی سەرچاوەکانیش بۆ بابەتەکەی شوان زۆر لاوەکین و ناوبردنیان زیایە...[1]

تێبینییەکیش لەسەر نووسینی ئەم ڕەخنەیەی خۆم: هەر لەسەرەتاوە نیازم نەبوو لەسەر هەموو کتێبەکە بدوێم چونکە کارێکی وا کتێبێکی دەوێت لەوەی کاك شوان گەورەتر. دەرخستنی فێڵەکان‌و هەڵەکان‌و خراپ حاڵی بوونەکان.. تاد کاتێکی زۆری پێویستەو باقی کتێبەکە بۆ ڕەخنەگری تر جێ دەهێڵم‌و ڕەخنەگر دڵنیا دەکەم شتی زۆری دەست دەکەوێت چونکە کتێبەکەی شوان بەهەشتی ڕەخنەگرانە.

حەزیش دەکەم بەرلەوەی دەست بدەمە کتێبەکەو نەشتەرگەییەکی هەندێك بەشی بکەم باسێکی فتووحاتی ئیسلامی بکەم.

---

[1] شوان (ل ٤) باسی نووسینی تری کوردی لەبارەی بەموسڵمانبوونی کورد دەکات و یەکێك لە ڕەخنەکانی ئەوەیە هەیانە لایەنگیرانە ونازانستی و نائەکادیمییانە نووسراونەتەوە. کاك هیوا سەلام لە کتێبەکەیدا (کە لەبەر سەرقاڵیم بەم نووسینەم تەنها چەند لاپەڕەیەکی جیاجیام لێ خوێندەوە) :کورد لە نێوان بەئیسلام کردن وئیسلام بووندا،نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٣و کە ڕەخنەیە لە ماستەرنامەکەی شوان ئەو قسەیەی شوان دەهێنێتەوەو دەڵێت قسەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە کتێبی حەسەن مەحموود حەمە کەریم؛(کوردستان لەبەردەم فتووحاتی ئیسلامیدا) زانستی و ئەکادیمی نییە(ل ١٠١). هەرچەندە تا ئێستا کتێبەکەی کاك حەسەنم نەخوێندۆتەوەو بۆیە ناتوانم مەوزووعیانە حوکمی لەسەر بدەم بەڵام دەبوا کتێبێکی گەورە لەسەر هەمان بابەتی ماستەرنامەکەی شوان کەمێك سوودی لێ وەربگیرایە ئەگەر بۆ ڕەخنەلێگرتنیش بوایە کەچی شوان یەك جار بەسەرپێی ناوی دەبات.کاك شوان لەجیاتیی ئەوە ناوی زۆر کتێبی لایەنگرانەو نازانستی دەنووسێت. هیواداریشم خوێنەر پاش تەواوکردنی خوێندنەوەی ئەم ڕەخنەیەمان قسەکەی کاك شوان لەیاد مابێت سەبارەت بەو نووسینە لایەنگرو نازانستی ونائەکادیمییانەو حوکم بدات نووسینەکەی کاك شوان لەکامەیانە.

ونکراوەکان لە بەسەرهاتی فتووحات

ئەگەر ئەو باس‌و کتێبە کوردییانەی دەخرێنە بەردەم خوێنەر ببنە تاکە سەرچاوەمان لەبارەی فتووحاتی ئیسلامییەوە جەهل‌و نەزانی بەشمان دەبێت.

نەشارەزایی یان زانیاریی کەم لەبارەی مێژووی ئیسلامی ڕێگەی بە وڕێنە داوە ببنە ڕاستی، ڕاستییەکانیش ون بن و خوێنەر ئاگای لە زۆریان نەبێت. وشەی (ونکراوەکان) کە بەکارم هێناوە زێدەڕۆیی تێدایە چونکە وشەکە مانای وایە ئەوانەی لەسەر فتووحات دەنووسن شت دەزانن بەڵام دەیشارنەوە لەکاتێکدا باوەڕم وایە ئەمان ئەو شتانە نازانن یان کەمێکی دەزانن.

نەزانی وشەیەکە خۆی خۆی تەفسیر دەکات، لەلایەکی ترەوە باس نەکرنی ئەو شتانەی زانراون نیفاقێکی ڕۆشنبیرییە چونکە وای لێهاتووە نووسەر(جگە لە کەسانێکی کەم کە ئەو تەقلیدەیان شکاندووە) بەباشی باسی ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامی‌و مێژووی ئیسلامی نەکات نەوەکو سومعەی بڕووشێت و گومان لە مۆدێرنێتی و پێشکەوتنخوازییەکەی دروست ببێت. بەڵام ئەمە مۆدێرنێتییەکی ساختەیە؛ هی چەرخە زێڕینەکەی نەخوێندەواریی کوردستان.

لەم بەشەدا چەند شتێکی فتووحاتی ئیسلامی باس دەکەم کە لەو باس‌و کتێبە کوردییانە ونکراون، ئیتر یان بەدەستی ئەنقەست‌و یان لە بێئاگاییەوە. خوێنەری کورد پێویستی بەو زانیارییانە هەیە تا وێنە کاریکاتێرییەکە ڕاست بێتەوە، ئەو وێنەیەی هەردوو دەمارگیری‌و نەزانی نەخشاندوویانە. ئەوەی خوارەوەش تەنها باسێکی کورتە چونکە ئێرە جێی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ لەبارەی فتووحاتی تێدا نابێتەوە.

بەر لەهەموو شتێك پێویستە بزانین کە فتووحاتی ئیسلامی کۆمەڵێك بەسەرهاتن لەمێژوودا دەگمەن نین بەڵکو بەدرێژایی مێژوو ڕوویان داوە. ئینجا ئەگەر ئیسلام لەکوردستاندا سەری هەڵبدایەو فتووحات بەلەشکری کوردی بکرایە، ئەمڕۆ هەر ئەوانەی فتووحات خراپ دەنرخێنن شانازییان پێوە دەکردو باسیان لەئیمپراتۆریەتی خاوەن شکۆی کورد دەکرد.ئەوەتا ئەوەی هەیەو نییە دەوڵەتی میدیایە کەبەشی خۆی وڵاتانی داگیرکردبوو جێگەی شانازییەو ئەمانە دەڵێن ئێمە نەوەی ((میدیاو کەیخەسرەوین))؟ ئەمە کێشەیەکە نەتەوەگەرایی بۆی چارەسەر ناکرێت: شانازی کردن بە ڕابوردوو هەتا ئەگەر داگیرکاریشی تێدا هەبووبێت بەڵام ڕەفزکردنی داگیرکاریی دوژمنان. کێشەکە لەوەدایە نەتەوەگەرایی جێگەی هەموو نەتەوەکانی تێدا نابێتەوە لەکاتێکدا لەئایینگەرایی (جگە لە چەند حاڵەتێك) دەرگای وەرگرتنی ئایینەکە بۆ هەموو نەتەوەیەك و ئایینێك کراوەیە.

شەڕی داگیرکاری لەکۆنەوە، وەك زۆر خوێنەر دەزانێت، هەر هەبوو و تائەمڕۆ ماوەو نوێترین نموونەی ڕۆژئاوایە کە دەسەڵاتدارانی لەهەموو دەسەڵاتدارێکی جیهان زیاتر باس لەئازادی دەکەن لەکاتێکدا وڵاتانی زیاتریان داگیر کردبوو و دواییش شێوازی نوێی داگیرکارییان داهێنا، ئەو مێژووە بێگومان لای ئەوانیش جێگەی شانازییە.

ڕاستییەکی تر ئەوەیە مەبەستی فتووحاتی ئیسلامی سەپاندنی ئاینی ئیسلام نەبوو. دانانی سێ ئیختیار لەبەردەم غەیری موسڵمانان ((موسڵمان بوون یان جزیەدان و مانەوە لەسەر ئاینی خۆیان‌و یان شەڕ)) ئەمە ڕەت دەکاتەوە. بێگومان وەکو ئەو شەڕانەش نین کە لاپەڕەکانی مێژوویان پڕکردۆتەوەو یەکێك لە مەبەستە سەرەکییەکانیان شکۆمەندیی پادشاکان بوو.کۆچی گەلانیش نەبوون. بڕیاردانیش لەسەر ئەنجامدانی فتووحات بۆ دەستکەوتی ماددی نەبوو (بڕوانە خوارەوە). بەکورتی فتووحاتی ئیسلامی گیانێك دەیجووڵاند کەخوێندنەوەی مێژوو و شارەزایی پەیدا کردن لەبارەی ئیسلامەوە ڕێگەیەکن بۆ ناسینی.

بەڵام خوێنەری کورد چۆن ئەو گیانە بناسێت لەکاتێکدا نە سەرچاوە ئەسڵییەکان دەخوێنێتەوەو نەباس‌و کتێبە کوردییەکان وێنە تەواوەکەی پێشکەش دەکەن؟ بەڵام ئایا سەرچاوە کوردییەکان وێنەی تەواو لەبارەی مێژووی کوردستان (بەتایبەتی مێژووی کۆنی) پێشکەش دەکەن تا ئەمە بۆ فتووحات بکەن؟ ئەمانە بەزۆری شتی سۆزدارو نازانستی لەخۆدەگرن. زۆر لەمانە تەنها ئەوە دەزانن بڵێن ئیسلام ئایینی عەرەبە بەڵام کورد ئایینی خۆی هەبووە کە ئایینی زەردەشتییە. ئەم قسەیەش بەتەنیا بەسە نەك هەر مێژووی ئیسلامیش بشێوێنێت بەڵکو هی میللەتانی کوردستان و ئێران و ئەفغانستان و بەلووچستانیش تەسلیم بە قسەی ساویلکەو نازانستی بکات.

مادەم باسی فتووحاتی ئیسلامیش دەکەین شتێکی زیادە نابێت ئەگەر بڵێین کە ئەوانەی بۆ ئایینی زەردەشت دەگرین نازانن ئەو ئایینە بەپێی ڕیوایەتەکان دەوڵەتێك لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە پشتیەوە بوو و هەر لە ژیانی زەردەشتدا ئەو دەوڵەتە شەڕی‌لە پێناوی ئایینەکە کردبوو و تەنانەت یەکێك لە ڕیوایەتەکان دەڵێت زەردەشت لە شەڕێکی وەهادا کوژراوە، واتە ئەگەر زەردەشت

بەڕاستی پێغەمبەرێکی ئاسمانی بوو بێت (کە ئەمە قەناعەتی خۆمە)[1] و ئەگەر ڕیوایەتی کوژرانی ڕاست بێت دەبێ بڵێین زەردەشت پێغەمبەرێکی موجاهید بووەو لەپێناوی ئایینەکەیدا شەهید بووە!

* * * * * * *

یەکێك لە شتە زانراوەکانی مێژوو ئەوەیە داگیرکەران بەزەییان لەگەڵ خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکاندا نەنواندووە، هەر وڵاتێکیش هەڵگەڕابێتەوە زۆر سەختتر لەجاران مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. نموونەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی خەڵکی وڵاتە فەتح کراوەکانی سەردەمی فتووحاتی ئیسلامی زۆر کەمترن لەچاو داگیرکارییەکانی مێژوو و زۆر کەمتریشن لەسەرجەم چالاکییە سەربازییەکانی فتووحات.

ئەوەندەشم لەبارەی فتووحاتەوە خوێندووە نموونەم نەدیوە لەسەر ڕووخاندن و سووتاندنی شارێك تەنها نموونەی ڕووخاندنی قەڵایەك کە لەبەرامبەر ناوچەکانی ژێر دەستی ڕۆمدا بوو، واتە لە بەرەی پێشەوە بوو.

ئەمە لەکاتێکدا ڕووخاندن و سووتاندنی شارو گوندەکان، ئەوانەی یەکەم جار گیرابوون یان ئەوانەی یاخی ببوون، کارێکی زۆر ئاسایی شەڕەکانی تر بووە. ئەوەتا پادشای ئاشوری؛ ئاشور ناصرپالی دووەم کە دێتە ناوچەی سلێمانی وپیرەمەگروون و شارەزوور... (٨٨١ و ٨٨٠ ی پێش زاین) وەکو هەموو پادشا کۆنەکان شانازی بە کوشتارو شارو گوند سووتاندن دەکات: ((سەرەکانیان (= سەری کوژراوەکانیان)م بە قەدی درەختەکاندا بەست، کورو کچەکانیانم بە ئاگر سووتاند))[2] یان باسی چەند شارێك دەکات کە ((لەگەڵ ١٥٠ شار (یان گوند)ی دەوروبەریانم ڕووخاندو وێران کردو سووتاندمن و کردمن بە تەپۆلکەو وێرانە))[3].

یان بۆچی دوور بڕۆین؟ ئەوەتا هیرەقل، ئیمپراتۆری بیزەنتی چەند ساڵێك بەر لەوەی ئیسلام بگاتە کوردستان و لەمیانەی شەڕەکەی دژی فارس پەلاماری ئەوێی دا بوو و مانگی شوباتی ساڵی ٦٢٨ ی زایینی لە شارەزووردا بردە سەرو لەوێدا چی هاتە بەردەستی لەگوندوشار وێرانی کردو سووتاندنی[4]. خۆ ئەگەر باسی سەردەمی دیموکراسی بکەین هیرۆشیماو ناگازاکی دوو نموونەی زۆر باش زانراون و شتی زۆرتر هەن ئەوەندە ناودار نین هەروەکو (بۆردومانی ستراتیجی) کە بۆ شارە ئەڵمانییەکان خرایە کارو زیاد لە ٦٠٠ هەزار ئەڵمانی لە شارە جیاجیاکانی ئەڵمانیا بە بۆردومانی فڕۆکە بەریتانیو ئەمەریکییەکان کوژران و تەنها لە شاری درێسدن ژمارەی کوژراو زامدارەکان گەشتە ٨٠ تا ١١٠ هەزار هاوڵاتی[5].

بەشی گەورەی جەنگەکانی مێژوو هۆی ئابوورییان لەپشتەوە بوو بۆیە فتووحات بەهەمان چەشن تەماشا کراون.نکوڵی لەوەش ناکرێت کەسانێك هەبوون لەناو لەشکری موسڵمانان بەمەبەستی دەستکەوت بەشداریی شەڕەکانیان کردبوو بەڵام نابێت لەم ڕاستیيانە بێئاگابین:

١-موسڵمانان دژی دوو دەوڵەتی گەورەی ئەو سەردەمە شەڕیان دەکردو شەڕی ئەم دوو دەوڵەتە وەکو شەڕی ناوخۆی کاتی جاهیلیەتی خۆیان نەبوو، لەوەزعێکی وەهاشدا تەماعی دەستکەوتی ماددی کەمترە مەگەر لە هەندێ قۆناغدا کە شەڕەکە ئاسانتر بووە، ئەمە شەڕە یەکەمەکان، بەتایبەتی دژی ساسانییەکان ناگرێتەوە کە زۆر سەخت بوون.

٢-سەرکردەی لەشکرەکان بەزۆری صەحابی بوون و ئەمانە بەحوکمی پەروەردە ئیسلامییەکەی لەسەر دەستی پێغەمبەر ﷺ وەریانگرتبوو خواناستر بوون و ڕێگەیان بەکاری ناڕەوا نەدەدا.

٣-دەستکەوتەکان دەکرانە پێنج بەش کە چوار بەشیان بەسەر شەڕکەرەکان دابەش دەکران، واتە بەشە گەورەکەیان بەردەکەوت. ڕەخنەگران یەك لای مەسەلەکە دەبینن و دەڵێن ئەوەتا ئەمانە بۆ دەستکەوت هاتبوون بەڵام ئەمە بەراورد ناکەن لەگەڵ لەشکری دەوڵەتانی مێژوو کە بەزۆری سەربازەکان بەزۆرەملێ و بەمووچەیەك ڕاپێچی شەڕ دەکران.

---

[1] بەڵگەی باش هەن لەسەر ئەوەی ئایینی زەردەشت ئایینێکی ئاسمانییەو دواتر دەستکاری کراوەو (شرك)ی تێکەوتووە، بواریش نییە لێرەدا لەسەر ئەمە بڕۆم. ئەوانەش بۆ ئایینی زەردەشت دەگرین نە پوختیی ئایینەکەیان مەبەستەو نەڕێنماییە ئەخلاقییەکانی بەڵکو زۆربەیان هیچ نازانن غەیری ئەو قسەیەی دەڵێت زەردەشت پێغەمبەری کورد بووە کە ئەمە قسەی سەرجادەیە چونکە نە وڵات و ڕەچەڵەکی زەردەشت تا ئێستا ساغ بۆتەوەو نە کوردیش لەو سەردەمەدا وەکو کورد پەیدابیوو و تەنها دەتوانین بڵێین میللەتانی ئەوسا بناغەیەکی کوردبوون و کورد لەمان و لە میللەتانی تر دروستببوو ئەویش لە سەردەمێکی دیاریکراو کە بەئەکیدی سەردەمی زەردەشت نەبووە.پاشان تێکەڵکردنی ئایینی زەردەشت بە ناسیۆنالیزم شێواندنی پەیامەکەیەتی،ئەو پەیامەی ئەمان هیچی لەبارەوە نازانن.

[2] **D.D.Luckenbill, Ancient Records of Babylonia and Assyria, vol.1, 1926, S 450.**

بڕوانە هەروەها کتێبەکەمان: لێکۆڵینەوەی فیکری وسیاسی (٢٠٠٠)، ل ٩٤. سەبارەت بەو دوو لەشکرکەشییەی ئاشورناصرپالیش بڕوانە کتێبەکەی ترمان: مێژووی گەلی لوللو (١٩٩٨)، ل ٣٥ بەدواوە. ئەگەر هیچیش نەخوێنینەوە تەنها مێژووی کۆنی کوردستان نەبێت جیاوازییە گەورەکەی فتووحاتی ئیسلامی لەگەڵ فتووحاتی دەوڵەتانی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت.

[3] **Ibid., S 455.**

[4] محمد امین زکی، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان، ل ١٢٠. هەروەها دائرة المعارف الاسلامیة، ج١٣، ل٤٢٠. ئەمین زەکی چاپێکی تری بەکارهێناوە.

[5] ر. پارکنسن، موسوعة الحرب الحدیثة، ج٢، ل ٥٧٥.

دەمێنێتەوە نموونە لەسەر دەستپاکیی موسڵمانان بهێنینەوە تا ئەو گیانە بناسین کەئەو خەڵکەی جووڵاندبوو و دۆری قسە ساکارەکەی دەڵێت: (ئەمان بەتەماعی تالانی شەڕیان کردبوو) ئاشکرا بکرێت. وەکو وتیشمان کەسانێك هەر هەبوون بەو مەبەستە چوونەتە ڕیزی سوپاکە، هەرکاتێکیش مەلائیکەت بەتەنیاو بێ مرۆڤ شەڕیان کرد ئینجا با باس لەمەبەستی دوور لەنیازی سوودو دەستکەوتی ماددی بکەین.

(تەبەری) لەمێژووەکەیدا لە زمانی جابر کوڕی عەبدوڵڵای صەحابی دەگێڕێتەوە کەجابر سوێند دەخوات و دەڵێت کەسمان نەدەناسی و نەدەزانی لەوانەی لە لەشکری (قادسییە) بەشدارییان کردووە کە لەگەڵ ئاخیرەتدا دنیای مەبەست بێت، ئێمە گومانمان لەسێ کەس کردبوو کەچی وەکو ئەمانەت و زوهدی ئەوانمان نەدی، ئەو سێ کەسەش (طولەیحە کوڕی خوەیلد)و (عەمر کوڕی مەعدیەکروب)و (قەیس کوڕی ئەلمەکشووح)[1].

(سەعد کوڕی ئەبو وەققاص)یش شایەتی بۆ دەستپاکیی سوپاکە دەدات و دەڵێت ئەگەر بەشداربووانی شەڕی (بەدر) ئەو فەزڵەیان نەبوایە[2] دەموت لەوانەی شەڕی بەدر ژمارەیەك خەتای بچووکم بینیبوو کە بڕواناکەم و نەمبیستووە ئەم لەشکرە کردبێتی[3].

عومەر خۆیشی شایەتیی بۆ داون. کاتێك شمشێرو جلوبەرگ ... ی کیسرایان بۆ هێناو کەزۆر گرانبەهابوون وتی ئەوانەی ئەمەیان تەسلیم کرد دەستپاکن. عەلیش پێی وت: تۆ دەست پاك بووی لەبەرئەوەش ڕەعیەت دەست پاك بوو[4].

لەکاتی فتووحاتی شام و شەڕ دژی بیزەنتییەکان ئەمان هێزێکی گەورەیان هێنا. ئەبوعوبەیدە زانی دەرەقەتی ئەو لەشکرە نادەن بۆیە نامەی نارد بۆ هەموو ئەو والییانەی لە شارەکاندا دانابوون کە ئەو جزیەو خەراجەی لەخەڵکەکە وەرگیرابوون بگەڕیننەوە بۆیان وپێیان بڵێن کە موسڵمانان ناتوانن دیفاعیان لێبکەن. خەڵکی ئەو شارانەش (کە نەصرانی بوون) بەموسڵمانانیان وت: خودا جارێکیتر بتانگەڕێنێتەوەو سەرتان بخات چونکە ئەگەر ڕۆمەکان لەجیاتی ئێوە بوونایە هیچیان بۆ نەدەگەڕانینەوەو چیمان بۆ دمایەوە دەیانبردو هیچیان بۆ نەدەهێشتین. پاشان کەموسڵمانەکان سەرکەوتن و گەڕانەوە شارەکان خەڵکەکە دەهاتن ئەو جزیەو خەراجەیان دەهێنایەوە کەموسڵمانەکان بۆیان گەڕاندنەوە، ئەبوعوبەیدەش هەمان مەرجە کۆنەکانی دەهێشتەوە. تەنانەت ئەو شارانەش کە پێشتر لەگەڵ موسڵمانەکاندا پەیمانیان نەبوو و ئەمجارە پاش شکستی ڕۆمەکان داوای صوڵحیان کرد ئەبوعوبەیدە هەمان مەرجی ئەو شارانەی لەسەر دانان کە زووتر صوڵحیان لەسەر کردبوو، لەوەش زیاتر ئەو شارانەی تازە داوای صوڵحیان کردبوو مەرجی ئەوەیان هەبوو موسڵمانان ڕێگە بدەن بەو ڕۆمانەی بۆ شەڕ هاتبوون و کە لەو شارانەدا مابوونەوە بەکەلوپەل و پارەو کەسوکاریانەوە بەرەو وڵاتی ڕۆم بگەڕێنەوە، ئەبو عوبەیدەش بەم مەرجە ڕازی بوو[5].

وەکو وتم نموونەکانی تۆڵەسەندن لەشارە یاخیبووەکان زۆر کەم بوون لەکاتی فتووحاتداو بەزۆری شارەکە دەگەڕایەوە ژێر هەمان مەرجە کۆنەکان، لەکاتێکدا شارە یاخیبووەکان لەسەردەمی هەموو دەوڵەتانی تردا دووچاری سزای سەخت دەبوون. جگە لەمەش غەدریان لەکەس نەدەکرد. ئەمەش بەکورتی بەسەرهاتی (ئەبوعوبەید کوڕی مەسعوود)ە لەگەڵ جابان (گابان)داو دواتر بزانین کاك شوان عوسمانی خاوەن ماستەرنامەکە چۆنی باس دەکات:

(تەبەری) لەڕیوایەتێکدا دەگێڕێتەوە کە ڕوستەم، سەرکردەی سوپای ساسانییەکان، خەڵکی (سەواد)ی هان دا بۆ ئەوەی دژی موسڵمانەکان بوەستن و وتی سەرۆکی ئێوە ئەو کەسەیە یەکەمین کەس بێت ڕاپەڕێت، جابانیش یەکەم کەس بوو و دوای ئەو کەسانیتر ئەمەیان کرد.

موسڵمانان و لەشکری جابان لە (النمارق)دا پێکا چوون، موسڵمانان سەرکەوتن و جابان بەدیل گیرا. ئەو دوو کەسەی گرتیان بینیان پیاوێکی پیرەو نەیانناسییەوە هەرچەندە خشڵی پێوە بوو. دوانەکە ڕێککەوتن چیی پێیە بۆ یەکێکیان و جابان خۆی بۆئەوەی تریان بێت و شتێك لەبرییەوە وەربگرێت. جابان بەمی وت: ئێوەی عەرەب ئەهلی وەفان لەبەرئەوە چی دەڵێیت دوو کوڕی

---

[1] تاریخ الطبری ٤/ ل ٢١٠.تەبەری باسی ئەمە لەدەستکەوتەکانی (مەدائین) – پایتەختی ساسانییەکان – دەکات ئەمەش دوای شەڕی قادسییە بوو، تەبەری دەڵێت: (أهل القادسية) بۆیەش ئێمە بە (لەشکری قادسیە)مان داناو دیارە مەبەست نەك تەنها لەشەڕی قادسییە بەتەنیا بەڵکو مەبەستی ئەمیان و شەڕەکانی دواتریش هەروا.

تێبینییەك لەبارەی مێژووی تەبەرییەوە: تەبەری ڕووداوەکانی کۆکردۆتەوە بێ گوێدان بە دوورخستنەوەی ڕیوایەتی (ضَعیف) و (مَوضوع– هەڵبەستراو) ، کە شتێکە لە زانستی فەرموودە پەیڕەو دەکرێت و تەبەری بۆخۆی دان بەوەدا دەنێت بۆیە بەکارهێنانی کتێبەکەی بێ تەحقیقێك کە بە پێی بنەماکانی زانستی فەرموودە کرابێت مرۆڤ تووشی هەڵە دەکات. منیش ناچار بووم ڕیوایەتەکانی تەبەری وەکوخۆیان وەربگرم. ماوەیەکیش بوو دوو پسپۆڕ، یەکێکیان عەرەب و ئەوەی تر کورد، خەریکی تەحقیقی کتێبەکە بوون بۆ جیاکردنەوەی (صحیح) لە (ضعیف) و ڕەنگە ئێستا بەرهەمەکەیان بڵاوکرابێتەوە.

[2] فەزڵ و پایەی بەشداربووانی شەڕی (بەدر) لای خودا زۆر گەورەیەو بۆتە نموونە.

[3] مێژووی تەبەری، ج٤، ل٢١٠.

[4] مێژووی تەبەری، ج٤، ل٢١٠.

[5] أبو یوسف، کتاب الخراج، ل١٥.

كۆستەی سووكەڵە لەئیشوكار و وا وان بدەمە تۆ بەمەرجێك ئەمینم بكەی. كابرا (مطر كوڕی فضة) ڕازی بوو جابانیش پێی وت: بمبەرە لای پادشاكەتان تا ئەویش ئاگادار بێت ئەویش بردیە لای ئەبو عوبەید و ئەم ڕێكەوتنە جێبەجێكرا. دواتر خەڵكەكە ناسیبانەوەو وتیان ئەمە جابانی پادشایەو لەشكرەكە لەژێر سەركردایەتیی ئەو بوو. ئەبوعوبەیدیش وتی: ئەی عەشیرەتی (ڕەبیعە) چاوەڕێی چی دەكەن؟ پیاوەكەتان ئەمانی پێ دەدات و منیش بیكوژم؟ پەنا بەخودا دەگرم شتی وا بكەم [1].

لەڕوایەتێكی تریشدا ئەبوعوبەید دەڵێت: من لەخودا دەترسم بیكوژم لەكاتێكدا موسڵمانێك ئەمینی كرد، موسڵمانان لەیەكتر خۆشویستن و پشتیوانی یەكتردا وەكو یەك لەش وان، ئەوەشی ئەركە لەسەر هەندێكیان ئەركە لەسەر هەموویان، ئەوانیش پێیان وت: ئەمە پادشایەكە، ئەبوعوبەیدیش وتی: با پادشاكە بێت، من غەدری لێناكەم، ئینجا وازی لێهێنا [2].

ئینجا بزانن كاكە شوان چی دەڵێت.. ئەمە قسەی شوانە:

ئەم پرۆسەیە سەری گرت (واتە: كارەكەی ڕوستەم) و بەر لەهەموویان دەهقانی ناوچەی (بادكلی – بادگلی) ڕاپەڕینی ئەنجام داو ئەو دەهقانە ناوی (جابان، گابان) بوو لەدژی لەشكری عەرەبە موسڵمانەكان. ئەم فەرمانەدیە چەندین شەڕی خوێناوی گەورەی لەدژی عەرەبە موسڵمانەكان ئەنجام داو تەنانەت لەیەكێ لەشەڕەكان دا بەدیل گیرا، بەڵام بەهۆی زیرەكی و لێهاتوویی خۆی توانی ڕزگاری بێت و دووبارە جاری شەڕی عەرەبە موسڵمانەكانی دایەوە (ل ١٤٧).

ئیتر دەبێت خوێنەری كورد چۆن وێنەیەك لەبارەی ڕووداوەكانەوە دەستكەوێت ئەگەر ئەمە نووسەرەكانی بن؟ شوان شتی تر لەم جۆرە دەكات وەكو باسی ئەوانەی باوەڕیان بە ئاینەكە هێنابوو و ببوونە سەربازی دڵسۆزی وەك (الحمراء) –كە دواتر بەسەرهاتی ئەمان باس دەكەم – و(سیاه)و كۆمەڵەكەی كە ئەمە باسەكەیانە لە كتێبە مێژووییە ئیسلامییەكانداو دواتر لای شوان.

سیاه لەگەڵ حەفتا لە گەورەپیاوانی فارسدا بوو (ئیبنو كەثیر دەڵێت: گەورەی سێ سەد لەو پیاوە گەورانە بوو كە هاوڕێی نزیكی یەزدیگورد بوون). پاش ژمارەیەك شكست سیاه بە هاوڕێكانی دەڵێت: ئەوە دەزانن كە ئێمە دەمانوت ئەو قەومە داماو و كەساسە ئەم وڵاتە دەگرن (...) ئەوەشیان گرت كە دەیبینن. لەشكریش نییە نەیبەزێنن و قەڵا نییە نەیگرن (لای ئیبنوكەثیر:سیاه دەڵێت بەخوا ئەمە بەرهەمی ناهەق نییە) لەبەر ئەوە بڕیارێك بۆ خۆتان بدەن. هاوڕێكانیشی دەڵێن: قسەی تۆ قسەی ئێمەیە (...) ئەمانەش بوونە موسڵمان و لە گەمارۆی توستەر لە لەشكری موسڵماناندا بوون . یەكێكیش لەو گورزانەی وەشاندیان كاتی گەمارۆدانی قەڵایەك بوو. یەكێك لەوان(ئیبنولەثیر دەڵێت سیاه خۆی بوو) جلی خۆی خوێناویی كردو خۆی فڕێدایە لای دەرگای قەڵاكە، ئەوانیش وا دەزانن لە خۆیانە بۆیە دەیبەنە ناوە. ئەو پەلاماریان دەدات ئەوانیش هەڵدێن ، ئەویش قەڵاكە دەگرێت. سیاه و كۆمەڵەكەی وا لای ئیبنولەثیر باسكراون كەچی شوان (ل ١٧٧ پ) دەڵێت: ابن الاثیر دەڵێت سیاه برای هورموزیان بووەو دوژمنی سەرسەختی عەرەبە موسڵمانەكان بوو [3] !! جگەلەوەی ئیبنولەثیر بەو شێوەیەی سەرەوە باسی سیاه دەكات ئەو ناوی شەهرەیار دەهێنێت كە برای هورموزانە و ناڵێت سیاه برای بووە [4] !

* * * * * *

نامەكەی شوان و هەموو كارە هاوچەشنەكان دیفاعن لە ستەمكارییەكانی هەردوو دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی بەڵام بە ئاوازێكی كوردایەتی و بە جۆرە گۆرانییەكی نەشازمان بۆ دەڵێن.

هەر میللەتێكیش لەو شەڕانەدا بەشداربووبێت دەورەكەی بریتی بووە لەبەرگری كردن لەدەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی.ئەوەش ڕاستییەكی زانراوە كە نەصرانییەكانی ڕۆژهەلات زۆر لەگەڵ بیزەنتییەكان ناكۆك بوون و لەبەر جیاوازیی مەزهەب دەچەوسێنرانەوەو تەنانەت خۆشحاڵ بوون بەهاتنی موسڵمان تا لەدەستی بیزەنتییەكان ڕزگاریان بكەن بۆیە دەبینین یاخیبوونی شارەكان لەو ناوچەیەدا كەمترە.دواتریش شایەتیی ڕۆژهەلاتناسان دەخەینەڕوو.

سەبارەت بە دەوڵەتی ساسانیش و ئەو چەوساندنەوەیەی گەلانی ئێران و غەیری ئێران بەدەستیەوە دەیانچەشت، ئیسلام گۆڕانكارییەكی باشی بۆ گەلانی ئێران بە فارسەكانەوە هێنا. سەرەتا ئەو ڕێسا كۆمەلایەتییانە هەبوون كە كۆمەڵگەیان بۆ چەند چینێكی بەرزو نزم دابەش كردبوو. ڕۆژهەلاتناسێكی وەكو(كریستنسن) خەفەتی بۆ ئەوە خواردووە كە چینی باڵا بەرەبەرە لەناو چینەكانی تری گەلدا فەوتاو ئەو تایبەتمەندییانەی ئەشرافی جیادەكردەوە ونكران و ئەو ((دیموكراسی)) یەی ئیسلام دووچاری گەلی ئێرانی كرد یەكێك بوو لە هۆكارەكانی دابەزینی ئەو گەلە [5]. ئاینەكەش بۆ خۆی لە قەیراندا بوو چونكە وەك ناوبراو دەڵێت

---

[1] مێژووی تەبەری، ج٤، ل٩١.
[2] سەرچاوەی سەرەوە.
[3] شوان دەنووسێت: الكامل فی التاریخ، ج٢، ل ١٦٦(چاپی لای خۆم: ل ٣٨٧)
[4] چاپی لای خۆم، ل٣٨٦
[5] كریستنسن، ایران فی عهد الساسانیین، ل١٩٣-١٩٤. مەبەستی ئەویش لە دیموكراسی واتە فراوانەكەیە ئەویش كە عەوامی خەڵك دەورێكی گەورە ببینن ، ئەمەش لەبەرامبەری دەسەڵات و باڵادەستیی چینی ئەشراف.

پیاوانی ئاین لە دابەزیندا بوون و ئەمە رووی کردە ئەخلاق و عەقیدەو پەرستنیش هەرچەندە ئەمان هەوڵی تازەکردنەوەی ئاینەکەیان دابوو[1] .

دەوڵەتی ساسانی لە کۆتاییەکانیدا لە وەزعێکی خراپدا بوو. لەنێوان کیسرای دووەم ودوایین پادشای ساسانیی وڵاتەکە ماوەی چوار ساڵی پشێویو پڕ ئاژاوەی بینی کە تێیدا بەلای کەمەوە دە پادشا حوکمیان کرد. کیسرای دووەم نموونەی چاوچنۆکی بوو . ئەو پادشایە هەموو رێگەیەکی گرتەبەر بۆ کۆکردنەوەی پارە لە رەعیەتەکەی و زۆربەی ئەو سامانەشی لە خەزنەکانی خۆیدا کۆیدەکرنەوەو بۆ ئارەزووەکان خۆی بەکاری دەهێنان. کریستنسن نموونە لەسەر ئەمە دەهێنێتەوە ئەویش کە دوای ساڵی سیانزەمی حوکمیدا هەشت سەد ملیۆن مسقاڵ درهەم (رەنگە بکاتە هەشت سەد ملیۆن درهەم) لە خەزنەکاندا بوون و لە ساڵی سییەمیداو سەرەڕای شەڕوشۆڕ و مەسرەفەکانی خەزنەکان ١٦٠٠ ملیۆن مسقاڵ درهەمیان تێدا بوو ئەمەش جگە لە دەستکەوتەکانی شەڕ[2] .

بەڵام وەك کریستنسن دەڵێت ئەم سامانەی ناو خەزنەکان بە تەواوی ئەو زوڵمەی لە خەڵك دەکرا پیشان نادات چونکە پێویستە ئەو پارە هەرە زۆرانەشی بخەینە پاڵ کە پادشا بۆ ئارەزووەکانیو بۆ دەربارەکەی سەرفی دەکردن[3] . ئەم راوڕووتەو ئەو ئاژاوەیەی دوایی وێنەیەکمان بۆ دەکێشن زۆر جیاوازە لەو وێنەی ئەو کەسانە دروستی دەکەن کە حوکمێکی ئامادەیان لەسەر ئیسلام و فتووحات هەیەو خوێنەری داماو وا تێ دەگەیەنن عەرەبەکان بەهەشتی سەر زەوییان لە خەڵکی ئەو ناوچانە تێك دا. بۆیە سەیر نییە تەبەری لەبارەی سەوادەوە بەتایبەت دەڵێت کەس نەما لە ئەهلی سەواد لە رۆژئاوای دیجلەوە تا خاکی عەرەب دڵی بە فەرمانڕەوایی ئیسلام خۆش نەبێت[4] .سەبارەت بە دوایین پادشای ساسانیش تەنها لە مەدائینی پایتەختدا سێ هەزار ملیۆن دینار (کە دەکاتە نزیکەی ٣٦ ملیار درهەم) لە خەزنەکانی یەزدیگورددا هەبوون کە بۆی کرا تەنها نزیکەی نیوەی ڕزگار بکات. ئەمە جگە لە کەلوپەلی زۆر کە نازانرێت بەهایان چەند زۆرە[5] .

ئینجا ئەمەی کیسرای دووەم و یەزدیگورد لەگەڵ ڕوانینی خەلیفەی موسڵمانان بۆ هەر تاکێکی سەربازەکانی بەراورد بکە لەمەشەوە مەبەستی کریستنسن لە ((دیموکراسی)) تێ دەگەی بەڵام بێ ئەوەی پاساو بۆ داخەکەی بهێنێتەوە.

عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە نامەیەکیدا بۆ سەرکردەیەکی خۆی ؛ (النُعْمان کوڕی مُقرِّن) پیش شەڕی نەهاوەند دەڵێت: یەك موسڵمان لای من بەنرخترە لەسەد هەزار دینار[6] . تا بۆشی ڕوون نەبووەوە مانەوەی پادشای ساسانی شەڕەکە درێژخایەن دەکات فەرمانی نەدا موسڵمانان بچنە ناو وڵاتی فارسو شوێنەکانیتر.خەمی ژیانی موسڵمانان وای لە عومەر کردبوو فەرمان دەربکات هیچ سەرکردەیەك سەربازەکان نەباتە دەریا تەنانەت یەکێك لە سەرکردەکان بە دزیی عومەرەوە لەکەنداوەوە پەلاماری فارسی دا.

نموونەیەکی تر لەسەر نرخی کەسی موسڵمان لای سەرکردەکەی ڕووداوی شکاتی هەندێك موسڵمان لە(سەعد)ی سەرکردەی سوپایان. ژمارەیەك کەس لەوکاتەدا شکاتیان لێکرد کە ساسانییەکان هێزیان لەهەموو شوێنێکەوە بۆ نەهاوەند هێنابوو و موسڵمانانیان تووشی مەترسییەکی گەورە کردبوو. لەم کاتە ناسکەدا ئەمانە شکاتیان کرد، عومەریش پێی وتن بەڵگەی بەدکاریتان ئەوەیە لەم کاتە پڕ مەترسییەدا ئەمە دەکەن بەڵام ئەم وەزعە ڕێم لێ ناگرێت لەم شکاتە بکۆڵمەوە. دواتریش کە دەرکەوت شتەکە ڕاست نییە سەعد ویستی تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە بەڵام ئەمەی نەکرد نەوەکو خەڵك لەمەودوا نەوێرن شکات لەئەمیرەکانیان بکەن[7].

نموونەیەکی تریش کاتی گەمارۆدانی شاری (جوندەیسابوور) بوو. موسڵمانان پاش ماوەیەك گەمارۆ لەناکاو دەبینن دەرگاکانی شارەکە کرانەوەو خەڵکەکەی دێنە دەرەوەو کە موسڵمانان لێیان پرسین ئەمان پێیان وتن ئێمەتان ئەمین کرد، موسڵمانان وتیان: هیچ شتێکی وا نەبووە. دوایی زانرا کۆیلەیەکی ناو لەشکری ئیسلامیدا لەخۆیەوە ئەمانەکەی بۆ ناردبوون خەڵکی شارەکەش بەموسڵمانەکانیان وت: ئێمە نازانین کێتان کۆیلەیەو کێتان ئازادە، ئێمە جزیەمان قبووڵ کردووەو ئەگەر پێتان خۆشە غەدرمان لێبکەن. مەسەلەکە وا مایەوە تا نامەیان بۆ عومەر نارد ئەویش ئەمانەکەی پەسەند کرد[8] . لەڕیوایەتێکیشدا عومەر لەوەڵامەکەیدا پێی وتن موسڵمانان عەهدو پەیمانیان یەکە.

[1] بروانە سەرچاوەی سەرەوە، ل ٤٧٢-٤٧٣.
[2] سەرچاوەی سەرەوە ، ل ٤٣٦-٤٣٧.
[3] سەرچاوەی سەرەوە ، ل ٤٣٧.
[4] مێژووی تەبەری (١٩٣٩)، ج٣، ل ١٣٥.
[5] ابن کثیر، البداية والنهاية ، مجلد ٤، ج٧، ل ٦٦.
[6] سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٠٨.
[7] ابن کثیر، البداية والنهاية ، مجلد٤، ج٧، ل ١٠٦.
[8] ابن الأثير، الكامل في التاريخ، ج٢، ل ٣٨٧-٣٨٨.

وەنەبێ عومەر بایەخی بە ڕەعیەتە ناموسڵمانەکەی نەدابێت. ئـەوەتا کـاتێك (حوذەیفـە کـوڕی ئەلیـەمان) و (عوثمـان کـوڕی حەنیف) مەسحی سەوادی عیراقیان کردو خەراجەکەیان دا بەسەریدا عومەر پێی وتن: ڕەنگە خەراجێکتان داوە بەسەر زەوییەکەدا کە دەرەقەتی نادات؟ ئەوانیش وتیان: نەخێر دەرەقەتی دەدات و هێشتا ئەگەر زیاتریشمان دابنایە هەر دەتوانێ هـەڵیبگرێت[1]. کەسێکی وەك شوانیش لیستی خەراجی وڵاتان دەهێنێتەوە (بێگومان بەهەڵەی زۆرەوە) بۆ ئەوەی دوایی بڵێت خێرو داهاتی کوردستان بۆ خەڵکەکەی نەبووە : ((بۆشمان دەردەکەوێت باپیرانمان چەند ماندوو بوون و بەری ڕەنجیشیان چۆن دیمەشق یان بەغدا لێکێشراوەتەوە)) (ل ٢٧٧)، بەڵام ئایا مەرجە داهاتی زۆر نیشانەی زوڵم بێت؟ زۆریی داهات ئیحتمالی ئەوەشی هەیە ئەمینیو بووژانەوەی ئابووری هەبووبێت. (الواقدی) لە عومەر کوڕی عەبدولعەزیزەوە دەگێڕێتەوە کە خەراجی سەواد کاتی عومەر کوڕی خەتتاب سد ملیۆن درهەم بوو بەڵام لەکاتی حەججاجدا بووە چل ملیۆن درهەم (البلاذري، فتوح البلدان، ل٢٧٠). عومەر نموونەی دادپەروەریی بوو بۆیە خەراج لە کاتی ئەودا زیاتر بوو وەك لە کاتی حەججاج کە نموونەی ستەمکاری بوو و ئاژاوەو شۆڕش لە سەردەمەکەی ئەودا بەرپابوون.(قُدامة) پاش ئەوەی بڕی خەراجی ناوچەکان دەهێنێتەوە دەڵێت پێویستە هەڵسووڕێنەری وڵات سەرەتا لەخواترس بێت و پاشان لێزان و دادپەروەرو دەستپاك بێت تا کاروبارەکان ڕێك بڕۆن و پارەیەکی وا بێتە بەرهەم کە جێگەی سەرسوڕمان بێت[2].

موسڵمانان شتێکیان پێ بوو بۆ گەلان کە دوو دەوڵەتە گەورەکەی ئەو سەردەمە پێچەوانەکەیان دەکرد. تەبەری دەگێڕێتەوە کە لە یەکێك لە دانوستانەکانی پێش شەڕی قادسیە (ئەلموغیرە کوڕی شوعبە) کە چووە لای روستەم لەلای ئەودا دانیشت ئەوانەی دەوروبەری روستەمیش بە زبری دایانگرتە خوارەوە، موغیرەش بە روستەمی وت ئێمە لەناو خۆماندا وەکو یەك واین و باشتر دەبوو پێتان بوتمایە کە ئێوە هەندێکتان خوداوەندی ئەوانەی ترن لەمەشەوە دەزانم دەسەڵاتتان بەرەو پووکانەوە دەچێت، حوکمیش بەم ڕەفتارانە دانامەزرێت.ئینجا کاتێك چینە نزمەکە[3]، کە لەو شوێنەدا بوون، ئەم قسانەو قسەی تری موغیرەیان بیست وتیان کابرای عەرەب ڕاست دەکات دەهقانەکانیش وتیان کابرا شتێکی وت کۆیلەکانمان بەردەوام شەیداین[4].

لە وتووێژێکی تێرداو بەگوێرەی تەبەری کە لەزاری (الرفیل)– کە دەهقانێکی سەواد بوو– دەیگێڕێتەوە کە چۆن پەیامی فاتحەکان بووە هۆی ئەوەی مەیلی بۆ دروست بێت بۆ ئیسلام ، (زوهرە) ، نوێنەری موسڵمانەکان، شتەکان بە روستەم دەڵێت: شایەتمانیو نەهێشتنی ئەوەی خەڵك خەڵك بپەرستن بەڵکو تەنها خودا بپەرستن، خەڵکەکەش کوڕانی ئادەم و حەووان و لە دایك و براوە بران. روستەمیش لێی دەپرسێت: ئەگەر من وقەومەکەم بەمە ڕازی بووین ئێوە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان؟ ئەویش دەڵێت : بەڵیو هەرگیز توخنی وڵاتەکەتان ناکەوین بۆ بازرگانی یان پێویستییەك نەبێت. روستەم وەڵامی دەداتەوە: ڕاستیت پێ وتم، خەڵکی فارس لە کاتی ئەردەشێرەوە ڕێگەیان نەدەدا کەس لە چینە نزمەکە واز لە کارەکەی خۆی بهێنێت و دەیانوت ئەگەر وا بکەن سنوور دەبەزێنن و دوژمنایەتیی ئەشرافەکانیان دەکەن. زوهرەش پێی دەڵێت: ئێمە باشترین کەسین بۆ خەڵکی بۆیە ناتوانین بەو شێوەیە بین؛ ئێمە گوێڕایەڵیی خودا دەکەین ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە پێمان بڵێن گوێڕایەڵیی بکەین ،کەسێکیش سەرپێچی لە فەرمانەکانی خودا بکات بەلامانەوە گرنگ نییە کێیەو کێ نییە(...) پاشان (الرفیل) دەڵێت کە روستەم رۆشت لامدایە لای زوهرەو لەوەوە موسڵمان بووم[5].

لەبەرەی ڕۆمیشدا خەڵك هەبوون دەبوونە موسڵمان، یەکێك لەوانە بە (جرجە) ناوبراوە (ڕەنگە ناوەکەی جۆرجیۆ بێت). ئەمە یەکێك بوو لە فەرماندە گەورەکانی ڕۆم لە شەڕی یەرمووکدا . ناوبراو لە ڕیزەکە دەچێتە دەرو بانگی خالد کوڕی ئەلوەلید دەکات و ژمارەیەك پرسیاری لێ دەکات و داوای لێ دەکات بەڕاستی وەڵامی بداتەوەو زۆری پرسیارەکانی لەبارەی ئیسلامەوە بوون، پاش بیستنی وەڵامەکان داوای لێ دەکات ئیسلامی فێر بکات و لەگەڵیدا دەڕوات. فەرماندەکە فریای تەنها دوو ڕکعە نوێژ دەکەوێت و لەو ڕۆژەدا لەناو لەشکری موسڵماناندا دەجەنگێت و هەر لەو ڕۆژەدا زامدار دەبێت و گیان لەدەست دەدات[6].

* * * * * * *

لەبارەی کورد وەکو نەتەوەیەك شتێکی زیاد دەبێت باس لە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە کاتی فتووحاتدا بکرێت چونکە ئەمە شتێکە هەموو کەسێك دەیزانێت. هەروەها بۆ هەموو کەسێك ڕوونە کە کوردی ناو لەشکری دوو دەوڵەتەکە شەڕێکی دەکرد هیچ قازانجێکی سیاسیی لێ نەدەکەوتەوە، بگرە بەشدارکردنی کورد ومیللەتانی تر بە میللەتانی باڵادەستیشەوە لە شەڕدا

---

[1] بڕوانە: د. توفیق الیوزبکی، دراسات في النظم..، ط ١، ل ١٣٠.

[2] قدامة بن جعفر، الخراج و صناعة الكتابة، ل ١٨٤.

[3] وشەکە لێرەداو لە بەسەرهاتەکەی تردا (سِفْلة)یە کە واتای نزم و هەرچی وپەرچی دەدات.

[4] تەبەری (١٩٣٩)، ج٣، ل ٣٦.

[5] سەرچاوەی سەرەوە، ل ٣٢–٣٣.

[6] بۆ تەواوی باسەکەو ئەو پرسیارانەی لە خالدی کرد بڕوانە: البدایةوالنهایة، بەرگی٤، ج٧، ل ١٢–١٣.ئیبنوکەثیر چەند لاپەڕیەك پێشتر ناوی (جرجە)یەك دەبات کە خەڵکی ئەرمینیایەو سەرکردەی ١٢هەزار کەس بوو(ل٥).

کارێکی زۆرەملیٚ بووە، شکۆمەندیی کوردیش لەو شەڕانەدا وەکو شکۆمەندیی کوردەکانی ناو سوپای عیراقی یان ئێرانییە لە شەڕی عیراق – ئێران سالانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ کاتێك کورد بە زۆرە ملیٚ بۆ بەرەکانی جەنگ دەبران. دیارە ئەوانەی وەکو شوان دیانەوێت وای پیشان بدەن کورد شەڕێکی نەتەوەیی کردووە بیٚ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن ئەوەیان لە خوێنەری کورد دەوێت بۆ هەرەسی دەوڵەتی فارسیی ساسانیی و تێکشکانی دەوڵەتی بیزەنتی بگری. کەسێکیش ئەوەی لێمان دەوێت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو کەسەی دەیەویٚ بۆ شکانی سوپای عیراق یان ئێران لە بەرەیەکی شەڕی ١٩٨٠–١٩٨٨ بگرین. ئەمەش گاڵتەجاڕییەکە بە مێژووی ئێران و بیزەنتە دەکرێت ئەگەر بەشداربوونی کورد لە شەڕی دژ بە فاتحە موسڵمانەکان بە کارێکی کوردایەتی بزانین.

ئەوانەی وەکو شوان شت دەنووسن بەردەوام دەڵێن کوردستان بۆتە قوربانییەکی شەڕی نێوان دەوڵەتانی دەوروبەری‌و دەڵێن کورد لەو ململانێیانە هیچی پیٚ نەبراوە کەچی کە باس دێتە سەر فتووحات کورد دەکەنە خاوەنی قەزیەی دوو دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی. هۆی ئەوەش دیارە : بڕیارێکی ئامادە هەیە بۆ ڕەفزکردنی هەر شتێك بۆنی ئیسلامی لیٚ بێت هەتا ئەگەر ئەو ڕەفزە دژ بە ڕاستیی مێژوویی بێت.

شایەتەکان دەدوێن

وەکو تەواوکەرەوەیەکی باسەکەش چاکترە شایەتیی ژمارەیەك نووسەرو بیرکەرەوەو ڕۆژهەڵاتناس لەسەر فتووحات و لەسەر چاوپۆشینی موسڵمانان * بهێنینەوە هەرچەندە ئەوە بە خوێنەر دەڵێم کە ئەگەر شارەزای مێژووی فتووحات لەلایەك و مێژووی شەڕانی دەوڵەتانی تر لەلایەکی تر بێت پێویستی بە شایەتیی ڕۆژئاواییەکان نییە چونکە بۆ خۆی دەگاتە ڕاستییەکان. ئەو شایەتییانەی ڕۆژهەڵاتناسانیش لەڕاستیدا لەو دوو جۆرە زانیارییەوە سەرچاوەیان گرتووە. گرنگیی شایەتیی ئەو کەسانەش لەوەدایە تۆ چاوەڕیٚ دەکەی ئەمانە بە هۆی خەلفیەتی تایبەتی ڕۆژئاواییانەوە ڕاستیی تەواو نەڵێن یان شتەکان بە پێوانەی شارستانیەتی خۆیان لێکبدەنەوە بەڵام کە دەبینی شایەتیەکی تا ڕادەیەك بە ئینساف دەدەن بیر لەوە ناکەیتەوە ئەمانە سۆزیان بەسەریاندا زاڵ بووبێت. لەبەر ئەوە شایەتیی ئەوانە وەردەگیرێت نەك هی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی ڕای پێچەوانەیان هەیە.

١– (ڤیلهاوزن) سەرەڕای هەندیٚ بیروبۆچوونی دان بەوەدا دەنێت موسڵمانان بەرامبەر فارسەکان و لە مەسەلەی ئاییندا توند نەبوون و باسی دەکات ئەو فارسانەی بوونە موسڵمان چۆن دڵسۆزییەکیان بۆ ئیسلام نواند [١] .

٢– دۆزی Dozy دەڵێت کە چاوپۆشیی موسڵمانان و ڕەفتارەکەیان لەگەڵ ئەهلی زیممە وای کرد ئەمانە لەدەوری ئیسلامدا کۆببنەوە [٢] .

٣–مەوسووعەیەکی مێژووییش باس لە جوولەکە دەکات کە لەلایەن فەرمانڕەوا نەصرانییەکان دەچەوسێنرانەوەو لەبەر ئەوە زۆر لەو جوولەکانە پێشوازیی باشیان لە فاتحە عەرەبەکان کرد کە چاوپۆشینێکی گەورەتریان لەگەڵ خۆیاندا هێناو لە ڕۆژهەلاتی نزیك و ئیسپانیاو باکووری ئەفەریقیاو بە تایبەتی لە قاهیرە جالییەکانی جوولەکە گەشەیان سەند. لەژێر حوکمی ئیسلامیشدا جوولەکەو ئایینە موعتەبەرەکانی تریش ئاسایش و پاراستن لە دوژمنەکانیان و ئازادیی پەرستنیان بەخۆوە بینی‌و بەشێکی گەورەی بڕیاردان لەسەر کاروبارە تایبەتیەکانی خۆیان هاتە دەست[٣] .

٤– تەنانەت ئەوانەش کە نایانەوێت بەتەواوەتی دان بە چاوپۆشینی فاتحە موسڵمانەکان بنێن ناچارن ئەوە بڵێن کە فاتحەکان سەرەتا گوێیان نەدەدایە ئەوەی وڵاتەکان بکەنە موسڵمان. یەکێك لەمانە دەڵێت کە بەموسڵمانکردن وا خێرا ڕووی دا کە دەبوایە خیلافەت بیوەستانایەو نووسەر ئەمە بۆ هۆکارێکی نەتەوەپەرستی دەگەڕێنێتەوە [٤]. بەڵام بێگومان ئەو کەسە نەیتوانیوە بڵێت

---

* وشەی چاوپۆشینم بۆ (تسامح) Toleration بەکارهێناوە.کێشەی چاوپۆشین بەشێکی گەورەی مێژوو و شارستانیی ڕۆژئاوای داگیرکردووەو ڕۆژئاوا شانازی بەوە دەکات کە گەشتۆتە پلەیەکی بەرزی چاوپۆشین بەڵام ئەمە پاش کارەسات و خوێنڕشتنێکی زۆر جگە لەوەی تا ئەمڕۆ زوو زوو نموونەی پێچەوانەی چاوپۆشین دەبینین. ئەمە لە کاتێکدا موسڵمانان هەر لەڕێوە چاوپۆشینیان پیادە کردووە وەك دواتر دەیبینین.

١ ولهاوزن، سقوط الدولة العربية، ل ٣٩١.

٢ بڕوانە ؛ د. توفيق اليوزبكی، دراسات في النظم العربية الاسلامية، ط١، ل١٨٧.

3 Kingfisher History Encyclopedia, p.179.

مەوسووعەکە دەڵێت :بەڵام دەبوایە باجی قورستریان لەچاو موسڵمانان بدایە و بۆیان نەبوو خزمەتی سەربازی بکەن(هەمان لاپەڕە). سەبارەت بە باج بڕوانە کتێبەکانی تر کە باسی باجی کەم دەکەن، سەبارەت بە خزمەتی سەربازیش ئەوە ستەم نەبوو بەڵکو نیعمەتێك بوو بۆ گەلان کە تاکەکانیان بەزۆرە ملیٚ بۆ سەربازی نەبرێن (نووسەری بابەتەکە تەعبیرێك بەکاردەهێنێت کە هەروەها واتای چەکهەڵگرتنیش دەدات).

4 G. Mourgue, Aux Source des Proche-Orient, p.246.

بەموسڵمانکردنەکە بەزۆرەملێ بووەو نموونەی نەهێناوە لەسەر ڕێگەکرتن لەبەردەم موسڵمانبوونی خەڵك (وەرگرتنی جزیەش لەو کەسانەی تازە موسڵمان ببوون لەلایەن هەندێ خەلیفەی ئومەوییەوە تەنها لەبەر هۆکاری دارایی بوو نەك نەتەوەیی‌و هەوڵێکی ئەنقەست نەبوو بۆ دوورخستنەوەیان لە ئیسلام). نووسەرەکە دان بەوەشدا دەنێت کە ئەم بەرەوپێشچوونەی موسڵمانبوون بەوە تەفسیر دەکرێت کە کۆمەڵی ئایینی فیکرەی نەتەوەیی دوورخستەوە [1] .

٥- (فیشەر) لە کتێبەکەیدا لەبارەی ئەوروپای سەدە ناوەڕاستەکان باسێك بۆ ئیسلام تەرخان دەکات و سەرەتا گومان لەوە دەکات کە ئایین یەکەم هۆ بووبێت بۆ ئەنجامدانی فتووحات و بۆ سەرکەوتنەکانی‌و ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ خواستی دەستکەوتی ماددی [2] بەلام ئەوەندەی پێ ناچێت دان بەوەدا دەنێت کە ئایین هێزێکی زاتیی دایە ئەو جووڵەیەی عەرەب و ئەم ئایینە ژیان و بەردەوامیی بەو جووڵەیە بەخشی‌و دواتر باسی ئەو گیانە دەکات کە لەناو عەرەبدا بڵاوبووەوەو بەرزتر بوو لە تەنها ئارەزووی جەنگ و دەستکەوت و دەڵێت ئەو گیانە نەبوایە ئەمان نەیاندەتوانی خەڵکی شام ومیسر و فارس و بەربەرەکان لە حوکمی خۆیان ڕازی بکەن. دان بەوەشدا دەنێت کە لەهەموو کارەکانیاندا سەرکەوتووبوون ئەویش بەهۆی ئەو چاوپۆشییەی لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکان پیادەیان کردبوو [3] .

دوای ئەوش باسی ڕێنماییەکانی ئیسلام دەکات کە وایان لە لەشکرە ئیسلامییەکان کرد تایبەتمەندییەکی باڵاتریان هەبێت لەچاو هەموو لەشکرەکانی تر بەدرێژایی مێژوو [4] .

٦- فەیلەسووفی ناوداری ئەڵمانی (شپێنگلەر) [5] بە شێوەیەکی تر تەماشای فتووحاتی کردووە. بەپێی بۆچوونەکەی ئەو سەبارەت بە ژیارەکان هەر ژیارێك جیایە لەوەی ترو باسی نەفسی یەکەمی ژیارەکان دەکات. ناوبراو باسی نەفسی مەجووسی دەکات کە نەك تەنها زەردەشتیەتی دەگرتەوە بەڵکو هەروەها یەهوودیەت ونەصرانیەتیش کە ئەمانە هەموو بەپاڵ ژیاری عەرەبی(ئیسلامی) لقن لە ژیاری مەجووسی لەکاتێکدا ژیاری کلاسیکی (یۆنانی – ڕۆمایی) بە ژیاری ئەپۆلۆنی ناو دەبات و کە ئەمیان بە ڕۆژهەڵات نامۆ بوو.

شپێنگلەر بەم پێیە ڕای وابوو فتووحاتی ئیسلامی فەتح وداگیرکردن نەبوون بەڵکو ڕزگارکردن و گەڕاندنەوەی ئەو شوێنانە بوون:

((ئازادبوونی ئەم ڕەگەزە بەشەرییە مەجووسییە نموونەی لە مێژوودا نییە، سووریا ساڵی ٦٣٤ فەتح کرا، نەخێر بەڵکو ئازاد کرا ، دیمەشق ساڵی ٦٣٧ کەوت وهەروەها تەیسەفوون [6] ، میسریش ساڵی ٦٤١ گەڕێنرایەوەو لەو ساڵەدا عەرەب گەشتنە هیندستان ، قرتاجە ساڵی٦٤٧ گەڕایەوەو سەمەرقەند ساڵی ٦٧٦ گەڕێنرایەوە ، ئیسپانیاش ساڵی ٧١٠ کەوت ، ساڵی ٧٣٢ ش عەرەب لە دەرگاکانی پاریسیان دا)) (شپێنگلەر ، ج١، ل ٣٨٨).

شپێنگلەر ئیسلام بە میراتگری مەزهەبە نەصرانییەکانی یەعقووبی ونەستووری و ڕێچکەکانی جوولەکەو فارسی دەزانێت و دەڵێت ئیسلام (موسڵمانان/ف) کە کەنیسەی ئەیا صۆفیای کردە مزگەوت (دوای فەتحی قەستەنتینیە ١٤٥٣ی زاینی/ ف) ئەوەی کردی تەنها ئەوە بوو کە ئەوەی موڵکی خۆیان بوو گەڕاندیانەوە (ج١، ل ٣٨٥) و بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە کە بە خەیاڵی هەندێ کەسدا دێت کە فتووحات ((کۆچی گەلان)) لە دورگەی عەرەبەوە بووبێت بەڵکو ئەوانە ئەنجامی ڕامالێنێك بوون ئیماندارە دڵگەرمەکان ئەنجامیان دا، ئەو ڕامالێنەی وەکو هەرەسی بەفر وابوو مەسیحییەکان و جوولەکە و مەزدییەکان (زەردەشتییەکان)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و ئەمانە وەکو موسڵمانی زۆر باوەڕدار چوونە ڕیزەکانی پێشەوە. بەربەرەکان(...) بوون ئیسپانیایان فەتح کردو فارسەکان بوون لە عیراقەوە دەرچوون و گەشتنە ڕوباری ئۆکسوس (جەیحوون)، دوژمنی دوێنێ بووە هاوڕێی جەنگ لە ڕیزەکانی پێشەوە (ج٢، ل ٤٤٦).

لەبارەی چاوپۆشینیشەوە دەڵێت هەرچەندە ئیسلام لە مەیدانی سیاسیدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چاوپۆشیی پیادە دەکرد بەڵام خێرا مەزهەبەکانی ناوچەی یەهوودیەت و مەزدییەت وکەنیسەکانی باشورو ڕۆژهەڵات بە نزیکە تەواوەتی لەناویدا توانەوە(ج٢، ل٣٧٧) . بۆ ئەوەی قسەکەی شپێنگلەریش ڕاستتر بێت پێویستە لەجیاتی وشەی (هەرچەندە) وشەی (بەهۆی) دابنێین.

---

[1] Ibid.

[2] هـ . أ. ل. فیشر، تأریخ اوربا في العصور الوسطی، القسم الاول، ل ٦١. باس نەکردنی مەجووسی‌و شوێنکەوتەی ئاینی تر لەبەر ئەوەیە فیشەر لە کتێبەکەیدا کەمتر بایەخیان پێ دەدات.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٦١-٦٢.

[4] هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.

٥ اسوالد شبنغلر، تدهور الحضارة الغربیة، ت. احمد الشیباني، بیروت.

[6] وەرگێڕی عەرەبی بە هەڵە ناوەکەی بە زیزفون نووسیوە. تەیسەفوون پایتەختی ساسانییەکان بوو لەبەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە.

٧- بیریاری ناوداری فەڕەنسی گوستاف لوبۆن G. Le Bon لە کتێبەکەیدا(شارستانیەتی عەرەب) [1] باسی فتووحات و چاوپۆشینی موسڵمانان دەکات.لێرەدا هەندێ لە وتەکانی دەهێنینەوە.

لوبۆن دەڵێت کە هێز فاکتەر نەبووە لە بڵاوبوونەوە قورئان چونکە فاتحەکان لە خەڵك گەڕان لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە، خۆ ئەگەر هەندێ گەلی نەصرانی بووبێتنە موسڵمان ئەوە بەهۆی ئەوە بووە دادپەروەرییەکیان لەم فاتحانە بینی لە ئاغا کۆنەکانیان نەدیبوو-هەروەها چونکە ئەو ئاسانییەی لە ئیسلام بینیبوویان لە ئایینی تر بەدییان نەکردبوو (لوبۆن، ل١٦٢).

باسی پێغەمبەر یش ﷺ دەکات کە چاوپۆشییەکی زۆر گەورەی لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکان پیادە کردبوو و خەلیفەکانی دوای خۆشی لەسەر هەمان ڕەوت ڕۆشتن(ل ١٦٢، پەراوێز ١)و هەر لەبارەی چاوپۆشینەوە قسەی چەند مێژوونووسێکی ڕۆژئاوایی نەقڵ دەکات (بڕوانە خوارتر). تەئکیدیش لەسەر ڕاستییەکەی سەرەوە دەکات: ((ئیسلام بە شمشێر بڵاونەبۆتەوە بەڵکو تەنها بە بانگەوان)) (ل ١٦٢).

لوبۆن باسی خەلیفە ڕاشیدەکان دەکات کە هەر زوو پەیوەندییان بە خەڵکی ئەسڵیی ناوچەکان کرد کە چەند سەدەیەکی زۆر بوو زوڵمیان لێ دەکراو لەبەر ئەوە ئامادەبوون بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە هەر فاتحێك بکەن باری قورسی ژیانیان لەسەر سووك بکات. خەلیفەکان زانییان چون زۆرەملێ لەگەڵ کەسدا پیادە نەکەن تا ببێتە موسڵمان و ،بەپێچەوانەی ئیدیعای زۆر کەس (مەبەستی هەندێ مێژوونووسی ڕۆژئاواییی دەمارگیر/ ف.)، زانییان چۆن دوورکەونەوە لە کوشتنی ئەو کەسانەی موسڵمان نەدەبوون و لە هەموو شوێنێکدا ڕایانگەیاند کە ڕێز لە بیروباوەڕو نەریتی گەلان دەگرن و تەنها بەوە قایل دەبن جزیەیەکی کەم بەرامبەر پاراستنی ئەو گەلانە وەربگرن ، ئەو جزیەیەیش کەمتر بوو لەو باجانەی بە ئاغا کۆنەکان دەدران (ل ١٦٩-١٧٠).

ئینجا باسی ڕەفتاری عومەر دەکات کە چووە قودس و دەڵێت ڕەفتارەکەی ئەو نەرمی و بەزەییە زۆرە دەسەلمێنێت کە فاتحەکان بەرامبەر میللەتە دۆڕاوەکان دەیاننواندو کە ئەمە تەواو پێچەوانەی ڕەفتاری خاچپەرستەکانە کە چەند سەدەیەك دوای ئەوە هاتنە ناو قودس [2]. عومەر ویستی تەنها کەمێك لە هاوەڵانی لەگەڵیدا بچنە ناو قودس و داوای لە پەتریارك صۆفرونیوس کرد هاوڕێتیی بکات کاتی سەردانی شوێنە پیرۆزەکان (ل ١٧٠-١٧١) .

پاشان دەڵێت والیی میسر (عەمر کوڕی ئەلعاص) لەو کەمتر نەرمیی نەنواند کاتێك ئازادییەکی ئایینیی تەواوی بە میسرییەکان داو تەنها جزیەیەکی ساڵانەی لەسەر دانان کە لە ١٥ فرەنك (فرەنکی فەرەنسیی کاتی لوبۆن/ف.) تێپەڕی نەدەکرد لە جیاتی باجە قورسەکانی قەیسەرەکانی ڕۆم. بۆیە میسرییەکان بە گوێڕایەڵیو سوپاسەوە ئەو مەرجانەیان قبووڵ کردو میسرییەکان فاتحەکانیان خۆشویست. ئەو میسرییانەش کاتی خۆی تاڵاویان بەدەستی فەرمانبەرانی قەیسەرە نەصرانییەکانی قوستەنتینیە دەچەشت بۆیە بە گەرمییەوە ڕوویانکردە دینەکەو ڕوویانکردە فێربوونی زمانی عەرەبی (ل ١٧٠).

لەبارەی شارستانیەتیشەوە دەڵێت فتووحات تایبەتمەندییەکی خۆی هەبوو ئەویش ئەوەیە فاتحەکان خێرا شارستانیەتێکیان هێنایە کایە کە زۆر لە شارستانیەتەکانی پێش خۆی جیاواز بوو (ل ١٧٠-١٧١).

لە سەرووتریشدا باسی واتا فراوانەکەی ((دیموکراسی))مان کرد کە (کریستنسن) بەکاری هێناوە. لوبۆنیش بۆ خۆی ئاماژە بۆ شتێکی وا دەکات کە لە کاتی خەلیفە ڕاشیدەکاندا یەکسانییەکی تەواو هەبوو و حوکمی شەریعەت بۆ هەمووان بوو و دوو نموونە دەهێنێتەوە یەکێکیان لە کاتی عومەرو ئەوەی تر لەکاتی عەلی. ئەمەش بە نیزامی دیموکراتی ناو دەبات و دەڵێت گۆڕان لە نیزامی دیموکراتییەوە بۆ نیزامی پادشایی تەنها وردەوردە ڕووی داو خەلیفەکان لە دواییدا بوونە پادشای موستەبد بەڵام تا ئێستا (واتە تا کاتی لوبۆن – کۆتایی سەدەی نۆزدە) عەرەب (مەبەستی موسڵمانان) بە یەکسانی لەبەردەم شەریعەت ماونەتەوە (ل ١٧٣-١٧٤). بێگومان ئەمە تەواو جیاواز بوو لە نیزامی پادشایی دوو دەوڵەتە گەورەکەی سەردەمی فتووحات و بەتایبەت نیزامی شاهینشاهانەی ساسانییەکان.

٨- وتمان لوبۆن لەبارەی چاوپۆشینەوە شایەتیی چەند مێژوونووسێکی ڕۆژئاوایی (کە بە خاوەن ئینساف وەسفیان دەکات) نەقڵ دەکات :

رۆبرتسۆن لە کتێبی (مێژووی شارلکان): تەنها موسڵمانەکان بوون کە هەردوو شتەکەیان پێکەوە کۆکردبووەوە: غیرەت بۆ ئایین و چاوپۆشی لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تر. هەرچەندیشە شمشێریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان هەڵگرت بەڵام ئازادیی ئەوەیان دا بەو کەسانەی نەیاندەویست ببنە موسڵمان لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە.

---

[1] غوستاف لوبون، حضارة العرب ، ت. عادل زعیتر ،ط٢، ١٩٤٨.

[2] بێگومان هەروەها تەواو پێچەوانەی ڕەفتاری جوولەکە کە دواتر فەڵەستین و قودسیان داگیر کردو تا ئێستا لەبەر چاوی هەموو جیهاندا کوشتاری خۆیان دەکەن و خانووی فەڵەستینییەکان دەڕووخێنن، کە ئەمە هەمان کاری بەعس ، کە نیزامێکی عەلمانییە بەناهەق کەلتووری ئیسلامیی بەکاردەهێنا، دەخاتەوە یادمان.

میشۆد لە کتێبی (مێژووی شەڕانی خاچپەرست): ئەو ئیسلامەی فەرمانی بە جیهاد داوە چاوپۆشی لەگەڵ ئایینەکانە تر پیادە دەکات.

(میشۆ)ی ڕاهب لە کتێبی (گەشتێکی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتدا): جێگەی داخە کەوا گەلە نەصرانییەکان لە موسڵمانانەوە چاوپۆشی کە نیشانەی چاکەکارییە نێوان میللەتان و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی کەسانی ترو بەزۆر فەرزنەکردنی بیروباوەڕ بخوازن (ئەم سێ شایەتییە لە لاپەڕە ١٦٢، پەراوێز).

٩- گی دو بوشێر لە کتێبی (نەشتەرگەریی کردنی کەلاکی ئیستعمار) دەگاتە سەر دیاردەی فراوانیی ئیسلامیو بەپێی ئەو پێوانەیەی بۆ ئیستعماری داناوە دەڵێت ئیسلام نە لەڕووی بناغەوەو نە لەڕووی بونیادەوە ئیستعمار نەبووە. یەکەمیان لەبەر ئەوەی فراوانکاریی ئیسلامی نەیدەویست گەلان ملکەچ بکات و سەرچاوەکانی سامان لە وڵاتە گیراوەکاندا تەنها بۆ فاتحەکان بەکاربهێنێت، بەڵکو دەیویست ئەو گەلانە، پاش ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی بیانهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بێنە سەرئەو ئایینە نوێیە. خەڵکی شام پاش موسڵمانبوونیان لە فەتووحاتدا بەشدار دەکران و بەم جۆرە ئەوانیش دەبوونە فاتح، ئەمەش بوو ئەو شتەی موستەعمری ئەورووپی هەرگیز نەیدەکرد(...). فەتحی ئیسلامی دوو ئامانجی هەبوو ئەویش کە لەیەك کاتدا هەردوو مافی هێزو هێزی ماف زاڵ بن، بەڵام موستەعمری ئەورووپی تەنها مافی هێزی دەهێشتەوە.فاتحی ئیسلامی ژیانێکی نوێی ، بەواتای تەواوی وشەکە، دەخستە بەردەم خەڵکی وڵاتە گیراوەکان و کە لەم ژیانەدا هاوشانی دەبن و لەگەڵیدا یەکسان بن ، لەکاتێکدا موستەعمری مەسیحی کە خەڵکی موستەعمەراتی دەهێنایە ناو ئایینەکەی خۆیەوە یەکسانییەکی شکلیی پێ دەبەخشین کە لە باشترین حاڵەتدا لە ئاستی ڕوحیدا بوو، لە ئاستی دنیاییشدا ئەورووپا هەموو مافەکانی هەبوو و هەر خۆی حەکومڕانیی دەکرد. ئەمە لەڕووی بناغەوە، لەڕووی بونیادیشەوە ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی کە بەرهەمی فەتح بوو تایبەمەندییەکانی ئیستعماری نەبوو چونکە ئەوەندە بەس بوو گەلەکە ببوایە موسڵمان ئیتر بۆی هەبوو بەشداری لە فەتح و بەرهەمەکانی سەرکەوتن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات بکات (دو بوشێر ، ل ١١٨-١١٩) .

١٠- تۆماس ئارنۆڵد لە کتێبی (بانگەواز بۆ ئیسلام) [١] زۆر لەم بارەیەوە دەڵێت چونکە کتێبەکە بۆ باسی چالاکیی بانگەوازو بڵاوکردنەوەی ئیسلام تەرخان کراوە. ئارنۆڵد پاش ئەوەی چەند نموونەیەك لەسەر چاوپۆشی لەگەڵ نەصرانییەکان دەهێنێتەوە دەڵێت: لەم نموونانەی چاوپۆشی کە فاتحە سەرکەوتووەکان لەگەڵ عەرەبە نەصرانییەکان لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا کردیان و لە نەوەکانی دواتر بەردەوام بوو دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم هۆزە مەسیحییانەی بوونە موسوڵمان بە هەڵبژاردن و ئازادیی خۆیان ئەمەیان کردووە (ل ٥١).

لە بارەی جزیەشەوە دەڵێت: مەبەست لەو باجەی خرایە سەر نەصرانییەکان ئەوە نەبووە سزای نەصرانییەکان بدرێت لەبەر ئەوەی نەبوونە موسڵمان ، وەك چۆن هەندێ لێکۆڵەرەوە دەیانەوێ ئەو باوەڕە بکەین ، بەڵکو نەصرانییەکان لەگەڵ باقی ئەهلی زیممە ئەو جزیەیان بەرامبەر بەوە دەدا کە بیاریزرێن. ئارنۆڵد نموونە لەسەر ئەوە دەهێنێتەوە وەك پەیمانی خالید کوڕی ئەلوەلید لەگەڵ هەندێ خەڵکی شارەکانی دەوروبەری (حیرە) کە تیایدا هاتووە: ئەگەر ئێوەمان پاراست جزیەتان لێ وەردەگرین ئەگینا وەریناگرین. هەروەها بەسەرهاتی ئەبو عوبەیدە لەگەڵ خەڵکی شارەکانی شام دەگێڕێتەوەو کە پێشتر باسم کردبوو. پاشان دەڵێت دیارە کە هەر کۆمەڵێکی نەصرانی خزمەتی سەربازیی بکردایە لە جزیەدان دەبەخشرا هەروەکو هۆزی (ئەلجەراجیمە) لە نزیك (ئەنتاکیە) کە پەیمانی دا شەڕ لە پاڵ موسڵماناندا بکات بەو مەرجەی جزیەی لەسەر لابرێت و لە دەستکەوتەکانی شەڕ بەشی بدرێت. پەیمانی واش لەگەڵ هۆزێکی باکووری فارس کرا (ل٥٨-٥٩). نووسەر پاشان نموونەی تر لە سەردەمی عوسمانی دەهێنێتەوە (ل٥٩).

(لە خوارەوەدا هەندی لە نموونەکان هی سەردەمەکانی پاش فتووحاتن بەڵام ئەمانە بەلگەن لەسەر ئەوەی چاوپۆشیی موسلمانان و پیکەوە ژیان لەگەل شوینەکەوتووانی ئایینەکانی تر بووە تەقلیدیك کە ئەساسەکەی دەگەریتەوە بۆ بنەماکانی ئیسلام و بۆ رۆژانی دەسەڵاتی ئیسلامی. فەقیهەکانیش زۆر جار دەگەرینەوە بۆ ئەو کارانەی لەو سەردەمەدا کرابوون).

دەسەلاتی ئیسلامی چاوپۆشیی لەگەل هەموو تایفە نەصرانییەکاندا دەکردو جگە لەوە نەیدەهیشت هیچیان تەعدا لەوەی تر بکات، ئارنۆلد پاش ئەوەی دوو نموونە لەسەر پیلانی تایفەکان دژی یەکتر دەهینیتەوە ــ کە لە یەکیکیاندا بە پلانی ئەسقوفیکی نەستووریو وەك باسکراوە ٧٨٠٠ لە پیاوانی کەنیسەی ئەرتۆدۆکسیو ژمارەیەکی زۆری خەلکی تر لەسەر دەستی فارسەکان کوژران ــ دەلیت موسلمانان ریگەیان بەم شتانە نەدەداو دیارە کە دادپەروەرانە مامەلەیان لەگەل هەموو رەعیەتە نەصرانییەکانیان دەکرد. بۆ نموونە پاش فەتحی میسر یەعقووبییەکان دەیانزانی دەسەلاتی بیزەنتی نەما بۆیە کەنیسەکانیان لە ئەرتۆدۆکسەکان زەوت کرد بەلام پاش ئەوەی ئەمانە بەلگەیان بۆ دەسەلاتی ئیسلامی هینایەوە کە ئەو کەنیسانە هی خۆیانن ئەم دەسەلاتە

[١] ت. و. ارنولد، الدعوة الى الاسلام، بحث في تاريخ نشر الدعوة الاسلامية، ت. حسن ابراهيم حسن و عبدالمجيد عابدين و اسماعيل النحراوي، القاهرة، ١٩٤٧.

کەنیسەکانیان بۆ گەڕاندنەوە (ل٦٥) (بڕوانە کە ئەرتۆدۆکسەکان لەسەر هەمان مەزهەبی بیزەنتییەکان بوون و کە ئەمان لە شەڕدابوون لەگەڵ موسڵمانەکان/ ف.).

ئارنۆلد تەنانەت دەڵێت کەنیسەی نەستووری لە سایەی ئیسلامدا بووژانەوەیەکی گەورەی بەخۆوە دی و تەنانەت بەهۆی ئاسایشی ناو وڵاتەکەیان کە لە کاتی خەلیفەکاندا بەخۆیەوە بینیبووی توانییان (بعثة) بۆ چین و هندستان بۆ بانگەواز بۆ دینەکەیان بنێرن (ل٦٤).

ئینجا ئارنۆلد دەڵێت ئەگەر تەماشای ئەم چاوپۆشییە بکەین کە لەسەردەمی یەکەمی ئیسلامدا لەگەڵ ڕەعیەتە نەصرانییەکان کرابوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو فیکرەیەی بڵاوبۆتەوە سەبارەت بەوەی شمشێر هۆکار بوو بۆ کردنی خەڵك بە موسوڵمان فیکرەیەکە زەحمەتە بڕوای پێ بکرێت (ل٦٥).

موسڵمانبوونی کۆمەڵانێکی زۆر لە نەصرانییەکانی خوراسان بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی نەصرانییەکان بەبێ زۆرەملێ بوونە موسڵمان. ئارنۆلد بۆ ئەمە دەقی تەواوی نامەی قەشەیەکی نەستووری بۆ سەرۆکی ئەسقوفەکانی فارسی هێناوە. مەترانەکە ئەسەف بۆ ئەم موسڵمانبوونەی هەزاران نەصرانی دەخوات و باسی دەکات کە ئەمە بە زۆرەملێ نەبووە چونکە عەرەب وەك مەترانەکە نووسیویەتی ((دژایەتیی باوەڕی مەسیحی ناکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە سۆزیان هەیە بۆ دینەکەمان و ڕێز لە قەشەکانمان و لە قدیسەکانی خودا دەگرن و فەزڵ بە کەنیسەو دێرەکانمان دەبەخشن)). مەترانەکە دەڵێت خەڵکی (مەڕو) خۆیان وتوویانە کە زۆریان لێ نەکراوە واز لە ئایینەکەیان بهێنن (ل ٧٥-٧٦).

بوونە موسڵمان تەنانەت لەناو ئەو خاچپەرستانەش ڕووی دەدا کە هاتبوونە شام. ئارنۆلد ژمارەیەك نموونە لەم بارەوە دەخاتە ڕوو. یەکێکیان (ساڵی ١١٤٨ ی زاینی) بەراوردییەکی تێدایە لە نێوان غەدرو خیانەتی بیزەنتییەکان لەو نەصرانییانەی لە ئەوروپاوە لە هەڵمەتی دووەمدا هاتبوون و بەزەیی موسڵمانەکان بە برینداروو نەخۆشەکانی ئەو نەصرانییانە. نەصرانییەکان لە ڕێگەدا لەسەر دەستی تورکەکان دەشکێن و پاشەکشە دەکەن و نەخۆش و زامدار لەدوای خۆیاندا جێدەهێڵن. بیزەنتییەکان کە هاوپەیمانیان بوون پارەیان لێ دەسەنن بۆ پاراستنیان کەچی دواتر شوێنەکەیان بۆ تورکەکان ئاشکرا دەکەن و بەهۆی ئەمەوە ژمارەیەکیان لێ دەکوژرێ ، ئەوانەی تریش کە دەستگیرکران ببوونە جێگەی بەزەیی تورکەکان. ئەمان یارمەتی نەخۆش و برسی و هەژارەکانیان دا، تەنانەت پارەشیان بەسەردا دابەش کردن. ئەم جیاوازییەی مامەڵە لە نێوان موسڵمانەکان کە نەصرانییەکان بە کافریان دەزانین لەگەڵ بیزەنتییە هاودینەکەیان کە سوخرەیان خستبووە سەر شانیان و لێیان دەدان و کەلوپەلەکانیان لێ سەندبوون جیاوازییەکی زۆر گەورە بوو بۆیە ، وەکو ئەو قەشەیە دەڵێت کە باسی ڕووداوەکەی کردووە، زۆر لەوانە بوونە موسڵمان (ل ٨٠).

لەو سەدەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە نەصرانییەکان هەڵگەڕابوونەوەو ئارنۆلد دەڵێت ئەو موسڵمانانە ناناسین کە ئەم کەسانەیان بۆ ئیسلام ڕاکێشابوو بەڵام وەك ناوبراو دەڵێت ئەوە دەزانین کە لە سەرووی هەموویان صەلاحەددینی مەزن هەبوو. نووسەری ژیانەکەشی وای باس کردووە کە جوانیی ئیسلامی خستە بەردەم میوانە نەصرانییەکەی (ل٨٢). ئارنۆلد دەڵێت دیارە ئەخلاق و ژیانی صەلاحەددین کە پاڵەوانێتیی تێدا هەبوو کارێکی سیحریی تایبەتی لەسەر بیری نەصرانییەکانی کاتی خۆی کردبوو، تەنانەت ژمارەیەك سوارچاکی نەصرانی وازیان لە ئاینەکەی خۆیان هێناو چوونە ڕیزی موسڵمانان (ل٨٢-٨٣).نووسەر ژمارەیەك نموونە لەسەر ئەم موسڵمانبوونەی خاچپەرستان دەهێنێتەوە (ل٨٣-٨٤).

شتەکان لەبارەی چاوپۆشی لەگەڵ نەصرانییەکاندا لەو کتێبەدا لەڕادەبەدەر زۆرن بۆیە بەو تێبینییە کۆتایی بەم باسە دەهێنم ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت لە سەردەمێکی دوور لە کاتی فتووحات ، مەبەست سەردەمی عوسمانی (پێش قۆناغەکانی داڕووخانی) [1] موسڵمانان نموونەی چاوپۆشی بوون . نەصرانییەکان بە پێی ئارنۆلد پێیان خۆش بوو بچنە ژێر دەستی عوسمانییە موسڵمانەکان نەك ژێر دەستی ئەو نەصرانییانەی لەسەر مەزهەبی خۆیان نین و لەبەر ئەم جیاوازییە دەیانچەوساندنەوە. بۆ نموونە باسی پرۆتستانتی (سیلیزیا) دەکات کە ((بە خۆشحاڵییەوە ئاواتەخواز بوون ئازادیی ئاینی بە ملکەچی بۆ حوکمی ئیسلامی بکڕنەوە)) (ل ١٣٨) .

نووسەر لە بەشێکی کتێبەکەیدا باسی فارس دەکات و دەڵێت موسڵمانان بەرگرییەکی وایان لە گەلی فارسی نەبینی [2] . نوێنەرەکانی دەوڵەتی ساسانی لە ڕۆژانی دوایەمینی ئەو دەوڵەتەدا کە فەوزاو ستەمکاری زۆری تێدا بوو ئیستبدادیان بەرامبەر بە گەلەکە پیادە دەکرد(ل١٧٩). گەلی فارسی، ناوبراو دەڵێت، ڕقێکی زۆری بۆ دروست ببوو ـ بە هۆی چەوساندنەوە ـــ بەرامبەر

[1] لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا فەرمانبەران زۆرتر لەجاران لەبنەماکانی ئیسلام دوورکەوتبوونەوەو خەریکی ڕاوڕووت بوون تا گەشتە کاتی ئیتتحادو تەڕەققی کە لە جیاتیی ئەخلاقی ئیسلامی شۆڤێنیەتێکی نەتەوەیی دەیجووڵاندن. جگەلە زوڵمی کاربەدەستان ، ڕۆژئاوا نەصرانییەکانی دەوڵەتی عوسمانییان بەکاردەهێناو ئەمە کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو لای کاربەدەستان و خەڵکە موسڵمانەکە بەکوردەوە کە یەکێك بوون لە زەرەرمەندەکان.

[2] واتە وەکو جەماوەر بەرگرییەکی وایان نەکرد. ئاشکراشە ئەم جۆرە بەرگرییانە بڕیاری سەرکردەکان بوو.

ئاینی زەردەشتیو بەرامبەر بەو دەولەتەی رەزامەندو هاندەری ئەو چەوساندنەوەیە بوو. سەرکەوتنی موسلمانانیش بۆ ئەو حالەتی رق و نارەزاییە دەگەرینیتەوە . فارسەکان لەبەر سی هۆ پیشوازییان لە موسلمانەکان کرد: یەك؛ رزگاریان بیت لە زولمی فەرمانرەواکانیان ، دوو؛ رزگاریان بیت لە خزمەتی سەربازی ، سیش؛ ئاواتەخواز بوون ئازادیی ئایینییان دەستبکەویت چونکە ئیسلام ریگەی بە شوینکەوتوانی هەموو ئاینیك دەدا لەسەر ئەو ئایینە بن کە حەزیان لییە بەمەرجی جزیە دان (ل١٧٩) .خەلکی شارەکان بەتایبەتی کریکاران و پیشەوەران پیشوازیان لە ئیسلام کردو ژمارەیەکی زۆریان بوونە موسلمان چونکە سروشتی ئیشەکەیان وای دەخواست واز لە دینی زەردەشتی بهینن و پەرستنی ئاگرو زەویو ئاو بە ناشیرین بزانن. ئەمانە لەبەردەم یاسادا بە چاویکی سووك و بە قیزەوە تەماشا دەکران (ل١٨٠). ئەنجامی ئەو راستییانەش ئەوەیە هەرگیز ناکریت بتوانین بلیین پووکانەوەی زەردەشتیەت بەهۆی ئەوە بووە فاتحەکان هیزیان بۆ بەموسلمان کردنی خەلك بەکارهینابیت (ل١٨٢).

١١- شایەتیی رۆژهەلاتناسیکی تر هەیە کە تەنیا قسەیەکی دەهینینەوە ئەویش کایتانی Caetani یە. ناوبراو باسی سالانی یەکەمی حوکمی ئیسلامی دەکات کە کەس لەبەر ئاین نەچەوسینراوەتەوە بۆیە نەصرانییە سامییەکان لە سایەی ئیسلامدا پاش فتووحاتی یەکەم ئازادییەکیان بینی کە بە دریژایی چەند نەوەیەکی زۆر نەیاندیبوو (ئارنۆلد، ل ٥١ پ٢).

١٢- ول دیورانت لە (چیرۆکی شارستانی)دا دەلیت: زیمییەکان لەکاتی خیلافەتی ئومەویدا چاوپۆشییەکیان لەگەلدا دەکرا هاوشیوەی لەم رۆژانەدا نابینین(ج١٣، ل١٣٠).

١٣- کتیبی (جۆرج قورم) [١] مان هەیە وەکو شایەتییەکی تر هەرچەندە خاوەنەکەی رۆژئاوایی نییە. کتیبەکە دکتۆرانامەیە لە زانکۆی پاریس (سالی ١٩٦٩) و بە فەرەنسی سالی ١٩٧١ لە پاریسدا بلاوکراوەتەوەو پاشان کراوە بە عەرەبی. ناوبراو،کە نەصرانییەکی لوبنانییە، باس لە کۆمەلگەی فرەئایینی دەکات و بەشیکی بۆ پەیوەندیی ئایینەکان لە کۆمەلگەی ئیسلامیدا تەرخان کردووە (ل ١٧٩-٣٢٨) لەگەل ئاماژە بۆ ئیسلام لەشوینی تری کتیبەکە. ئەمانەی خوارەوەش شتیکی زۆر کەمن لە باسەکانی نووسەر:

لەبارەی گەلانی رۆژهەلاتی کە لەژیر دەستی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتیدا بوون؛ نووسەر دەلیت :ئەمرۆ هەموو میژوونووسان دان بەوەدا دەنین کە ئیسلام لە قۆناغیکی یەکەمدا تەنگانەی رەواندەوەو و ئاشتیی هینا بۆ گەلانی رۆژهەلاتی کە نارەحەتییان بەدەستی بیزەنتییەکان دەچەشت لە چەوساندنەوەو ستەمکاری و ماندووکردن لەرووی داراییەوە (ل١٤٦). بەرامبەر بەو فەوزا ئایینییەش کە بەهۆی ناکۆکیو سەرهەلدانی بیدعەکاری دروستببوو عەقیدەی ئیسلامی هات کە عەقیدەیەکی سادە وئاسان بوو و پەرستنی ئالۆز نەدەکردو مەرجەکانی باوەری قورس نەدەکرد بەجۆریك ((بواریکی زۆر فراوان بۆ ئازادیی ویژدانی کردەوە))، لەرووی داراییشەوە نیزامی باجی دەولەتی ئیسلامی زۆر ئاسان بوو و ئەرکی سووك بوو (ل١٤٧).

سەرەرای پیشرەویی ئیسلام لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی دەولەتی بیزەنتی ؛ دەمارگیریی مەزهەبیی ئەو دەولەتە دژ بە تایفە نەصرانییەکانی تر هەر بەردەوام بوو، ئەمەش رقیکی گەورەی دروست کرد؛ بۆ نموونە ئەو رقەی لای کەنیسەی ئەرمەنی دروستببوو، بۆیە سەرۆکی سوپای ئەرمەنی سالی ٦٥٣ی زاینی دانوستانی لەگەل موعاویە ساز داو دەرگای ولاتەکەی بۆ موسلمانان کردەوە (ل ١٤٨). دواتریش کە ئەرمینیا کەوتەوە دەستی بیزەنتییەکان (٦٨٦-٦٨٧ ی زاینی) - ئەویش بەهۆی ئەو بەزمانەی تووشی دەولەتی ئوموی ببوون - دیسان چەوساندنەوەیان دژی پیاوانی ئایینیی ئەرمەن پیادەکردەوە بۆیە موسلمانان توانییان بی هیچ بەرگرییەك ولاتەکە بگرنەوە (ل ١٤٨). ئەم دەمارگیرییە دیسان لە سەدەی یانزەمی زاینیدا دووبارەبووەوە (ل ١٤٨-١٤٩).

فەتحی ئیسلامی فەرەحییەکی هینا بۆ ئەوانەی لە کەنیسەی بیزەنتی دەرچووبوون پاش ئەو تەنگانەیەی تییدا دەژیان بۆیە زۆربەیان پیشوازییان لە فاتحەکان کرد و هیچ بەرگرییەکیان نەکرد، ئەمەش راستییەکە هەموو میژوونووسان و نووسەرە نەصرانییەکانی هەوالەکان و سالنامەکان شایەتیی لەسەر دەدەن (ل ٢٣٢).

لەسەردەمی ئیسلامیدا هەردوو کەنیسەی یەعقووبی و نەستووری بەتایبەت گەشەیەکی وایان سەند کە پیشتر بە خۆیانەوە نەیاندیبوو (ل ٢٣٢). لیرەدا (قورم) شایەتیی پەتریارکی ئەنتاکیە (١١٦٦-١١٩٩ ی زاینی) دەهینیتەوە کە باسی کاتی فتووحات دەکات و دەلیت کەوا خوداوەندی تۆلە کاتیك بەدکارییەکانی رۆمی بینی لە تالانکردنی کەنیسەو دیرەکان و سزادانی بی بەزییانە کورانی ئیسماعیلی هینا بۆ ئەوەی رزگاریمان لەسەر دەستی ئەواندا بیت (ل ٢٣٢ ، ئارنۆلدیش دریژتر لە کتیبەکەیدا دەیهینیتەوە ، ل ٥٣).

---

[١] جورج قرم ، تعدد الادیان و انظمة الحکم، دراسة سوسیولوجیة وقانونیة مقارنة، بیروت، ١٩٧٩.

نووسەر شایەتیی رۆژهەڵاتناسی تر دەنووسێت وەك دی گۆیە De Goeje (دەنووسێت: دی غوج) لەبارەی هەڵویستی نەصرانییەکانی سووریا لە فەتحی ئیسلامی دەهێنێتەوە کە ئەمانە وەکو تەماشاکەر سەیری ئەو هێزانەیان دەکرد کە دەچوونە ناو وڵاتەکەیان بەلکو تەنانەت لایەنگیریی خۆیان بۆ عەرەب نەدەشاردەوە پاش ئەوەی ئەمانە بە بەڵگەی تەواو سەلماندیان نیازیان نییە وڵاتەکە تاڵان بکەن یان خراپەکاریی تێدا ئەنجام بدەن و بە نەرمی رەفتار لەگەڵ هەر کەسێك دەکەن کە گوێرایەڵ بێت (ل ٢٣٣، پەراوێزی ١٠٠).

نووسەر هەروەها قسەکەی گۆبینۆ Gobineau نەقڵ دەکات:((ئایین نییە لە مەسەلەی چاوپۆشیدا شان لە شانی ئیسلام بدات))(ل٢٣٨).جگەلەمانەش کتێبەکە شایەتیی تری تێدایە.

نووسەر باسی ناکۆکیی نێوان تایفە نەصرانییەکان لەکاتی دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە چۆن هەندێکیان بە هاندانی دەوڵەتە گەورەکان کێشەیان بۆ دەوڵەتەکە دروست دەکردو بەهانەیان دەدایە ئەو دەوڵەتە گەورانە دەست بخەنە ناو کاروباری عوسمانییەکان (ل ٢٨٠-٢٨٢). هەروەها مژدەدەرەکان بە خراپی ئەو ئازادییە ئایینییەیان بەکاردەهێنا. ئەمانە (کە دەوڵەتانی رۆژئاوا ناردبوویانن /ف.) دەورێکی خراپیان لە تێکدانی پەیوەندیی نێوان موسڵمان ونەصرانییەکان دەبینی (ل ٢٩٠ بەدواوە). ئامادەش بۆ کتێبی جۆن جۆزێف؛ (نەستوورییەکان و دراوسێ موسڵمانەکانیان- ١٩٦١) دەکات کە بەدرێژی باسی دەوری ئەو مژدەدەرانە دەکات لە تێکدانی حاڵەتی پێکەوە ژیانی کوردو نەستوورییەکان (ئەوانەی ئێستا بە خۆیان دەڵێن ئاشووری/ ف.) (ل ٢٩٢-٢٩٣ پ.١٩٨).

جۆزێف هەروەها باسی کارە درندەکانی لەشکری رووسیای قەیسەری کاتی گرتنی رەواندوز دەکات کەپاش گرتنی شارەکە تەنها لەسەددا بیستی دانیشتووانی کوردی بەزیندوویی مابوونەوە (ل ٢٩٨، پ.٢٠٤).(قورم) دەڵێت چەند تیپێکی نەستووری کەپێشتر لەگەڵ دراوسێ کوردەکانیاندا لەهەماهەنگییەکی نایابدا دەژیان بەپاڵ هێزەکانی رووسیا شەریان دەکرد (هەمان لاپەرەو پەراوێز).دواتریش کە فەرەنساو بەریتانیا خیانەتیان لەو تایفە نەصرانییانە کرد (هەروەها لە کورد) شتێکی بەدیهی بوو کوردو تورك زۆر بەتوندی تۆڵەیان لێ بسەندنەوە(ل٢٩٩).

پاش هەموو ئەمانە دیارە شتی خراپ هەن لەگەڵ شوێنکەوتەی ئەو ئایینانە کرابن بەڵام ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەندی لەوانە ئەو ئازادییەیان خراپ بەکارهێنابوو(بروانە وەکو نموونە لاپەرە ٢٣٠ هەروەها ئارنۆڵد، ل ٧٢) یان بەهۆی پەیوەندی بەستن لەگەڵ دوژمنی دەرەوە وەکو نموونەکەی سەرەوە یان ،وەك گۆبینۆ دەڵێت، هۆیەکی سیاسی یان حاڵەتیکی مەزاجیی فەرمانرەواکە یان خەلکەکەی لەپشتەوەیەو ئایین تەنها بەهانەیە دەنا ئایین هیچ پەیوەندییەکی پێوە نییە (قرم، ل٢٣٨). لەبارەی ئەم جۆرە کارانەش (بەتایبەت لابردنی زیممییەکان لە کاروباری دەوڵەت) ئارنۆڵد دەڵێت ئەم کارانە بەزووترین کات کۆتاییان پێهات (ئارنۆڵد، ل٧١).

دوو کتێبەکەی سەرەوە شتی زۆریان تێدایە بشێن بۆ نەقل کردن بەڵام ئەم کتێبە لەمە زیاتر هەڵناگرێت بۆیە لێرەدا دەوەستم. کارەساتیشە لەراستیدا خوێنەری کورد لەم باسانە بێئاگابێت و قسەی هەندی نەخوێندەوارو دەمارگیر، تەنانەت قسەی سەرجادەش نەبێت شتی تر نەبیستێت و تەنها ئەم قسانە دووبارە بکاتەوە. هەڵبەت یەکێك لە تاوانبارەکان نووسەری ئیسلامییە کە بایەخێکی وای بەم بابەتە نەداوە یان هەر کاتێك بایەخی پێ دابێت هەقی خۆی پێ نەداوەو خۆی لە پێناویدا وەکو پێویست ماندوو نەکردووە.

* * * * * * *

کەواتە پێویستە ئەو فیکرەیە لە مێشکی خۆمان دەربکەین کە گوایە رۆژئاوا کانگەو سەرچاوەی چاوپۆشیو ئازادیی ئایینییەو چیتر بەتەسلیمبوونەوە وانەکانی ئازادی لەوەوە وەرنەگرین و ئەو راستییە گرنگە بزانین کە موسڵمانان کاتێك چاوپۆشییان لەگەڵ ئایینەکانی تر کردووە ئەو موسڵمانانە پابەندی ئیسلام بوون لەکاتێکدا رۆژئاوا کاتێك ئازادیی ئایینیی بەخشی کە ئایین هیچ بەهایەکی لا نەماو لەلای ئەو یەکسان بوو مرۆڤ ئایندار بێت یان بێباوەر. جیاوازیی نێوان دوو حاڵەتەکەش وەکو جیاوازیی نێوان زەوییو ئاسمانە. ئەگینا کامیان بەخشندەیە؛ ئەوەی حەزی زۆری هەیە لە شتێك و هەر لەرێوەو بێ ململانە زۆری لێ دەبەخشێت یان ئەو کەسەی کاتێك شتەکە دەبەخشێت کە لای گرنگ نەبێت؟ ئەمە راستییەکەیە بەڵام مرۆڤی ئێمە بەردەوام پێی وتراوە تۆ هیچ نیت و رۆژئاوا هەموو شتێکە. مرۆڤی ئێمە بەر لەهەموو شتێك کەسایەتییەکەی تێکشکاوە، بەر لەوەش باوەرەکەی درزی تێکەوتووەو لەم درزەوە کەسایەتییەکەی دەستی بە هەرەسهێنان کردووە.

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا دەڵێم ئەو بۆچوونەی، یان راستتر ئەو بوهتانەی دەڵێت فاتحە موسڵمانەکان خەلکیان بە زەبری شمشێر کردە موسڵمان بۆچوونێکە زیاد لە سەدەیەکە مێژوونووسە بەئینسافەکانی رۆژئاوا رەتیان کردۆتەوەو بۆچوونێکە دەگەرێتەوە بۆ سەدە ناوەراستەکان تاکو سەدەی نۆزدە کەچی تازە بەتازە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٢ ی زایینی ئەو بۆچوونە کۆن و هەڵەو دەمارگیرە دووبارە دەکاتەوەو دکتۆرێکی زانکۆ نەخشە بۆ ماستەرنامەیەك لەم بارەوە دەکێشێت و سێ دکتۆری تر

پەسەندی دەکەن ، ئەوەش لەلاوە بوەستیت کە ماستەرنامەکە پڕیتی لە ساختەکاری لەبارەی زانیارییەکان و سەرچاوەکان، ئیتر هەق نییە خەفەت بۆ ئەو نەخویندەوارییەی کوردستان بخوریت؟

ماستەرنامەکە لەژێر تیشکدا

کورتەی رەخنەکانمان لە لێکۆڵینەوەکە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم – ((بەئیسلام کردنی کورد)) کە بربرەی پشتی ماستەرنامەکەیە هەڵەیەو ئەو تەرحە سەرلەبەری ماستەرنامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

دووەم– شوان مامەڵەیەکی نازانستیانە، بگرە نائەمینانەشی لەگەڵ سەرچاوەکاندا کردووە، شوان لەرادەبەدەر ئەم شتانە زۆر دەکات:

١–ژمارەیەك سەرچاوەی نووسیوە کە نەیدیون و تەنها بۆ زیاد کردنی ژمارەی سەرچاوەکان نووسیونی. بەڵگەکانم لەسەر ئەوە خاڵی (٢)ی خوارەوەیە.

٢– کاك شوان شت دەڵێت و ئاماژە بۆ سەرچاوە دەکات کەچی ئەو شتە لەو سەرچاوەیەدا وجوودی نییە یان باسەکە بەشێوەیەکی ترە. زۆر جار سەرچاوەکە تەنانەت یەك وشەش ناڵێت لەوەی شوان نووسیویەتی.

٣– باشترین حاڵەت ئەوەیە زانیارییەك دەنووسێت و ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەك دەکات کەچی یەکێك یان زیاتر لەو سەرچاوانە تەنها بەشێکی ئەو زانیارییەیان تێدایە.

٤– ئیشی نازانستیی تر: کاتەکان تێکەڵ بەیەك دەکات بۆ نموونە وەسفی شوێنێك دەکات بە شێوەیەکی رەها لەکاتێکدا وەسفەکە لە سەرچاوەکەدا بۆ سەردەمیکی دیاریکراو هاتووە یان بەجۆرێك وەسفی شوێنەکەدا دەکات وا دەزانی هی کاتی فتووحاتە کەچی هی سەردەمی ترە. شێوازێکی تری مامەڵەی نازانستیش: شتێکی وتووە کە سیغەیەکی گشتکاری هەیە بۆ نموونە: ((خەلیفەکان بەپێی بنەماکانی ئیسلام حوکمیان نەکردووە)) ئاماژەش بۆ سەرچاوەیەك دەکات کەچی سەرچاوەکە بەو شێوە گشتکارە باس لەمە ناکات (بۆ نموونە: باس لەرەفتاری خەلیفەیەك بەتەنیاو باس لە رووداوێکی دیاریکراو دەکات نەك خەلیفەکان بە شێوەیەکی گشتی).

جگە لەوەش شتی تر هەن شایەنی رەخنە بن ، ئەوانەی لەگەڵ بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا ناگونجێن وەکو هەڵەی زۆر لە نووسینی سەرچاوەکان و ناوی خاوەنەکانیان... تاد بەڵام ئەمانە لە ئاست هەڵەکانی تر بچووك دەبنەوە بۆیە ئەو بایەخەم پێ نەدان.

بۆ ئەو کتێبانەش کە شوان ناوی بردوون، هەوڵم داوە هەمان چاپ بهێنم وتەماشا بکەم، هەندێکیان چاپی ترن بەڵام جیاوازیی چاپ کێشەیەك نییە چونکە تەنها دووان سیانیان کتێبی نوێن و ئەوانی تر کتێبی کۆنن و خاوەنەکانیان نەماون دەستکارییان بکەن بۆیە چاپەکان تەنها جیاوازیی لاپەرەیان هەیە.

یەکەم - ئەوەی سەرەکییە

خەم خواردنی میللەت و حزکردن بە خێروچاکەی هەستێکی رەوایە، بەڵام شێواندنی مێژوو ستەمێکە نەك تەنها لە میللەتانی تر بەڵکو پێش هەموو شتێك لەو میللەتە خۆی. پێویستە راستی چۆن بێت مرۆڤ قبووڵی بکات، کوردیش هیچی لە شێواندنی مێژووی دەستناکەوێت غەیری شێواندی ئێستاو داهاتووی خۆی.

وەکو وتم بربرەی پشتی لێکۆڵینەوەکە (بەئیسلام کردنی کورد) هەڵەیەو بەسە بۆ هەڵوەشاندنی هەموو لێکۆڵینەوەکە بەڵام کاتێك مرۆڤ بەدوای ئەو سەرچاوانەدا دەگەرێت کەنووسەر ئاماژەیان بۆ دەکات و لەگەڵ کتێبەکە بەراوردیان دەکات ئەم تەوەرەیەی لەیاد دەچێت، پاشان، وەکو خۆم، دەکەوێتە گێژاوێك؛ گێژاوی تەماع چونکە کاتێك فلانە کتێب دەکاتەوەو دەبینێت چ فیلێك کراوە دەڵێت با ئەو کتێبەی تر ببینم.. بەم شێوەیەش غەرقی ناو ماستەرنامەکەی شوان دەبێت و لەهەمان کاتیشدا لەزەتێکی گەورەی لێدەبینێت، لەزەتی کۆکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان.

با جارێ واز لەمە بهێنین و بێینە سەر تەوەرەی یەکەم و سەرەکیی ماستەرنامەی بەئیسلام کردن (راستەکەی: بەموسلمان کردن) و هەولبدەین زۆر بەخێرایی کۆتایی پێبهێنین.

لەکتێبەکەدا ویستراوە ئەوە بسەلمێنرێت کەکورد بەزۆر کراونەتە موسلمان بەڵام ئەوەی بەم بۆچوونە ناریکە بنەمای سێ هەڵبژاردنەکەیە: موسلمانان کە دەچوونە شوێنێك سێ ئیختیاریان دەخستە بەردەم خەڵکەکە: یەکەم: موسلمان بوون، دووەم: مانەوە لەسەر ئاینی خۆیان و جزیەدان، سێیەمیش: ئەگەر بەهیچیان رازی نین شەر بەرپا دەبێت.

بنەمای سێ ئیختیارەکە فیکرەی بەزۆر موسلمانکردنی کوردو غەیری کورد سەرتاپا هەرەس پی دەهینیت.

خۆش ئەوەیە کاك شوان و غەیری کاك شوان لەهەمان کاتدا ئەو رایەی تریش دەلین کەگوایە هۆکاری ئابووری پالی بە موسلمانانەوە نابوو فتووحات ئەنجام بدەن و سامان پەیداکردن مەبەستی سەرەکییان بووە. ئەمە دەلین بێئەوەی بپرسن: چۆن خۆدەولەمەندکردن لەگەل ئەوەدا دەگونجیت بەزۆر خەلك بکریتە موسلمان! دیارە ئەگەر موسلمان بن چیتر جزیە نادەن، بەواتایەکیتر ئەگەر هۆکاری ئابووری پالنەری فتووحات بوبیت ئەوە گونجاوتر دەبیت واز لەخەلکەکە بهینن لەسەر ئاینی خۆیان بمیننەوە تا جزیەیان لیوەربگرن، پیش ئەوەش داوای موسلمان بوونیان لی نەکەن نەوەکو ببنە موسلمان و ئەمان دەسکەوتەکانی شەریان لەکیس بچیت. ئەم جۆرە رخنگرانە تەنانەت رەفتاری هەندیك خەلیفەی ئومەوی دەکەنە بەلگەو دەلین ئەم خەلیفانە بینیان خەلك بەلیشاو دەبنە موسلمان و بەم جۆرە داهاتی دەولەت کەم بووەوە رەفتاریکی نائیسلامییانەیان نواند ئەویش هیشتنەوەی جزیە لەسەر ئەم تازە موسلمانبووانە. ئەمەش بۆ خۆی بەلگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کەس بەزۆر نەکراوەتە موسلمان.

دیارە شوان دەیزانی بەزۆر موسلمانکردنی کورد لەگەل بنەمای سێ ئیختیارەکە ناگونجیت بۆیە بەهینانەوەی قسەیەکی بێ بناغە ویستوویەتی خۆی لەم کیشەیە دەرباز بکات.

ئەو دەلیت مەرج نەبوو ئەم بنەمایە لەهەموو شەرەکاندا دووبارە بووبیتەوە ((بەلکو لەزۆر شەردا ئەم پرۆسەیە ئەنجام نەدەدرا)) (ل ٢٦٩). بەلگە دەبێ چی بیت؟ شوان بۆ ئەم بریارە گەورەیە تەنها یەك نموونە دەهینیتەوەو دەلیت((تەنانەت لەسەردەمی پیغەمبەر (د.خ) یشدا – (د.خ) هی شوان خۆیەتی – ئەو پرانسیپە هەموو جاریك پیادە نەدەکرا، لەغەزوەی بەنی مصطلق، بەفەرمانی پیغەمبەر یەکسەر پەلاماریان دان)) (ل ٢٦٩ پەراویزی ١).

سەیریشە شوان وەکو سەرچاوە ناوی کتیبی (عصر النبوة و الخلافة الراشدة)ی هەردوو دکتۆر(لبید ابراهیم و فاروق عمر)ی هیناوە کە تیایدا باسی ئەو ریوایەتە وتراوە کە عەشیرەتی (بەنولموصطەلەق) ویستیان پەلاماری شاری مەدینە بدەن. کەواتە چۆن دەتوانین باس لەو بنەمایە بکەین؟[1]

بەلگەش لەمە لاوازتر نییە چونکە لەم غەزوەیەدا (کە هەروا بە غەزوەی ئەلمورەیسیع ناسراوە) مەسەلە شەری راگەیاندنی ئیسلام و گەیاندنی نەبوو، روایەتەکەی تریش کە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدایە هەیە پیغەمبەر ﷺ ئەوانی لەناکاو برد[2] کە دیسان ئەو مەبەستە ناگەیەنیت چونکە ئەمانە دەمیك بوو بانگەوازی ئیسلامیان پی گەشتبوو جگە لەمەش دەشیت عەشیرەتەکە خۆیان بۆ شەر ئامادەکردبیت و موسلمانان لەناکاویان بردبن. بە هەر حال فەرمووودەی صەحیحی ئامۆژگارییەکانی پیغەمبەر ﷺ سەبارەت بە سی ئیختیارەکە هاتووە[3]. جگە لەوەش ئامۆژگارییەکەی پیغەمبەر ﷺ بۆ عەلی لە غەزوەی خەیبەردا هەیە کە دەلیت: پەلە مەکە تا دەچیتە گۆرەپانەکەیان پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام..[4] غەزوەی خەیبەریش دوای غەزوەی ئەلمورەیسیع بوو، واتە حوکمی بانگکردنی خەلك بۆ ئیسلام پیش شەر هەر مابوو.

جگە لەوەی شوان نموونە لەفتووحات ناهینیتەوە لەسەر ئەوەی بنەمای سێ ئیختیارەکە ((هەموو جاریك پیادە نەدەکرا)) و جگە لەوەی لەسەردەمی پیغەمبەرەوە ﷺ نموونەیەك دەهینیتەوە کە بۆ حالەتی مەبەست ناشیت، دەبینین بازیکی گەورە دەدات و گریمانەیەکی گەورە لەسەر ئەم بێ سەرو بەرییە بینا دەکات و دەلیت رەنگە هۆی پیادە نەکردنی ئەو بنەمایە بۆ ئەوە بگەریتەوە موسلمانان لەوە ترسان خەلکەکە ببنە موسلمان و بەم شیوەیە دەستکەوت و تالانییەکانیان لەدەست بچیت (ل ٢٦٩)[5].

ئەم رەخنەیەمان، وەکو وتم، بەسە بۆئەوەی تەواوی ماستەرنامەکە بێ بەها بهیلیتەوە بەلام ئەمەیان تەنها ئەوەی سەربەرەیەو ئەوەی بن بەرە گەورەترە. کۆتایی ئەم رەخنەیەم لە تەوەرەی سەرەکیی ماستەرنامەکە بە روونکردنەوەیەك دەهینم. حەز دەکەم هۆکاری ئەوە ئاشکرا بکەم کە بۆچی شتی دژ بەیەك دەوترین:

مەبەستی ئەو کەسانە لەباسی فتووحات تەنها رەخنەو رەفزە نەك گەشتنە بەراستی بۆیە دەبینین لەلایەك دەلین ئیسلام ئاینی کورد نییەو بەزۆر لەلایەن عەرەبە موسلمانە داگیرکەرەکانەوە بەسەرماندا سەپینراوە: ((یان موسلمان بوون یان شمشیر))، بەلام لەهەمان کاتدا دەلین عەرەب لەبەر هۆکاری ئابووری فتووحاتیان بەرپا کردو مەبەستیان بوو تالانی بکەن و باج و جزیە لەخەلك

---

[1] چاپی سییەمی ئەو کتیبەم لایە (١٩٨٤) کە هی (د. لبید)و(د.ابراهیم نمیر) ــە کە ئەمیان بەشیکی کتیبەکەی نووسیوەو پاشان کۆچی دوایی کردووە. شوانیش چاپی (١٩٨٧) دەنووسیت.

[2] صحیح البخاری، جزء ٣، في العتق و فضله ، صحیح مسلم، جزء ٥، کتاب الجهاد والسیر، باب جواز الاغارة علی الکفار الذین بلغتهم دعوة الاسلام من غیر تقدم الاعلام بالاغارة.

[3] صحیح مسلم، جزء ٥، کتاب الجهاد والسیر، باب تامیر الامام للامراء...

[4] صحیح البخاري، جزء ٤، باب فضل الجهاد والسیر، باب دعاء النبي ﷺ الی الاسلام والنبوة...

[5] شوان وشەی دەستکەوت بۆ (الفئ) بەکاردەهینیت کە ئەمە هەلەیە چونکە دەستکەوت واتایەکی گشتیی هەیە لەکاتیکدا وشە عەرەبییەکە جۆریکی تایبەتی دەستکەوتە.

وەربگرن. لەلایەك دەڵین: یان شمشیر یان موسلمان بوون و لەلاکەی ترەوە دەڵین کورد تا سەدان سالیش دوای فتووحات هەر ئیسلامیان قبوول نەکرد (بەم جۆرەش تیۆری شمشیر ڕەت دەکەنەوە بێئەوەی بەخۆیان بزانن).

مرۆڤیش کە گەیشتن بەڕاستی مەبەستی نەبوو ناچارە ڕێگەی پێچاوپێچ بگرێتە بەرو بەمە خۆی تووشی ناریکی دەکات. دواتر (یان ڕەنگە پێشتر) ئەمە تێکەڵ بەفروفیشالیکی زۆرو نەخشاندنی وێنەیەك بۆ شەرەکان بەجۆرێك کورد دەوری گەورە لەبەرەنگاری دەبینێت و باقی میللەتانی تر لاوەکیترین دەوریان پێ دەدرێت، تەنانەت دەوڵەتیکی گەورەی ئەو سەردەمە، مەبەست دەوڵەتی ساسانییە، دەورەکەی بچووك دەبێتەوەو هەست دەکەی وجودی لەوکاتەدا ئەگەر شتێکی زیادەش نەبێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر ((ڕاستییەکان))دا نەهێناوە. لەمەشەوە ئەو کوردانەی لەلەشکری ساسانیدا شەریان دژی موسلمانەکان کردبوو دەبنە کوردپەروەرو بۆ کوردستان شەڕیان کردووە نەك بۆ پاراستنی تەختی ساسانییەکان هەروەك چۆن فارسەکان خۆیان دەبنە هاوولاتیی نیشتیمانپەروەر نەك ئامێرێك بەدەست پادشاکانیانەوە. پێشتریش باسی ئەم شتانەم کردو ئەم چەند رستەیە لێرەدا بەسە.

دووەم – وەکو ئیشەکانی قوتابییەکی ناوەندی

مامۆستاکان باش لەفێلەکانی قوتابییەکانیان شارەزان. ئەم قوتابیانە کاتێك ڕاپۆرتیان بەسەردا دەدرێت فێل لەسەرچاوەکان دەکەن. لەمەشدا ناتوانین لۆمەی قوتابیان بکەین چونکە تەنانەت هەندێك نووسەریش ئەمەیان پێ شەرم نییەو دروشمەکەیان لەم کارەدا ئەوەیە ((کێ پێی دەزانێت))، بەڵام ئێوە چی دەڵێن ئەگەر کاری وا لەنامەیەکی زانکۆدا کرابێت؟

فێل کردن لەسەرچاوە چەند جۆرێکە. جاری وایە نووسەر زانیارییەکە لەسەرچاوەیەکدا دەبینێت و نەقلی دەکات بەڵام چونکە سەرچاوەکە لاوازە ناوی نابات بەڵکو ناوی ئەو سەرچاوەیە دەنووسێت کەلەسەرچاوە لاوازەکەدا دەیبینێت، خوێنەریش بەم جۆرە وا دەزانێت ئەم سەرچاوەیەی دیوە. ئەم کارەش لەزانستی فەرمووودەناسیدا (علم الحدیث) پێی دەوترێت تەدلیس.

جۆرێکی تری فێل ئەوەیە نووسەر زانیارییەکە لەسەرچاوەی (س)دا دەبینێت و ئەمیان لەسەرچاوەی (ك)ەوە وەرگیراوە، نووسەریش هەردوو سەرچاوەی (س) و (ك) پێکەوە دەنووسێت و خوێنەر وا تێدەگات نووسەر هەردوو سەرچاوەکەی بینیوە.

کاك شوان ئەم کارانەی بەردەوام کردووە. سەرەتا کلیلی زانینی ئەمەش قسەیەکی شوانە لەموناقەشەی ماستەرنامەکەیدا. دکتۆر (حسام الدین) ئەو تێبینییەی هەبوو بۆ یەکێك لەزانیارییەکان کە لەئەسڵدا لەکتێبەکەی (یاقوت الحموی)دایە بەڵام شوان ناوی سەرچاوەیەکی تری بردووە کەئەمیش بۆ خۆی لەیاقووتی وەرگرتووە ئیتر بۆچی شوان هەر ناوی کتێبەکەی یاقووتی نەهێنا؟ شوان لەوەڵامدا وتی: مامۆستا ناکرێ هەموو جارێك بڵێم (یاقوت الحموی)... (یاقوت الحموی) ئەمەم لەبەر (تنوع المصادر) کرد.

ئەم کارەی شوان بۆ خاتری (تنوع المصادر) پێشەی بەردەوامی بوو. لەڕاستیشدا چاوەڕێم نەدەکرد شتی وا لە نامەیەکی زانکۆدا بکرێت، هەرچەندە شتێکی وام لە نووسینی خەلکدا دەبینی.[1] لەم بابەتەشماندا خوێنەر شتی زۆر لەم جۆرە دەبینێت. کاك شوان لەبەر (تنوع المصادر) ژمارەیەك سەرچاوەی نووسیوە کە نەیدیون، ئێمەش ئەو سەرچاوانە بەبەلگەوە دەژمێرین. زانیارییەکانی کاك شوان یان هەڵەن و یان لەو سەرچاوانە وجودیان نییە بۆیە مرۆڤ بەئاسانی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کاك شوان ئەو سەرچاوانەی نەدیوە.

رەخنەکانم لە سەرچاوەکان و لە زانیارییەکانی کاك شوانم کردووە بە دووبەش:

یەکەمیان: کاك شوان شتێك دەنووسێت و ئاماژە بۆ چەند سەرچاوەیەك دەکات. منیش یەك بەیەکی سەرچاوەکانم هێناوە تا بیسەلمێنم زانیارییەکە لەو سەرچاوانەدا نییە یان ئەگەر هەبێت بەو شێوەیە نییە کە شوان نووسیویەتی. ئەم بەشەشم ناو ناوە: **پەراوێزەکان بەکاملی**.

بەشەکەی تریش ئەوەیە لەناو ئەو سەرچاوانە تەنها یەکێکیانم وەرگرتووەو ئەو کارەی سەرەوەم لەسەر کردووە. ئەمەشم بۆیە کردووە چونکە کاتێکی کەمتری دەوێت. ئەم بەشەشم ناو ناوە **هەڵبژاردەی کتێب**. رەنگە کاك شوان بڵێت: لەناو (بۆ نموونە) سێ سەرچاوە با زانیارییەکە لە یەکێکیاندا نەبێت ، خۆ لە دوانەکەی تردا هەیە. منیش دەڵێم: یەکەم شت دڵنیات دەکەم لە زۆر حالەتدا لە دوانەکە تریشدا نییە، بەشی (پەراوێزەکان بە کاملی)شم بۆ ئەم مەبەستە داناوە، دووەم شتیش ئەوەیە بەسە بۆ مرۆڤ بەردەوام لەناو سێ سەرچاوە لە یەکێکیاندا ئەمانەت نەپارێزێت تا بەها لە بەرهەمەکەی نەمێنێت .

[1] یەکێك لەوانە نووسینی لاوێك کە عەرەبییەکەی باش نییە کەچی وەکو سەرچاوە کتێبیکی ئەفلاتوونی نووسیبوو ئەویش بەفەرەنسی! پێتە لاتینییەکانیشی وەکو خەتی مسماری نووسیبوو. بەڵام با گلەیی لەم نەکەین چونکە کاتی خۆی ئەم جۆرە ڕەفتارەم لە مامۆستایەکی زانکۆی خاوەن بڕوانامەی دکتۆراش بینیوە!

بۆ تەرتیبی کتێبەکان و زانیارییەکان گویم نەداوەتە تەرتیبی لاپەڕەکانی شوان یان لێکچوونی بابەتەکان یان کۆنیو تازەیی کتێبەکان... بەڵکو چیم هاتۆتە بەردەست دامناوە.

ئیستاش بە بەشی دووەم دەست پێ دەکەم و ژمارە (۱)ی دەدەمیو دواتر دەچمە سەر بەشی (پەراوێزەکان بە کاملی).

١- هەڵبژاردەی کتێب

لەم بەشەدا ژمارەیەك سەرچاوە وەردەگرم و وەك روونم کردەوە لەجیاتی ئەوەی زانیارییەکە بهێنمو یەك بەیەك لەو سەرچاوانە بکۆڵمەوە کە بۆ زانیارییەکە نووسراون تەنها یەك سەرچاوەیان وەردەگرم تا بیسەلمێنم کە شوان ئەو سەرچاوەیەی نەدیوە یان ئەگەر دیبێتی لێی تێنەگەشتووە یان بۆ مەبەستێکی دیار دەستکاریی قسەکانی کردووە.

بۆ ئەم بەشە ئەمسەر تا ئەوسەری کتێبەکەی کاك شوان گەڕاومو هەوڵم داوە هەموو جارێك سەرچاوەکە ناوی هاتبێت تەماشای قسەکەی کاك شوان بکەمو لەگەڵ سەرچاوەکە بەراوردی بکەم. هەڵبەت بۆ ژمارەیەك سەرچاوە تەنها چەند نموونەیەکم وەرگرتووە چونکە وەرگرتنی هەموو نموونەکان کتێبەکەمان دووردرێژ دەکات، هەروەها جاری وایە قسەکەی شوان ڕاست دەبێت. بەڵام با ئەوەش بزانین کە ئەگەر (بۆ نموونە) لە چوار جار بەکارهێنانی سەرچاوەی (س) یەك جار بەکارهێنانەکە ڕاست بێت ئەم جارە ڕاستە سیانەکەی تر پڕناکاتەوە. لەم بەشەشدا بۆ هەر خاڵێك نووسیبێتم (بە تەنیا) واتا بۆ ئەم زانیارییە شوان تەنها ئەم سەرچاوەیەی نووسیوە.

لەم بەشەدا زیاد لە پەنجا کتێبم وەرگرتووە، هێشتا زۆریشم بۆ ڕەخنەگری تر جێهێشتووەو ڕەخنەگران دڵنیا دەکەمەوە کە شتی زۆریان دەست دەکەوێت بەو مەرجەی سەرچاوەکانیان دەستبکەوێت، وەکو وتیشم کتێبەکەی کاکە شوان بەهەشتی ڕەخنەگرانە. سەرنجی خوێنەریش بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە لێرەدا هەندێ جار نەبێ موناقەشەی زانیارییەکان ناکەم بەڵکو تەنها موناقەشەی ئەوە دەکەم ئایا ئەو سەرچاوەیەی کاك شوان ناوی بردووە ئەو شتەی تێدایە کە کاك شوان نووسیویەتی یان نا، هەروەها ئەگەر سەرچاوەکە باسی کردبێت چۆنی کردووە... لێرەدا تەنها موناقەشەی بەکارهێنانی سەرچاوەکان دەکەم.

نموونەی یەکەممان کتێبی (الدولة العربية وسقوطها) لەنووسینی (ڤیلهاوزن)ە

کاك شوان ناوی ئەم کتێبەی نووسیوە بێ ئەوەی دیبێتی. کاك شوان لەپەراوێزی (۳)ی لاپەرە (۲۷٦) دەڵێت:

((بەڵکو عەرەب کۆمەڵگەی بەڕێوەبردنی و کاربەدەستانی دەوڵەت بوون)) و دوو سەرچاوە بۆ ئەمە دەهێنێتەوە بەم جۆرە: فلهاوزن: الدولة العربية وسقوطها، لا ۱۹۰-۱۹۲، د. محمد بديع شريف: الصراع بين الموالى والعرب، لا۳٥۷.

با ئەمە تاقی بکەینەوە.

هەمان چاپی عەرەبیی کتێبەکەی ڤیلهاوزن (دیمەشق ۱۹٥٦) کە کاك شوان ناوی بردووە بهێنەو تەماشای لاپەرە ۱۹۰-۱۹۲ بکە بزانە چی دەڵێت. ئەو لاپەرانە باسی شۆڕشەکەی (ابن الاشعث)یان تێدایەو هیچ شتێك لەو قسەیەی کاك شوانیان تێدا نەهاتووە. شتێك لەم بابەتە دەیان لاپەرە پێش ئەوەو لەپێشەکییەکەدا هەیە. پاشان تەماشای سەرچاوەی دووەم بکە، واتە کتێبەکەی د. محمد بدیع بکە (ل ۳٥) ئەویش هەمان چاپ (۱۹٥٤) دەبینی دیسان ئەم قسەیە نەهاتووە. جوان کتێبەکەی سەیر بکە دەبینی لەلاپەرە ۳۳-۳٤ قسەیەکی ڤیلهاوزن دەهێنێتەوە لەبارەی سەرقاڵبوونی ئومەوییەکان بەبژاڤی مەوالییەکان ... تاد ئینجا د. محمد پەراوێزی (۱)ی بۆ ئەم قسەیەی ڤیلهاوزنی داناوەو نووسیویەتی: ولهوزن، الدولة العربية وسقوطها، ص ۱۹۲!

کورتەی مەسەلەکەو هەڵەکەی کاك شوانیش بەم جۆرەیە:

١-د. محمد بدیع چاپی ئەڵمانیی کتێبەکەی ڤیلهاوزنی بەکارهێناوە بەڵام لەناواخنی باسەکاندا پەراوێزەکانی بەعەرەبی نەك بەئەڵمانی نووسیوە بۆیە دەبێت (ل ۱۹۲) هی چاپی ئەڵمانی بێ، ئینجا لەبەرئەوەی کاك شوانی پەراوێزەکەی بەعەرەبی بینیوە وای زانیوە چاپی عەرەبی بەکارهاتووە بۆیە ناوی چاپە عەرەبییەکەی لەشوێنیکەوە هێناوەو زانیارییەکەی لە د. محمد نەقل کردووە (بەسەقەتیو دەستکاریکردنەوە) و نووسیویەتی فلهاوزن، الدولة العربية وسقوطها، لا ۱۹۰-۱۹۲.

نموونەیەکی تری تایبەت بەکتێبەکەی فیلهاوزن لەلاپەرە (۲۸۹)دا دەیبینین. لەپەراوێزی لاپەرەکەدا کاك شوان لێکدانەوەی زاراوەی (مەوالی)مان بۆ دەکاتو ئاماژە بۆ ڤیلهاوزن لاپەرە (۱۷٤) دەکات. بەڵام لاپەرە (۱۷٤)ی هەمان چاپ کەکاك شوان ئاماژەی بۆ کردووە باسی شتێکی زۆر دووتر دەکات، باسی دروستکردنی (قبة الصخرة) و جێو پایەی (قودس) دەکات. تومەز د. محمد بدیع لەلاپەرە (۲۳) کتێبەکەی خۆیدا ئەم لێکدانەوەیەی ڤیلهاوزنی هێناوەو ئاماژەی بۆ لاپەرە (۱۷٤) کردووە کەهی چاپی ئەڵمانییە.

لاپەرە (۱۱۳)ی ماستەرنامەی کاك شوان نموونەیەکی سێیەمی تێدایە. زانیارییەکەی کاك شوان لەسەر پێگەی بژاڤی (خورەمییەت)ەو پەراوێزی (۱) بۆ کتێبەکەی ڤیلهاوزن، لاپەرە ۸۹ دادەنێت. بەڵام ئەم زانیارییە لەو کتێبو لاپەرەیەدا نییە. ئەو لاپەرەیە باسی شەڕی حەسەن وموعاویە دەکات واتە هێشتا سەردەمی ئومەوی نەهاتووە چ جای سەردەمی عەبباسی کە تێیدا خورەمییەت سەری هەڵدا. کتێبەکەش ئەسڵەن باسی سەردەمی عەبباسی ناکات. نەوەکو ژمارەکەش هەڵەی چاپ بێت هەموو ئەم

لاپەرانە گەرام وهیچم تییاندا نەدۆزییەوە: ۹۸، ۱۸۹، ۱۹۸، ۲۸۹، ۲۹۸، ۳۸۹، ۳۹۸، تەنانەت سەیری پیرستی ناوەکانیشم کردو هیچم تیا دەستنەکەوت، ئەی دەبیت ئەمەی لەکویوە هینابیت؟ نەمتوانی بزانم[١].

دوو: پاشان کتیبی (فارسنامە) هەیە.

کاك شوان چەند جاریك لەکتیبەکەیدا ئاماژە بۆ کتیبی (فارسنامە)ی (ابن البلخی) دەکات کە کورد چ پیگەیەکی لەدەولەتی فارسدا هەبووە. لەلاپەرە (۲۳۸)دا بۆ نموونە دەلیت:

((لەنیو گەلانی ئیرانیشدا کورد توانیبووی شوینی دەستی خۆی لەبوارە جیاجیاکاندا بەروونی دیار بکا))وناوی کتیبی (فارسنامە) ل ١٨٦ و نامیلکەی (کوردناسی) لەنووسینی (ئاورنگ)[٢] ل ٢١ دنووسیت. بەلام (ئاورنگ) باسی ژمارەی زۆری کوردەکانی ولاتی فارسی زەمانی زوو دەکات: ((ئەمانە لەناو لەشکری پارسدا دەرکەوتووبوون و ئەسپ و چەك و تفاقی جەنگی چاکیان بەدەستەوە بووە...)).

قسەکان ئاوا دەستکاری کراون! کاك شوان بەو دەستکاریکردنە ناوەستیّ و دەلیّ ((واتە کورد بەهیچ شیوەیەك بەشارستانییەت نامۆ نەبووەو خاوەنی کولتوریکی پیشکەوتووش بووە))، بۆ ئەم قسەیەش ئاماژە بۆ کتیبی نووسەریکی کورد دەکات!

(ئاورنگ) لەو قسەیەی سەرەوەیدا ئاماژە بۆ هەمان کتیبی (فارسنامە)و لاپەرە ١٨٦ دەکات! کاك شوان هەمان رەفتار لەلاپەرە (١٤٨) و (١٩٥) دەکات و ئەم جارە ناوی سەرچاوەی تر دەبات بەپال (فارسنامە) و (کوردناسی).لەشوینی تریشدا بەهەمان شیوە (فارسنامە) دەنووسیت لەهەمووشیاندا هەر دەلیت (لاپەرە ١٨٦). بە پیی ئەم بەلگانەو بەرای خۆم کاك شوان (فارسنامە)ی نەدیوەو ژمارەی لاپەرەکەی لە نووسراوەکەی ئاورنگ وەرگرتووە.

سیّ- کتیبی (نخبة الدهر في عجائب البر والبحر) لەنووسینی (شیخ الربوة):

گوایە کاك شوان بەکاری هیناوە هەرچەندە ناوی لەسەرچاوەکاندا نەبردووە.

١- لاپەرە ١٨ی کتیبەکەی شوان: لەبارەی نیشتەجیبوونی کورد لەهەریمی جەزیرە. ناوی (نخبة الدهر) ی هیناوەو لاپەرە (٢٥٥) . لەراستیشدا یەك وشە لەبارەی جەزیرەوە نەهاتووە، تەنها باسی کوردە.

٢-ل ٣٦ شوان: ((موسل لەسەردەمی فتووحاتەوە هەتا سەردەمی خەلیفە هارون رەشیدی عەبباسی شارەزووریشی لەخۆگرتبوو)) - نخبة الدهر ل ١٩٠.

بەلام لاپەرەکە باس لەمووسل دەکات لەکاتیکدا باسی شارەزوور لەلاپەرە (١٨٤)دایەو تییدا وتراوە هاوسنووری مووسلەو وتراوە کە (زور بن الضحاك) دروستی کردووە... تاد.

دواییش شوان لەلاپەرە ٣٧ هەمان هەلەی دووبارە کردۆتەوە [٣].

٣-ل ٣٧ شوان: لەبارەی شارەزوورەوە دەلیت زۆر لەمیژوونووسان (...) دەلین دەکەویتە نیوان هەمەدان و مووسل - نخبة الدهر، ل١٩٠.ئەو لاپەرەیەی (نخبة الدهر)یش ئەوە لەبارەی شارەزوورەوە دەلیت کە لە خالەکەی سەرەوەدا بینیمان.

٤-ل ٣٦ شوان: کاك شوان باسی مووسل دەکات کە بەر لەفتووحات و هاوکاتی فتووحات دوو قەلای بووە (کە ئەمە راستە) بەلام دواتر دەلیت قەلای خۆرهەلاتیان موسل بووە (بۆ ئەم زانیارییەی دوایی نخبە الدهر، ل ١٩٠، بەتەنیا دەنووسیت) و خۆرئاواش نەینەوا بووە.

بەلام نخبة الدهر ریك پیچەوانەی ئەمەی تیدایە: پیش فەتح دوو قەلا بور، رۆژهەلاتیان نەینەوای پیّ دەوترا (...) و رۆژئاواکە پیی دەوترا مووصل.

٥-ل ٣٨ شوان: باسی شاری (تیران شاە) ی نزیك شارەزوور دەکات کە ((بە دووپشکە بکوژەکانی بەناوبانگە)) - نخبة الدهر ل ١٨٤. شتی واش لەکتیبەکەدا نییە. تەنانەت ناوی (تیران شاە)یشی تیدا نییە.

تیبینی: ئەوەی ل ١٨٤ی (نخبة الدهر)و کە باسی شارەزووری تیدایە تەنها یەك دیرە.

---

[١] گومانم لەکتیبەکەی (البابکیة)ی (د. حسین قاسم العزیز) هەبوو کە کاك شوان ناوەکەی وا دەنووسیت: دکتۆر قاسم حسین عەزیز هەروەها لەلیستی سەرچاوەکاندا هەلە لەدوو دەزگای چاپکردنی دەکات و سالی دەرچوونی نەنووسیوە کەئەمە بۆ خۆی جیگەی تیبینیە. چاپی یەکەمی کتیبی (١٩٦٦) بووەو نامەی دکتۆرایە لەمۆسکۆ.

[٢] کتیبی (کوردناسی) وەکو کتیبەکانی‌تر پرە لەزانیاریی هەلە یان بیّ بناغە.

[٣] وەکو وتم لەم بەشەی هەلبژاردەی کتیبەدا هەندی جار نەبیت قسەم لەسەر زانیارییەکان نەکردووە چونکە مەبەستی من لیرە مامەلەی شوانە لەگەل سەرچاوەکاندا، دەنا بۆ نموونە ئەوەی لاپەرە ٣٧ دوو سەرچاوەی تری بۆ نووسراوە: فتوح البلدان، ل٣٢٩ و الخراج وصناعة الكتابة، ل ٣٨٣و ئەو زانیارییەیان تیدایە (بەلام یەکەمیان دەلیت ئەم جیاکردنەوەیەی شارەزوور لە مووسل لە کۆتایی حوکمی هارون الرشید بوو). بیگومان هەر لەم بەشەدا زانیاری هەیە لە هیچ لەو سەرچاوانەدا نییە کە شوان نووسیونی بەلام باسکردنی ئەمە یان باسکردنی پیچەوانەکە، واتە زانیارییەکەیان تیدایە کاری ئەم بەشە نییە بەلکو هی بەشەکەی ترە: پەراویزەکان بەکاملی.

٦-ل ١٣٧ شوان: باسی شەری قوبادی ساسانی و بیزەنتییەکان و گرتنی ئامەدو گواستنەوەی خەلکەکەی بۆ ئەررەجان ((بەڵام ناچار بوو ئاشتی لەگەل بیزەنتییەکان بکات بەهۆی هیرشی لەناکاوی هۆزەکانی هۆن)) – نخبة الدهر ل ١٧٧.

راستیی زانیاریی ناو (نخبة الدهر)یش ئەوەیە قوباد قەنتەرەیەکی دروستکردبوو و خەلکی (ئامەد)ی بۆ راگواست، کتیبەکەش و باسەکەش جوگرافییە نەك میژوویی ئیتر نەباس لەشەرو ئاشتی و نە لەهۆزەکانی (هون)..ی تیدا نییە.

چوار– (شذرات الذهب فی اخبار من ذهب)ی (ابن العماد الحنبلی):

ئەوەی بینیومە شوان لە یەك شویندا ئەم کتیبەی وەك سەرچاوە نووسیوە.

ل ٢٠٠ شوان: ((بۆچوونیکی تریش دەلیٔ دوای نهاوەند خەلك گەرانەوە هەریمەکانیان و ئۆردوی کوفە لەگەل حذیفة مانەوەو پەلاماری ئازربیجانیان داو دواتر لەسەر ئەوە ریککەوتن سالآنە ٨٠٠ هەشت سەد هەزار درهەم بدەن بەعەرەبەکان) – شذرات الذهب ج١/ل ٣٢.

جاریٔ کتیبەکە میژوویەکی زۆر کورتە. بەسیشە بزانین کەبۆ سالی (٢٢)ی کۆچی تەنها پینج دیر تەرخانکراون.لەو لاپەرەیشدا وتراوە: لەو سالەدا ئازەربایجان لەسەر دەستی (المغیرة کوری شعبة) گیراو شاری نەهاوەند بەصولح، دینەوەرو هەمەدانیش بەشەر لەسەر دەستی حوذە یفە..

پینج: (تاریخ الموصل) لەنووسینی (الازدی):

ل ٤٤ شوان: کاك شوان باس لە (سنجار) دەکات و دەلیت ((بەڵام ئەو سەردەمەی ئیمە لیکۆلینەوەی لەسەر دەکەین سەر بەئوستانی موسل بووە) – الازدی ج٢/ل٣٣.

ئەو کتیبە لەئەسلدا سیٔ بەشەو تەنها بەشی دووەمیان ماوە[1]. دوو تەرتیبیش بۆ ژمارەی لاپەرەکان دانراوە یەکەمیان هی نووسەری کتیبەکەیەو ئەوەی تریان هی (محقق)ەکەی. لاپەرە (٣٣)ی تەرتیبی (محقق) پەرەیەکی سپیەو لاپەرە (٣٣)ی نووسەر تەنها ناوی سنجار لەگەل چەند شوینیکیتر هاتووە کە سەر بە مووسلە. بەڵام ئەمە لەرووداوەکانی سالی (١١٣)ی کۆچیدا باسکراوە لەکاتیکدا ئەو سەردەمەی کەشوان لیکۆلینەوەکەی لەبارەوە ئەنجامداوە زیاد لەنەوەد سال پیش ئەوەیە. ئینجا ئەگەر ئەمە نیشانەی ئەوە نەبیت کتیبەکەی نەدیبیٔ دەبیٔ نیشانەی چی بیت؟ ئەوەشی دیومە شوان یەك جار ئەم کتیبەی نووسیوە (نالیم بەکاریهیناوە!).

شەش – (کتاب قرة العین من تاریخ الجزیرة والعراق والنهرین)ی (محمد رشید سعدی)

سەرەتا شوان لەسەرچاوەکاندا (ل ٣٠٥) ناوی نووسەرەکەی وا نووسیوە (محمد رشید بن العالم السید داود الزاهد السید السعدي) لەکاتیکدا ناوی نووسەر لەسەر کتیبەکە بەم جۆرەیە (محمد رشید بن العالم العامل المرحوم السید داود بن الورع الزاهد السید سعدی). هەلەی نەقل بەهەرحال بەڵام شوان نەیزانیوە کە (العالم العامل) دوو وەسفن بۆ (السید داود) و واتاکەیان ئەوەیە کەزانایەو کار بەعلمەکەی دەکات (ئەمەش تەعبیریکی نووسینە ئیسلامییەکانە)و کاك شوان وایزانیوە (العالم) ناوە یان نازناو، هەمان شتیش بۆ باپیری محمد رشید (السید سعدی) کە وەسفی (الزاهد)ی بۆ نووسراوە ئەمەش جگە لەوەی ئەمەیان لای کاك شوان بۆتە باوکی (محمد رشید). ئینجا بزانین جگە لەوە چۆن مامەلەی لەگەل کتیبەکەدا کردووە.

١-ل ٢١ شوان: لەبارەی نەسیبینەوە[2] دەلیت بەر لە ئیسلامبوون مەسیحیو جوولەکە بوون و پاشان دەلیت ((چونکە نوینەری حەزرەتی مەسیح لەکاتی ژیانی مەسیح هاتۆتە ئەم شارو ناوچەیە هەروا دوای مەسیحیش بلاوکردنەوەی ئەم ئاینەیان لەئەستۆ گرتووە)) – قرة العین ل ١٨-١٩ (بەتەنیا).

خاوەنی (قرة العین) لەراستیدا چی دەلیت؟ ئەو تەنها دەلیت کەئەمرۆ (کاتی نووسەر) زۆربەی خەلکەکەی موسلمانن و کەمیك جوولەکەو نەصرانیی تیدایە، هەموو باسەکەی نەسیبینیش کەمترە لەچوار دیر(وەکو باقی شارەکانی تر چونکە کتیبیکی بچووکە) ئیتر نەباسی هاتنی نوینەری مەسیح (سەلامی خوای لیٔ بیت) و نەباس لەبلاوکردنەوەی ئاینەکەی کراوە [3]. بروانە کە لە سەرەوەدا ئاماژەی (بەتەنیا) مان دانان واتە تەنها ئەو سەرچاوەیەی نووسیوە نەك لەگەل سەرچاوەی تردا تابلیین ئەم زانیارییەی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، هەرچەندە ئەمەشی بکردایە هەر هەلە دەبوو چونکە پیویستە بۆ زانیارییەك ئاماژە بۆ دوو سەرچاوە نەکریت ئەگەر لەیەکیکیاندا بەکورتی هاتبیت، خۆ ئەگەر زانیارییەکە لەو یەکەیاندا نەبیت ئەوا هەروەکو ئەوەیە بەتەنیا ناوی بردبیت و وەکو حالەتەکەی ئیستای خۆمان بەلگە دەبوو لەسەرئەوەی کتیبەکەی نەدیوەو ئەو قسەیەی لەسەرچاوەیەکی ترەوە نەقل

---

[1] بڕوانە ل (١٥)ی تەرتیبی لاپەڕەکانی (محقق)ی کتێبەکە.

[2] شوان بەردەوام دەنووسێت (نوسەیبین) کە ئەمە هەڵەیەو ڕاستەکەی نەسیبین(نەصیبین)ە، بڕوانە معجم البلدان، بەرگی٥، بابەتی نەسیبین، ل٢٨٨. سەیرە کە سەرپەرشتیاری شوان و سیٚ دکتۆرەکەی تر نەیانتوانی ئەو هەڵەیە بە شوان چاك بکەنەوە.

[3] لێرەدا مەبەست موناقەشەی ئەوە نییە نوێنەری مەسیح هاتبیٚ یان نا بەڵکو مەبەست ئەوەیە کاك شوان سەرچاوەکەی بەڕاستی دیوە یان نا.جارێکی تر دەڵێم لەم بەشەدا کەم جار نەبێت موناقەشەی زانیارییەکان ناکەین.

کردووە. پاش ئەوەش ئەگەر زانیارییەك یان زیاتر بەڕاستی نەقڵ بکات دیسان تۆمەتەکەی لەسەر لاناچێت چونکە یەك بەڵگە لەم بارەیەوە بەسە بۆ تاوانبارکردنی نووسەر.

٢-ل٢٢ شوان: نەسیبین ((بە دووپشکە کاریگەرو بکوژەکانی بەناوبانگە)) قرة العین، ل٢٥-٢٦.

بەڵام نەسیبین ل ١٧-١٨ باسکراوە (تێبینی ئەوە بکە ئەمە هەمان چاپە) و لەلاپەڕە (١٨)دا نووسراوە دووپشکی بکوژی تێدایە نەك بەو دووپشکانە ناسرابێت.

٣-ل٢٤ شوان: لەپەراوێزدا باس لەشاری حەڕڕان کراوە گوایە ناوی (بەهاران) بوو و ئەمەیان ناوی برای ئیبراهیمی پێغەمبەر بوو (...) چونکە ئەو بنیادی ناوەو دواتر ناوەکە تەعریب کراوەو بووە بە حەڕڕان - (قرة العین - ل ١٧).

هەموو باسی حەڕڕان لەو کتێبەدا سێ دێرو نیوە.خاوەنی (قرة العین)یش باسی ئەوە دەکات کە لە حەڕڕاندا نوێژگایەکی صابیئییەکان هەیە کە دەیگەڕێننەوە بۆ ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت)، ئیتر هیچ لەم باسانەو لە تەعریبی ناوەکە نەوتراوە. حەڕڕان ناوێکی زۆر کۆنەو کاك شوان لە گیرفانی خۆی ناوی بەهارانی دەرهێناوە..

٤-ل ٢٥ شوان: هەر لەبارەی حەڕڕانەوە: ((دەکەوێتە سەر ڕێگای موصڵ و شام و ڕۆم)) - قرة العین ل ١٧. یەك وشە لەم بارەیەوە نییە.

٥-ل٢٩ شوان:میافارقین((دانیشتوانەکەی تێکەڵاون لەموسڵمان و مەسیحی)) -قرة العین ل١٩.بەڵام خاوەنی کتێبەکە ئەمە دەڵێت:((خەڵکەکەی موسڵمانی تورکن و نەصرانیی ئەرمەنن)).

حەوت - کتێبی (الاثار الباقية عن القرون الخالية)ی (البیرونی)

کاك شوان (ل ٢٧٣-٢٧٤) باس لەباجی (نەورۆزانە) و (میهرەگانانە) دەکات کە خەڵکەکە دەیاندان بەپادشا ساسانییەکان و لەسەردەمی خەلیفەی ئومەوی (موعاویە) زیندووکرانەوە، پاشان دەڵێت موعاویە داوای لەخەڵکی ڕەشەخاك (ارض السواد)ی کرد نەورۆزانە بدەن و بەمە توانی بڕی دە هەزار دینار کۆبکاتەوە- البیرونی، ل ٣١، ٣٤.

بەڵام بابزانین بەیروونیخۆی چی دەڵێت: بەیروونی (ل ٣١ بەدواوە) باسی مێژوو دانان و کاتی وەرزەکان و کاتی کشتوکاڵ.. تاد لای ساسانییەکان دەکات، مەسەلەکەش لەوەوە هاتووە کەخەلیفەی عەبباسی (المتوكل) بینی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هێشتا سەوزن بەڵام خەراجی زەوی لەوکاتەدا دەدرێت. ئەوانەی لەگەڵیدابوون بۆیان ڕوون کردەوە کە ئەمە لەکاتی پادشایانی فارسەوە هەبووە. ئیتر هیچ لەو باسە دووردرێژەی بەیروونی لەبارەی مێژوودانان پەیوەندیی بەباجی نەورۆزانەو میهرەگانانە نییەو هیچی تێدا نییە لەبارەی موعاویەو وەرگرتنی دە هەزار دیناری نەورۆزانە ئەمەش بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی شوان چاوی بەو کتێبە نەکەوتووە[1].

سەبارەت بەو دە هەزار دینارەی موعاویە کۆی کردوونەتەوە لەکتێبەکەی دکتۆر (توفیق الیوزبکی): دراسات في النظم العربية الاسلامية، باس لە دە هەزار درهەم کراوە نەك دینار (دینار لە کاتی عومەر ١٢ درهەم بوو، بڕوانە الیوزبکی ل١٢٦ ئەویش لەمیانەی قسەی تر).

باسەکەی بەیروونی ئەوە بوو کەبینیمان کەچی دەبینین کاك شوان لەلاپەڕە (٩٦)دا دەڵێت ((چەندین جەژنی تایبەت بە کشتوکاڵ لەئاینی زەردەشتیدا هەبوو)) و ئاماژە بۆ لاپەڕە (٢٤١)ی کتێبی بەیروونی دەکات کە ئەویش هەروەکو باسەکەی تر لەبارەی مێژوودانان و کاتی وەرزەکانە... و هەمان شت هی سەردەمی عەبباسییە.

هەشت - کتێبی (المشترك وضعاً والمفترق صقعاً)ی یاقوت الحموی.

ل ٤٢ شوان: باس لەپردەکەی زاخۆ (الحسنية) دەکات: ((کورد پێی دەڵێن پردی دەلال یان پردی مەزن)) - المشترك وضعا، ل ١٥٠ (بەتەنیا).

تەماشای کتێبەکە بکە دەبینی یەك وشەی لەبارەی پردەکە تێدا نییەو تەماشای پێڕستی ناوەکانیش بکە ناوی (الحسنية) نابینی. ئەو لاپەڕەیەش تەنها باسی ڕووباری خابوور دەکات.

ئینجا خوێنەر هەقیەتی دوای ئەمە بەوە پێبکەنێت کە گوایە یاقووتی حەمەوی نووسیویەتی ((کورد پێی دەڵێن پردی دەلال یان پردی مەزن))!! قسەکەش خراوەتە نێوان جووتەکەوانە کە نیشانەی وەرگرتنی دەقاودەقە. تێبینی ئەوەش بکە کتێبەکە بەتەنیا وەرگیراوە واتا لەپەراوێزەکەدا تەنها ناوی ئەو کتێبە وەك سەرچاوە نووسراوە.ئەوەی بینیومە شوان تەنها ئەم جارە ناوی ئەم سەرچاوەیەی نووسیوە کەگوایە بەکاری هێناوەو دەرکەوت چاوی پێنەکەوتووە.

نۆ- کتێبی (الجبال والامكنة والمياه) ی (زەمەخشەری).

[1] شوان دوو سەرچاوەی بۆ ئەمە نووسیوە، دووەمیان (کتاب الخراج)ی (ابو یوسف)ە، لەچاپێکی تری کتێبەکەی (ابو یوسف) فەرمانێکی (عومەر کوڕی عبدالعزیز)م بینی کەتیایدا دەڵێت دیاریی نەورۆزو میهرەجان وەرمەگرە (ل ٩٣).

ل٣٢ شوان: باسی چیای جودی هاتووە کە دەکەوێتە سەرووی شاری موصلْ – الجبال والامكنة والمياه ج٥٨/٣ (بە تەنیا).

ئەوەی لەکتێبەکەی شواندا دیومە ئەوەیە شوان یەك جار کتێبەکەی زەمەخشەریی وەکو سەرچاوە نووسیوە. کتێبەکە تەنها یەك بەشە کەچی شوان دەڵێت (ج٣)! دواتر زەمەخشەری لەبارەی جوودییەوە دەڵێت کێوێکە لەلای مووصلْ نەك (سەرووی مووسڵ)، ئینجا لاپەڕەی (٥٧)ی کتێبەکەیە نەك (٥٨).

دە- (اخبار النساء)ی (ابن قيم الجوزية)

ل ٢٩١ شوان: کاك شوان باس لەوە دەکات چۆن عەرەبە موسڵمانەکان بۆیان هەبوو چەند ژنێکی موسڵمانی ناعەرەب بەناوو شێوازی جیا جیاوە بهێنن یان زەوتیان بکەن – اخبار النساء ل ١٣-٢٠ (بەتەنیا).

سەرەتا بەپێی جۆری باسەکانی ئەم کتێبە گومانم هەیە (ابن القيم) نووسیبێتی هەرچەندە ناوی ئەوی لەسەر نووسراوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە دوورە لەمەبەستی ئەم بابەتەمان..

ئەو لاپەڕانەی کاك شوان باسیان دەکات (واتە ل ١٣-٢٠) لەچاپی تردا (ل١٢- ٢٠)ن و ئەمە چیرۆکێکی دووردرێژە لەبارەی (مەڕوان کوڕی ئەلحەکەم) کە ژنی ئەعرابییەکی زەوت کردبوو و بەزۆر پێی تەڵاق داو ئەمیان پەنای بردە بەر (موعاویە)، کەواتە: یەکەم: ئەمە ڕووداوێکی تاکە، دووەم: ئەمە چیرۆکە نەك حوکمێکی گشتی، سێیەم: باس لەئافرەتی ناعەرەب ناکات چونکە ژنەکە ئامۆزای ئەعرابییەکەیە.

کاك شوان جارێکیتر لەهەمان لاپەڕەدا پەنا دەباتە بەر شتێك کەمترین وەسفی شیاوی ئەوەیە بوهتانە کە دەڵێت: ((واتە پێگەو پایەی ژن هەروەك سەردەمی بەر لەئیسلامی لێهاتەوە چونکە دەتوانرا ئەو ژنانە بکڕن و بفرۆشن و تەنانەت پێشکەش یەکتریشی بکەن)و شوان ناوی (اخبار النساء،ل١٠٤-١٠٥) دەهێنێت کە ڕاستییەکەی ئەوەیە باسی جارییەیەکی (سولەیمان کوڕی عبدالملك)ـەو باسی غیرەتی سولەیمان سەبارەت بەو جارییەیە.شوان بۆ قسەکەی سەرەوەی هەروەها ناوی کتێبی (تاريخ الخلفاء)ی (السيوطی) دەهێنێت کەدواتر دەچینە سەری.

یانزە – گەشتەکەی (ابن بطوطة)

ئەوەی دیومە کاك شوان یەك جار ئەم سەرچاوەیەی نووسیوە. کاك شوان باسی شاری تەبریز (تەورێز) دەکات (ل٨٠)و دەڵێت ((بەڵام دواتر تەورێز گەشەی کردووەو تەنانەت هەندێ لەگەڕیدە موسڵمانەکان بەناودارترین شاری ئازەربیجانی لەقەڵەم دەدەن)) – ابن بطوطة ج٢/ل١٢٩.

لەو چاپەی لەبەردەستمدایەو لەپێڕستی ناوەکاندا سێ جار ناوی تەورێز هاتووەو تەنها لەیەکێکیاندا گەڕیدەکە باسی چوونی ناو شارەکە دەکات و وەسفی شارەکەو بازاڕە گەورەکانی دەکات ئیتر ناڵێت ناودارترین شاری ئازەربایجانە.

دوانزە – (تاريخ غرر السير)ی (الثعالبي)

١-ل ٩٥ شوان: ((واتە ئاینی زەردەشتی بڕوای بەزیندووبوونەوەو ڕۆژی حیساب هەبووە)) – الثعالبي ل ٢٥٨.

شتی وا لەوێدا نەوتراوە. ((جارێکی تر تێبینی بکە ئێمە موناقەشەی خودی زانیارییەکان ناکەین بەڵکو ڕەفتاری نازانستیی و دوور لە ئەمانەتی کاك شوان)).

٢-ل٩٦ شوان: باس لە ململانەی نێوان هێزی چاکە (ئەهورامەزدا)و هێزی خراپە (ئەهریمەن) کە ((چوار قۆناغ دەخایەنێ کە دەرئەنجام بە سەرکەوتنی هێزی چاکە (ئاهورامزدا) کۆتایی دێت)) – الثعالبي ل ٢٥٨- ٢٦٠.

یەك وشە لەمانە نییە لەو لاپەڕانە. لەلاپەڕە (٢٦١)ی کتێبەکەی (الثعالبي)دا باس لەو باوەڕە دەکات کەخوداوەند فیکرەیەکی خراپی کردو لەمەوە ئەهریمەنی خراپەکاری لێدەرچوو. ئیتر نەچوار قۆناغ و نەهیچ.

٣-ل٩٦ شوان: شوان دەڵێت کە لە ئاینی زەردەشتی چوار توخمی پیرۆز هەیە – هەوا، ئاو، ئاگر، خۆڵ کە نابێت پیس بکرێن (الثعالبي ل ٢٥٨).

ئەو لاپەڕەیە هیچی وای تێدا نییە. تەنها باسی ئاگر کراوە کەبەپیرۆز زانراوە باسی ئاویش لەلاپەڕە (٢٥٩)دا هاتووە (تێبینیی ئەوە بکە هەمان چاپمان بەکارهێناوە).

سیانزە – (الجزيرة الفراتية والموصل)ی (محمد جاسم حُمادي)

١-ل٣٤ شوان: باس لە (جزيرة ابن عمر) ـە: ((بەرلەوەی ئاوەدان بکرێتەوە لەسەر دەستی حەسەنی کوڕی عومەری تەغلبی...) – الجزيرة الفراتية، ل ٢٣٠-٢٣١.

باسی ئەوەی تێدا نییە بەڵکو باسی عیراقە.

٢-ل ٣٧ شوان پەراوێز: لەبارەی ناونانی مووصڵەوە کە لەوەوە هاتووە دیجلەو فورات بەیەکەوە دەبەستێت.

ئەمە لەلاپەڕە٩٧ی کتێبی(الجزيرة الفراتية)دا هەیە کە ئەمە ڕایەکە لەناو چەندین ڕا (ل٩٧-٩٨ باسکراون). شوان لەپەراوێزدا دەڵێت ((ئەم بەیەکەوەبەستنە مەبەست هەر لایەنی جوگرافی نییە، بەڵکو لایەنی ئابووریو سیاسی لەخۆ دەگرێت))-الجزيرة الفراتية والموصل، ل٩٦.

بەڵام کتێبەکە هیچی وای تێدا نییە.

٣-ل ٢٦٠ شوان: ((هەروەها سیاسەتی بەعەرەبەکردنی شاری جەزیرەی بۆتان (جزيرة ابن عمر)یشی گرتەوەو هۆزەکانی (بنو ربيعة وبنو عجيل)ی هۆزی (ال بشار)ی تیادا نیشتەجێ کران ژمارەیەکیشیان لەچیای جودی (جبل جودی) نیشتەجێ ببوون)). — حُمادی ل ١٦١.

بەڵام نووسەر باسی سنجار دەکات کە (آل بشار) ی تێدایە وکە وڵاتیان (=دیارُهُم) جەزیرەیە پاشان دەڵێت کە لەگەڵ (بنو ربيعة) و (بنو عجيل) دراوسێنو وڵاتیان لە (سنجار)دایە .. تاد (ل ١٦١-١٦٢)

تێبینی: لای حُمادی (فيسكنها ال بشار وديارهم الجزيرة وهم بنو ربيعة وبنو عجيل جيران..) کەواتای نییەو پێویستە وابێ: (فيسكنها ال بشار وديارهم الجزيرة وهم وبنو ربيعة وبنو عجيل جيران) واتە پێویستە پێش (بنو ربيعة) ئامڕازی (و) هەبێ.ناوبراو قەلقەشەندی بەرگی/١ ل ٢٤٣-٢٤٥ی وەك سەرچاوە نووسیوە بەڵام ئەوەم لەو سەرچاوەیەدا نەبینی (شوانییات؟).

٤-ل٢٦٠شوان: هەروەها بەعەرەبکردن گەیشتە نێوان زێی بچووكو زێی گەورە، هەولێرو دەوروبەری هۆزی (بنو شيبان)ی تیادا نیشتەجێ بوونو دەشتە بەپیتەکانیان بۆ لەوەڕگا بەکاردەهێنا —الجزيرة الفراتية، ل ١٦٦.

نووسەر دەڵێت: هۆزی عەنزە(عنزة) یەکێك بوو لەو هۆزانە کە لەزەوییەکانی ڕۆژهەڵاتی مووصڵ نزیك هەولێر لە(حەززە)دا نیشتەجێ بوونو کە پەیمانیان لەگەڵ هۆزی (شەیبان)دا هەبووە.

چواردە – (بلدان الخلافة الشرقية)ی (گی لو سترانج) Guy Le Strange

١-ل٢٦شوان: لەبارەی شاری حسنکیف (حصن کیفا): ((دەکەوێتە نێوان دیجلەو میافارقینو جەزیرەی ئیبن عومەرەوە)) — لو سترانج، ل١٤٤.

بەڵام لوسترانج باس لە (حصن کیفا) دەکات کە لەسەر قەراغی باشووری ڕووباری فوراتدایە لەنێوان شوێنی ڕژانی ئەو دوو ڕووبارەی لە باکووری میافارقینو (ئەرزن)ەوە دێن لەناویدا.

٢-ل٢٧ شوان : ((هەندێ لە مێژوونووسو گەڕیدە موسڵمانەکان دەربارەی ئامەد دەڵێن دەکەوێتە کەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە)).

کاك شوان ناوی سێ سەرچاوە دەبات ، ئەوەی لو سترانج (ل ١٤٠) یەکێکانە. بەڵام ناوبراو پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: ڕۆژئاوای دیجلە واتە لای دەستی ڕاستی ... ئەمەشیان قسەی خۆیەتی نەك هی مێژوونووسو گەڕیدەی موسڵمان.

٣-ل٨٠ شوان: ئەم ناوە دەهێنێت: نقجوان (نەقشەوان) "نشوی" ئەویش لەگەڵ تەوریزو دەڵێت نزیکەی ٣٦ کیلۆمەتر لەیەکتری دوورن — لوسترانج ل ١١٤. لوسترانج ل (٢٠١) باس لە نەخچەوان دەکات... لەکاتێکدا ئەو لاپەڕە (١١٤) یەی شوان دەینووسێت نەخشەیەکی لە بەرامبەردا هەیە. پاشان بەپێی ئەو نەخشەیە نێوان نەخچەوانو تەبرێز نزیکی٢٠٠ کیلۆمەترە!!

پانزە – (تقويم البلدان)ی (ابو الفداء):

لە بەشەکەی تردا شت دەبینین لەبارەی تەقویمەوەو ئێستا ئەمەیان بەسە:

ل ٥٧-٥٨ شوان: شوان باسی شاری (بروجرد) دەکات کە ٣٠ میل لەکەرەج دوورە — تقويم البلدان، ل ٤١٩.

بەڵام نووسەر باسی دووری ناکات بەڵکو دەڵێت: ((میوەکانی دەبرێن بۆ کەرەج)) !!

شانزە – مێژووەکەی (ابن خلدون):

لەبەشی دووەمدا ئەمە لەگەڵ سەرچاوەی تردا دەبینینەوە. ئێستا با هەر خۆی بگرین.

١-ل ١٨١ شوان: کاك شوان لەبارەی هورموزانەوەو ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ موسڵماناندا توانج دەگرێتە ئەو موسڵمانانەو دەڵێت: وا دەردەکەوێت بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لەسەرووی مەبەستەکانی تر بووە – ئیبنو خەلدوون ، مج ٢، ج ٢، ل١١٢.

کەچی ناوبراو هیچ شتێکی وا ناڵێت.

٢-ل ٢٤٨ شوان: شوان باس لەئازەربایجانو لەپەلاماردانی ساڵانەی ئۆردووی کووفە دەکات کە هەر جارەی دە هەزار جەنگاوەر بەشدارییان تیادا کردووە- ئیبنو خەلدوون، مج٢/ج١/ ل١٢٧-١٢٨.

ئیبنوخەلدون هیچی لەم بارەیەوە نەوتووە. شوان هەڵەشی لەژمارەی بەشی بەرگەکە کردوە کە بەشی دووەمە نەك یەکەمو شتێکی خۆش لەم بارەیەوە هەیە (بڕوانە خوارتر).

٣-ل ١٨٣ شوان: شوان دەڵێت هورموزان لە (رامهرمز)ەوە داوای ڕێکەوتن و ئاشتیی لە (حرقوص) و (جزء بن معاوية) کردەوە-ئیبنوخەلدوون ،مج٢/ج٢/ ل١١٢ .

ئیبنو خەلدوون تەنها ئەوە دەڵێت کە هورموزان داوای صوڵحی کرد کە باقی ئەو ولاتەی لەژێر دەستیدا بوو بمێنێتەوە ژێر دەستی.

٤-ل١٨٢ -١٨٣ شوان: (جزء بن معاوية) شاری (دورق)ی گرت و خەلیفە عومەرو (عتبة بن غزوان)ی لە سەرکەوتنەکانی ئاگادار کردەوە - ئیبنو خەلدوون مج٢/ج٢/ ل١١٢ (بەتەنیا).

ئیبنو خەلدوون دوای باسی گرتنی (دەورەق) دەڵێت خەڵکی فارس کۆبوونەوەو هەواڵ گەیشتە (حُرْقوص)و (جُزء)و (سُلْمی)و (حَرْمَلة) ئەوانیش نامەیان بۆ عومەر نارد. ئیتر نە (جزء) بەتەنیا شتی نووسیو نە نامەکە لەبارەی سەرکەوتنەکان بوو و نە (جزء) نامەی بۆ (عتبة) ناردووە. بڕوانە لێرەدا ئیبنو خەلدوون بەتەنیاو بێ سەرچاوەی تر بەکارهاتووە.

نموونەی تری بەکارهێنانی هەڵەی کتێبەکەی ئیبنوخەلدوون: لاپەڕە (١٨٠) پەراوێزی (٢)، لاپەڕە (١٨١) پەراوێز ١.

یەکێکیش لە شتە خۆشەکان ئەوەیە بەرگی دووەمی ئەو چاپەی کتێبەکەی ئیبنو خەلدوون [1] دوو بەشی تێدایە بەڵام لە کاتی کۆکردنەوەی پەڕەکان و لەبەر لێکچوونی قەبارەو ڕەنگ و چاپی پەڕەکان و ژمارەی سەر لاپەڕەکان ژمارەیەك لە لاپەڕەکانی بەشی یەکەم چوونەتە بەشی دووەم بەهەمان تەرتیب، بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی بەشی دووەم خراونەتە بەشی یەکەم ، خوێنەریش بە چاو هەست بەوە ناکات تا باسەکان نەخوێنێتەوەو نەبینێت لەپڕ باسەکان لەو لاپەڕاندا دەگۆڕێن بەڵام کاك شوان هەستی بەوە نەکردووە. بۆ نموونە باسی (ایذج) لەئەسڵدا لەبەشی دووەمی بەرگی دووەمە بەڵام چونکە ئەو پەڕانە پەڕیونەتە بەشی یەکەم کاك شوان لەجیاتی ئەوەی هەست بەوە بکات و گوێ نەداتە هەڵەی چاپ و پەراوێزەکە وا بنووسێت: تاريخ ابن خلدون، مج٢/ج٢/ل١٣١ دەبینین پەراوێزەکە بەم شێوەیە دەنووسێت: تاريخ ابن خلدون، مج٢/ج١/ل١٣١!

ئەمەی لە لاپەڕە (١٣٤) پەراوێزی (٧) کردووەو جارێکی تر لەلاپەڕە (٢٤٣) پەراوێزی (١)، جارێکی سێیەمیش لە لاپەڕە (٢٤٨) پەراوێزی (٣) هەمان هەڵە دەکات.

حەڤدە - (فتوح البلدان)ی (البلاذری):

شت زۆرە لەسەر ئەم کتێبە.هەندێکیان لەبەشی داهاتوودا دەبینین.لێرەدا ئەمانە بەسن.

١-ل ١٨١ شوان: شوان دەڵێت هورموزان ((پەنای بردە بەر کوردەکان و لەشکرێکی زۆری لێکوبۆوە، ئەمەش عەرەبە موسڵمانەکانی خستە مەترسییەوە، چونکە کوردەکان بەئازایەتی و لەخۆبووردەیی لەشەڕدا ناسرابوون)).

کتێبی فتوح البلدان(ل ٣٧٥) یەکێکە لە سەرچاوەکان کەچی ئەو لاپەڕەیە نەباسی هورموزانی تێدایەو نە وەسفی کوردی تێدا کراوە و باس کورد لێرەدا ئەوەیە کە ئەمان لە خەڵکی (سنبيل) و (الزط) کۆبوونەوە.

٢-ل٢٦٢ شوان: شوان دەڵێت: تەنانەت کێشە لەسەر داهاتی نەهاوەندو دینەوەر کەوتە نێوان هەردوو ئۆردووی سەربازی کووفەو بەسرەی عەرەبە موسڵمانەکان بەڵام دواتر موعاویە داهاتەکەی بەسەر هەردوو لا دابەش کرد چونکە خەراجەکەی زۆر بوو - فتوح البلدان ، ل ٣٠٣ (بەتەنیا).

بەڵام ناوبراو باسی کێشەی نێوان دوو ئۆردووەکە ناکات و ئەسڵەن باس لە ئۆردوو ناکات بەڵکو باسی خەڵکی دوو شارەکە دەکات ئەویش کە خەڵکی کووفە زیادیان کردو پێویستیان بە خەراجێکی زیاتربوو ، ئەوەبوو دینەوەرو نەهاوەند ئاڵوگۆڕیان پێکرا، ئەمەش لەکاتی موعاویەدا بوو. ئیتر نەباسی ئەوە کراوە داهاتی دوو شارەکە زۆر بووەو نە موعاویەش خەراجی دوو شارەکەی بەسەریاندا دابەش کرد.

٣—ل٢٩٠ شوان: شوان دەڵێت: ((عەرەب ببوون بە چینی دەسەڵاتداری ئۆروستوکراتی کۆمەڵگای دەوڵەتی خیلافەت، لەبەرامبەردا موسلمانی ناعەرەب لەڕووی ئابوورییەوە لەوپەڕی خراپیدا دەژیان)) - فتوح البلدان، ل٢٧٩.

ئەمەش بوهتانێکی گەورەیە چونکە هیچی وا لەم لاپەڕەیەدا نییە (تەنانەت سەیری ئەم لاپەڕانەش بکە نەوەکو هەڵەی چاپ بێت: ٢٨٩، ٢٩٧، ٣٧٩، ٣٨٩ دەبینی دیسان ئەوەیان تێدا نییە). بەپێچەوانەی ئەوەش کە شوان دەیڵێت لەو لاپەڕەیەی شوان نووسیویەتی (ل ٢٧٩) باسی چوار هەزار سەربازی دەیلەمیی ناو لەشکری روستەم کراوە کە لە شەڕی قادسییە لەگەڵ روستەمدا بوون. ئەمانە پاش شکستی لەشکری ساسانی داوای ئەمانیان کردو بەو مەرجە بوونەموسڵمان کە لەو شوێنەدا نیشتەجێ بن کە حەزیان لێیەو حەلیفی ئەو عەشیرەتە عەرەبە بن کە خۆیان پێیان خۆشەو (عەطاء)ی پێ بدرێت. موسڵمانانیش ئەمانەیان بۆ جێبەجێ کردن. ئەمانە بوونە موسڵمان و بەشداریی گرتنی مەدائین و شەڕی جەلەولایان کردو پاشان لە کووفە نیشتەجێ بوون.

---

[1] چاپی ١٩٧٩ کە لە کتێبخانەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی وەرمگرتبوو و دیارە شوان لە هەمان شوێنەوە وەریگرتووە - ڕەنگە هەرچی نوسخەی تر وایان لێ هاتبێ.

٤– ل٢٩٠ شوان: ناعەرەبەکان بە وتەی شوان: لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبوایە نیشانەی دیاریکراو بە سنگییانەوە بێت تاوەکو بناسرێنەوە – فتوح البلدان ل ٣٦٨. ئەمەش بوهتانێکی ترەو ئەو لاپەڕەیە هیچی وای تێدا نییە.هەر بۆ دڵنیایی و نەوەکو هەڵەی چاپ بێت تەماشای ئەم لاپەڕانەم کرد ٢٦٨، ٢٨٦، ٣٨٦ و شتی وا نەبوو.

هەژدە – مێژووەکەی (تەبەری):

لەبەشی داهاتوودا ژمارەیەك نموونەی مێژووەکەی (تەبەری) لەگەڵ سەرچاوەی تر دەبینینەوە. لێرەدا ئەم دوو نموونەیەمان هەیە.

١–ل ٢٤٤ شوان: شوان قسەیەکی دووروردێژ دەکات لەبارەی گوایە جاری دووەمی ڕاپەڕینی شاری (ماسبە ذان)و دەڵێت شارەکە ڕاپەڕیو خەڵکەکەی توانییان ناوچەی (صیمرەو ماسبدان) ڕزگار بکەن بەڵام خەلیفە عومەر (سَلَمة بن قيس الاشجعي)ی بەهێزێکەوە نارده سەریانو دوای شەڕو کوشتار توانی ناوچەکە داگیر بکاتەوە – تەبەری ج٥/ل٥٠–٥١.

بەڵام هیچ لەبارەی ڕزگارکردنی صەیمەرەو (ماسبە ذان) نییە بەڵکو تەنها باسی شەڕەکەی سەلەمە کراوە.

٢–ل ٢٤٤ شوان: دوایی باسی گوایە جاری سێیەمی هەڵگەڕانەوەی (ماسبە ذان) دەکات – تەبەری ج٥/ل٧–٨ لەکاتێکدا تەبەری باس لەماسبەدان ناکات بەڵکو لەنەهاوەند. بڕوانە کەچۆن لای شوان هەڵگەڕانەوەی دووەمی ماسبەدان لەلاپەڕە (٥٠–٥١)ی تەبەریدا هاتووە کەچی هەڵگەڕانەوە سێیەم لەلاپەڕە (٧–٨)دا تەبەریدا نووسراوە واتە تەبەری سەرەتا باسی هەڵگەڕانەوەی سێیەم دەکاتو پاش (٤٣) لاپەڕە باس لەهەڵگەڕانەوەی دووەم دەکات!!

نۆزدە – سیاحەتنامەی (ئەولیا چەلەبی):

کاك شوان تەنانەت لە کتێبی کوردیش باش تێنەگەشتووەو زانیارییەکانی بە دروستی نەقڵ نەکردووە، لە خوارتریشدا چەند کتێبێکی تری کوردی دەبینینەوە:

١–ل ٣١ شوان: کاك شوان باسی شاری مەلاتیە دەکاتو دەڵێت خەڵکەکەی کوردو تورکومانن بەڵام زمانە تورکمانییەکەیان جۆرێکە تورکەکان باش لێیان حاڵی نابن، ڕەنگە ئەمەش کاریگەری زمانی کوردی بێت لەسەریانو زۆربەشیان موسڵمانن – سیاحەتنامە، ل ١٦–١٧، ل ٢٥.

بەپێی ئەو پەراوێزەش کە شوان دایناوە خوێنەر وا دەزانێت قسەی ((ڕەنگە ئەمەش کاریگەری زمانی کوردی بێت لەسەریان)) قسەی ئەولیا چەلەبییە بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە قسەی شوان خۆیەتی. قسەکەی شوانیش کەوتۆتە نیوان دوو قسەی ئەولیا و شوان بۆ هەموویان یەك پەراوێزی داناوە. جگە لەمە ئەولیا دەڵێت هەموویان موسڵمانن (ل٢٥) نەك زۆربەیان.

٢–ل ٢٨ شوان: شوان لەزاری ئەولیا باسی (ئامەد) دەکات کە مێژوونووسانی عەجەم دەڵێن: لەبەر ئەوەی کچێك حوکمی کردووە.. تاد (ل ٣٢– بەتەنیا) کەچیئەولیا خۆی دەڵێت بنیاتنەری کچ بووە (نەك کچ حوکمی کردووە).

بیست: (التاريخ الاسلامی)ی (محمود شاكر)

کاك شوان بێ ئەوەی ناوی کتێبەکە لەلیستی سەرچاوەکاندا بنووسێت ئەم کتێبە زۆر بەکاردەهێنێت. لێرەدا ئەم چەند هەڵەیەم هەڵبژارد.

١–ل ١٦٨ شوان: شوان دەڵێت (نعمان بن مقرن المزنی) نامەیەك بۆ خەلیفە عومەر نارد کە لەجیاتی ئیشی باجگری بینێرێت بۆ ئۆردوویەکی موسڵمانان تا تیایدا درێژە بە جیهاد بدات و خۆی کارەکەی ئێستای بە پیاوێکی پیرو سۆزانییەك دەشوبهێنێت... تاد– التاريخ الاسلامی مج٢/ج١/ل١٨٣–١٨٤. هەرچەندە باسی نامەیەکی وای (النُعْمان کوڕی مُقَرِّن) لەسەرچاوەی تردا هەیە هەیە بەڵام ئەو کتێبە یەك وشەی لە قسەکەی شوانی تێدا نییە مەگەر ناوی عومەرو النُعْمان. لەم کتێبەدا نامەی عومەر بۆ النُعْمان و کەسانی تر باسکراوەو کە تێیدا فەرمان دەدات هەر یەك بە لەشکرەکەی خۆیەوە دەربچێت و کە بەیەك گەشتن النُعْمان دەبێتە سەرکردەیان.

٢–ل ١٨٦ شوان: شوان باس لە هورموزان دەکات کە بەرگرییەکەی ((توندتر دەکراو دانیشتوانیش هاوکارییان دەکرد)) – التاريخ الاسلامی مج٢/ج١/ل١٨١.

لەچاپەکەی لای خۆشم ل ١٧٦: هیچ شتی وای تێدا نییەو هەرئەوەندە (ابو سبرة) ژمارەیەك جەنگاوەری زۆری لەگەڵ هورموزاندا بینی.

٣–ل ٢١٣ شوان: مەحموود شاکر باسی ژیریی عومەر کوڕی خەتتاب دەکات کە دەترسا کۆمەڵگەی ئیسلامی پیس بێت (ل ١٨٥ چاپی لای خۆم) کەچی کاك شوان باسی لەشکرەکانی عومەر دەکاتو دەڵێت ((خەلیفە عومەریش زۆر لەوە زیرەکترو بەئاگاتر بوو کە لەشکرەکەی بخاتە مەترسییەوە)) . التاريخ الاسلامي مج٢/ج١/ل ١٩١–١٩٢.

٤-ل ٢١٧ شوان: ((بۆچوونێکی تر دەڵێ حەڕانیەکان بەر لەگەیشتنی لەشکری عیاض بۆ شارەکەیان، چۆڵیان کردبوو، چووبوون بۆ شاری ئۆرفە))- التاریخ الاسلامی مج٢/ج١/ل١٦٤.

لەچاپی لای خۆم ل ١٥٩: تەنها باسی سوڵحی عیاض لەگەڵ خەڵکی حەڕان و ئەلرەها (ئۆرفە)و ئەلڕەقەو ئەو شتەی کاک شوان نەنووسراوە. قسەکە لە سەرچاوەی دووەمی شواندا (فتوح البلدان، ل١٧٩) هەیە.

بیست و یەك: (احسن التقاسیم)ی (المقدسی البشّاري):

١-ل١٩ پەراوێزی ١٠ شوان: ((وە ئوستانیش دابەش دەبێت بەسەر چەند ڕستاقێك و ڕستاقیش دابەش دەبێت بەسەر چەند تسوجێك (طسوجة) و تسوجیش دابەش دەبێت بەسەر چەند گوندێك)) – احسن التقاسیم، ل٤٧ (بە تەنیا) [1].

(المقدسی) دەڵێت: هەر ئیقلیمێك دەبێت (ژمارەیەك) کوورەی هەبێت و هەر کوورەیەك قەصەبەیەکی هەبێت پاشان هەر قەصەبەیەك (ژمارەیەك) شاری هەبێت...

شوان دەزانێت (کوورە) (ئوستان)ـە، بەو پێیە ئەوەی ئەو لە زاری المقدسی وتوویەتی جیاوازە لە دەقی قسەکە.

٢-ل ٢٥ شوان: لەبارەی ئۆرفە (الرها)وە: ((و سەرەڕای باغ و بێستانێکی زۆرو لەئاوەدانیدا ئەوە کەنیسەی ئەم شارە لەوڵاتی ئیسلام هاوتای نەبووە)) – احسن التقاسیم، ل ١٤٢.

ئەمە لەکاتێکدا کتێبەکە باسی ئەو هەرێمە دەکات کە ئۆرفە تێدایەو دەڵێت دارەخورمای تێدایە و هیچ باس لە باخ و بێستانی زۆرو باسیش لەکەنیسەی ئۆرفە ناکات و تەنها ناوی ئەلرەها هاتووە کەئەسڵی صابیئییەکان لەوێ و لە حەڕاندایە.

٣-ل ٣٩ شوان: خاوەنی (أحسن التقاسیم) – ل٤٧ باس لە دابەشکردنی وڵات بۆ هەرێم و کوورەو .. تاد (هەمان خاڵی یەکەمی سەرەوە) کەچی کاک شوان لەپەراوێزی لاپەڕە ٣٩ سێ دێڕ دەنووسێت کەدوو دێڕی لێکدانەوەی ناوی دەیلەمستانەو پاشان باس لەکوورە دەکات و ئاماژە بۆ (احسن التقاسیم) دەکات. هەڵبەت خوێنەر وادەزانێت کە باسی دەیلەمستان لەو کتێبەدا هاتووە چونکە پاش ئەم قسانەو بەتەنیا ناوی دەبات.

٤-ل ٦٠ شوان: کاك شوان باسی کرماشان دەکات کە ((پێگەیەکی ستراتیژی هەیە، وەك دەربەندێکە بۆ گەشتیاران و کاروانەکانی بازرگانی و ئەمە جگە لەزۆری سەرچاوەی ئاوو باغ و بێستان و خاکەکەش بەپیتە)) – أحسن التقاسیم ل ٣٩٣ ئەمە لەکاتێکدا نووسەر باسی شتیتر دەکات و ئەوەی لەقسەکانی کاك شوان دەچێت تەنها قسەکەیەتی کەدەڵێت ((باخی تێدایە))!

بیست و دوو: وەکو نوکتەیەکی خۆشیش کتێبی (الفاروق عمر) هەیە.

سەرەتا باسی زانیارییەکەی کاك شوان بکەین. پێشتر لەخاڵی (٣)ی کتێبەکەی (محمود شاکر)دا باسی وەسفەکەمان بینی کە بۆ عومەر کوڕی خەتتاب لەلایەن شوانەوە کراوەو کە لەوە زیرەکتر بوو لەشکرەکەی بخاتە مەترسیی (لاپەڕە ٢١٣ شوان). بۆ هەمان زانیاری لاپەڕە ١٧- ٢٥ی کتێبی (الفاروق عمر) دەنووسێت و ناوی نووسەری کتێبەکەی وا نووسیوە: د. محمد حسنین هیکل (هەمان شتیش لە لیستی سەرچاوەکاندا دەنووسێت).

یەکەم شت: ئەمە زۆر سەیرو سەمەرەیە بۆ یەك دوو دێڕ وەك سەرچاوە لاپەڕە ١٧-٢٥(واتە هەشت لاپەڕە) بنووسرێت. پاشان کتێبەکە دوو بەشەو کاك شوان ژمارەی بەشەکە نانووسێت. بەڵام لەهەمووی خۆشتر ئەوەیە نووسەر (محمد حسین هیکل پاشا)یەو کاك شوان وای زانیوە (محمد حسنین هیکل)ی نووسەری ناوداری میسرییە!! ئەم دوو شتەش بەسن بۆ سەلماندنی ئەوەی کاك شوان کتێبەکەی نەدیوە. کاك شوان تەنانەت نەیتوانیوە ساڵی لەچاپدانی بنووسێت.

بیست و سێ: (تاریخ الخلفاء)ی (السیوطی):

١-کاك شوان (ل ٢٣٣) باسی مووسڵ دەکات: ((وە جارێك لەسەر دەستی لەشکری شام گیراوە ساڵی ١٨ ك)). شوان ناوی کتێبی (تاریخ الخلفاء، ل ١٣٢) لەنێوان ژمارەیەك سەرچاوەی تر دەبات. ئەمەش دوای باسی ئەوەی گوایە جارێك لەسەر دەستی لەشکری عیراق ساڵی ١٦ی کۆچی گیرا بوو.

بەڵام سیووطی بەم جۆرە باسی گرتنی مووصڵ ناکات بەڵکو تەنها لەڕووداوەکانی ساڵی ١٨ دەدوێت ودەڵێت مووسڵ و دەوروبەری بەشەڕ گیرا، ئیتر نەباسی ئەوەی کردووە ئەمە جارێکی تر بووەو نەباسی لەشکری شامی کردووە.

٢-ل ٢٧٧ شوان: شوان باسی داهاتی زۆری کوردستان دەکات و دەڵێت: ((بۆشمان دەردەکەوێت کەباپیرانمان چەند ماندوو بوون و بەری ڕەنجیشیان چۆن دیمەشق یان بەغدا لێکێشراوەتەوە و خەزێنەکانی خەلیفەیان لێپڕکردن و بۆ خۆشگوزەرانی و

---

[1] ئەوە دەخەمەوە یادی خوێنەر کەتەعبیری (بەتەنیا) کەبەکاری دەهێنم واتای ئەوەیە شوان بۆ ئەو زانیارییە تەنها ئەو سەرچاوەیەی نووسیوە لەکاتێکدا ئەو زانیارییەی تەعبیری (بەتەنیا) یان لەگەڵدا نەنووسراوە واتای ئەوەیە سەرچاوەی تریش نووسراون جگە لەم سەرچاوەیە.

ڕابواردن و لەشکرکێشی بۆ سەر شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و جێگیرکردنی دەسەڵاتیان خەرجیان دەکرد)) – تاریخ الخلفاء، ل ٣٤٩ – ٣٥٠.

خوێنەر ئێستا وا دەزانێت (السیوطی) ئەمەو وتووە بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ناوبراو باسی خەلیفەی عەبباسی (المتوکل) دەکات کەپارەی زۆری بەشاعیران دەبەخشی و دوو نموونە لەسەر ئەمە دەهێنێتەوە. ئیتر هیچ لەو قسە گەورانە لەو کتێبەدا نەهاتووە.

٣-ل ٢٩١ شوان: شوان جارێکی تر ئەم ڕەفتارە دەکات و باس لەوە دەکات کەعەرەب چینی دەسەڵاتدار بوو و ئەو شتانەیان دەکرد کە لە کەلتووری خۆیاندا باو بوو و لایان مەبەست نەبوو ئەمە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا بگونجێت یان نا بەمەرجێ مەترسی کورسی و دەسەڵاتی تیادا نەبووایە – تاریخ الخلفاء ل ٢٥١-٢٥٢. ئەمەش هەڵبەستنێکی زەقە چونکە سیووطی باس لەخەلیفەی ئومەوی (الولید کوڕی یزید کوڕی عبدالملك) دەکات و بەخەلیفەی فاسق ناوی دەبات و دەڵێت خەڵکی لەبەر ئەو فسقەی کوشتیان، واتە سیووطی باس لەحاڵەتێکی تاك دەکات و ڕەخنەی لێدەگرێت کەچی شوان، کە لێرەدا لێمان دەبێتە واعیز، بێئەوەی هیچ حسابێك بۆ ئەمانەتی زانستی بکات سیغەیەکی گشتکار بەو حاڵەتە دەدات و ئەو قسە گەورانەی سەرەوە دەکات.

لەهەمان لاپەڕەدا باس لەوە دەکات کە ئافرەت وەکو حاڵی بەر لەئیسلامی لێهاتەوەو دەتوانرا ئەو ژنانە بکڕن و بفرۆشن و تەنانەت پێشکەشی یەکتریشی بکەن.

ئەم قسەیەشمان لە باسی کتێبی (اخبار النساء)دا بینی و بینیمان چۆن مەسەلەکە باسی جاریەیەکی سولەیمان کوڕی عبدالملك و غیرەتی سولەیمان بوو. لەمەی سیووطیشدا شوان لاپەڕە ٣٤٩-٣٥٠ دەنووسێت کەچی نەباس لەکڕین و فرۆشتنی ئافرەت و نەباس لەپێشکەش کردنیان کراوە.

بیست و چوار: (محاضرات تاریخ الامم الاسلامیة)ی محمد خضری بك:

١-ل ١٤٦ شوان: گوایە عومەر نامەی بۆ (المثنی) ی ناردبوو کە ((زێتر ڕووبدە وشکانی و ئاگاداری دواوەی لەشکرەکەت بەو لەنزیك ئەوانەوە لەسەر سنووری خاکی ئەوان و خاکی خۆمان ئۆردووەکەت دابمەزرێنە، تا فرمانی منت پێ دەگات)) – محمد خضری بك، ج١، ل٢٣.

جگە لەهەڵەی ناوی سەرچاوەکە، ئەوەی شوان باسی دەکات لەلاپەڕە (٢٠٣)دایە نەك (٢٣) – دیارە هەڵەی چاپە – ئەویش بەشێوەیەکی تر. نامەکە فەرمانیان دەداتێ بکشێنە دواوەو لەناو عەجەمەکاندا نەمێننەوەو لەو ئاوانەی لەم لای سنووری خاکەکانیان بڵاوببنەوە.

٢-ل ٢١٠ شوان: شوان لەوە دەپرسێت ئایا کام لەشکر جەزیرەی گرت و بۆچوونی یەکەم دەڵێت کە تەنها لەشکری عیراق بووەو ناوی ژمارەیەك سەرچاوە دەنووسێت کە یەکێکیان کتێبەکەی سەرەوەیە، ج٢/ل٢١٨.

ئەو بەش و لاپەڕەیە کۆتایی کتێبەکەیەو باسی دیوانەکان و نووسینەوەیان.. تاد دەکات و ئەوەی شوان دەیڵێت لەبەشی یەکەم لاپەڕە (٢١٨) دایەو ئەوە هاتووە کە سێ بەش لە کووفە (لە عیراقدا) دەرچوون بەڵام سەرکردەی گشتی (عیاض) بوو و ئەمە سووك کردنی باری سەرشانی لەشکری شام بوو. ئەم سێ بەشەش هەریەکەیان بۆ شوێنێك بوو: گرتنی (الرقة) و گرتنی نەسیبین و سێیەمیان عەرەبی جەزیرە بهێنێتە ژێر ڕکێفی موسڵمانان. جیاوازیی نێوان ئەمەو قسەکەی شوانیش ئاشکرایە.

بیست و پێنج: (کتاب الوزراء والکتاب)ی (الجهشیاری):

١-ل ٩٣ شوان: کاك شوان لە باسی ئاینی زەردەشتی و هۆزی مەجووسی ئەمە دەنووسێت: ((واتە ئەم هۆزە لە پێشەنگی هۆزەکانی تر بوو لە پەیڕەوکردنی ئەم ئاینەو هەربۆیە لەسەرچاوە ئیسلامییەکان بەئاینی زەردەشتی دەگوترێ ئاینی مجوسی)) – الجهشیاری، ل٧.

ئەمە لەکاتێکدا نووسەر ژمارەیەك ئامۆژگاری بۆ پادشایان و وەزیران دەنووسێت و باسی پەرویز کوڕی هورموز و نەوشیروان دەکات، تەماشای تەنانەت پەڕەکانی پێش و دواش بکە دەبینی هیچی وای تێدا نییە.

٢-ل ١٠٤-١٠٥ شوان: شوان باس لە دەلالەتی شارو پاشماوە شوێنەوارییەکان لەسەر ئەوەی ئاینی زەردەشتی تارادەیەکی گەورە لە هەرێمە کوردییەکان بڵاوبۆتەوە دوای ئەوەی ئاینەکە کۆڵەکەی حوکمی ساسانیی جێگیر کرد.. . الجهشیاری، ل٧.

یەك و شەش لەمە نییەو ئەمە هەمان خاڵەکەی سەرەوەیە.

٣-ل ٢٧٧ شوان: کاك شوان باسی (الایغار) دەکات و دەڵێت ((بریتی بوو لە پێدانی پارچەیەك زەوی لەلایەن خەلیفەوە بۆ هەرکەسێك کەخۆی هەڵیبژاردبایەو ئەو کەسە باجی خەراجی لەسەر نەبوو، یاخود ڕاستەوخۆ باجی خەراجی دەدا بەخودی خەلیفە لەبری والییەکان)) – الجهشیاری، ل٦١.

بۆم نەکرا دڵنیا بم لەواتای (الایغار) کە شوان هێناویەتی (هەموو شتێکی کاك شوانیش جێگەی گومانە). بەهەرحاڵ جەهشیاری یەك وشە لەم بارەیەوە ناڵێت. ناوبراو چیرۆکی کابرایەك دەگێڕێتەوە زەوییەکەی تووشی کارەسات بوو و داوای کرد خەراجی ئەو ساڵەی لێنەسنرێت و دووسەد هەزار درهەمی بەقەرز بدەنێ!

٤-ل ٢٧٧ شوان: لەهەمان لاپەڕەدا باسی گرنگیدان بەلایەنی خزمەتگوزاری کە لەبڕی باجەکان و چاکسازی زەوییەکان سازدرا.. لەپەراوێزیشدا ئاماژە بۆ سەردەمی عومەر کوڕی عەبدولعەزیز دەکات کەئەم کارانە بەپوختی و لەسەر بنەماکانی باوەڕەکەی ئەنجامی دان – الجهشیاری، ل٦٠، ١١٧.

لاپەڕە (٦٠) باسی (ابو العباس السفاح)ی عەبباسی دەکات و لاپەڕە (١١٧) باسی خەلیفە مەهدیی عەبباسی دەکات و هیچیان باس لە خزمەتگوزاری ناکەن.

شوان چەند دێڕێك پێش ئەمە باسی زوڵمی دەوڵەتی خیلافەت دەکات و باسی ئەوەی کردووە هەموو شتێك بۆ ڕەگەزی عەرەب بوو و پاشان دەڵێت خزمەتگوزاری دەکرا سەرەڕای ((ئەم دۆخە پڕ لەشەرمەزارییەی دەوڵەتی خەلافەت ..))، باشە ئەی دەبێت چەند کەس باسی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پڕ شەرمەزاری بکەن؟

بیست و شەش: (التنبیه والاشراف)ی (المسعودي):

١-ل ١٣٣ شوان: شوان باسی بنەماڵەی ساسانییەکان دەکات ((چونکە ئەردەشێر کوڕی ساسان کوڕی بابك کوڕی زرار کوڕی بهافرید کوڕی ساسانی گەورە، کە بەڕەچەڵەك خۆیان دەگەیەننەوە داریۆشی سێیەم کە ئەسکەندەر زۆری بۆ هێناو دارو دەستەکەی خۆی کوشتیان)) – التنبیه والاشراف، ل ١٠٣ [1]

(ل ١٠٣)ی کتێبەکە باس لە هەندێ شتی فەلسەفی دەکات لەکاتێکدا باسی ساسانییەکان لەلاپەڕە (٨٧) دایەو نووسەر دەڵێت: یەکەمیان ئەردشێر کوڕی بابك کوڕی ساسان کوڕی بابك لەکوڕانی بەهمەن.. تاد هەروەها هیچ باسی ئەوە ناکات کە ((خۆیان دەگەیەننەوە...)).

٢-ل ٢٦٦ شوان: شوان دەڵێت هەرێمە کوردییەکان ((چەندین جۆری پیشەسازیی پێشکەوتووی ئەوسای تیادا بوو)) – التنبیه والاشراف، ل ٦٠ . بەڵام لاپەڕە (٦٠) باسی ئەندەلوس دەکات، ڕەنگە ئەمە لەلاپەڕە (٣٧)دا بێت کە باس لەسەوادی عیراق دەکات و دەڵێت لە هەموو پیشەیەکدا لێهاتوون. دیارە شوان کە لە کتێبەکەدا گەشتۆتە ئەو ئەنجامەی سەوادی عێراق کوردی تێدا بوو[2] لێرەدا لەبری سەوادی عیراق تەعبیری (هەرێمە کوردییەکان)ی بەکارهێناوە. ئەوە ئەگەر بڵێین کاك شوان بەڕاستی کتێبەکەی دیبێت.

بیست و حەوت- (صبح الاعشا في صناعة الانشا)ی (القلقشندي):

١-ل٤١ شوان: کاك شوان باس لە (جۆلەمێرگ) [3]دەکات کە ((لە نێو شارەکانی سەر بە موصڵ دەژمێردرێ، وە دانیشتوانەکەی کوردن و پێیان دەڵێن کوردی جۆڵەمێرگ)) – القلقشندي ج٤/ ل٣٧٧ (بە تەنیا).

بەڵام ئەو کتێبە (ل ٣٧٦-٣٧٧) ئەمەی تێدایە: جولەمێرگ شوێنی تاقمێکە پێیان دەوترێت جۆلەمێرگییەکان (الجولمرکیة) (...) و دەوترێت کە تاقمێکی عەرەبی بەنو ئومەییەن پەنایان بۆ ئەم کێوانە بردبوو کاتێك بەنولعەبباس بەسەریاندا زاڵ بوون و ئەم تاقمەی بەنو ئومەییە لەناو کوردەکاندا لەوێدا مانەوە.

٢-ل ٤١ شوان: کاك شوان پاش ئەوە بەدوو دێڕ دەڵێت ((وە چۆڵەمێرگ بەکشتوکاڵ بەناوبانگە)) – القلقشندي ج٤/ ل ٣٧٧. بەڵام بابزانین قەلقەشەندی چی دەڵێت: ناوبراو باسی قەڵاکەی دەکات کە یەکێکە لە قەڵا هەرە قایمەکان و لەسەر چیایەکی تەنیایە (...) و سەری ئەو چیایە بۆ کاری کشتوکاڵ فراوانە!!

٣-ل ٢٦٦ شوان: ((هەرێمە کوردییەکان بەگشتی هەڵکەوتەیەکی ستراتیژیی گرنگیان هەبوو، ئەمەش وایکردبوو ببنە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)) – القلقشندي ج٤/ل ٤٠٦. هیچ لەم قسانەی تێدا نییە بەڵکو تەنها باسی ماوەی نێوان شارەکان لەناوچەکانی کرمان و ئەرمینیاو ئازەربایجان.. تاد.

بیست و هەشت – (کتاب البلدان) ی (الیعقوبي):

[1] شوان لەلیستی سەرچاوەکاندا بۆ ساڵی چاپی نووسیویەتی (دون التاریخ) – ڕاستەکەی (دون تاریخ)، ئەو چاپەش کە بەکارم هێناوە لەسەری نووسراوە ١٣٥٧-١٩٣٨ و لەسەر وێنەکەی چاپخانەی (المثنی) لەچاپی داوەتەوە.

[2] بەڵگەکەی شوان زۆر خۆش و سەیرە: ئەو هەرێمە سنووری ئتنیکی فارس نەبووە (چۆن و لەبەرچی نازانین) و هەروەها عەرەبیش هێشتا تەعریبی ئەو دەڤەرەی نەکردبوو. (ل ١٤٦).

[3] نەمتوانی لەفزی دروستی ناوەکە بزانم بەڵام بە تەئکید ئەوە نییە کە شوان نووسیویەتی واتە چۆڵەمێرگ.

١-ل ٥٦ شوان: لەبارەی نەهاوەندەوە دەڵێت ((بەکۆنترین شار دادەنرێت لەهەرێمی چیا))- کتاب البلدان ل ٣٩. یەك وشە لەم قسەیە نەنووسراوە.

٢- ل ٥٦ شوان: ئەم جارەش نەهاوەند: ((ڕووبارو باغو بێستانی زۆرە)) – کتاب البلدان، ل ٣٩. یەك وشە لەمە نییە.

٣-ل ٥٦ شوان: دیسان نەهاوەند: ((دانیشتوانەکەی تێکەڵاون لەکوردو فارسو عەرەب)) – کتاب البلدان، ل ٣٩ (بەتەنیا).

الیعقوبی دەڵێت: تێکەڵەی عەرەبو عەجەم تێیدا نیشتەجێن.

بیستو نۆ -(مختصر کتاب البلدان)ی (ابن الفقیە):

١-ل٧١ شوان: دەربارەی زەنجان ((سەر بەهەرێمی چیاکانە)) – ابن الفقیە، ل ٢٠٩.

بەڵام ناوبراو باسی نووسراوێکی فارس دەکات کەتیایدا ئەوە هاتووە قوباد کوڕی فەیرووز ناوچەکانی مەملەکەتەکەی جیاکردەوە.. لەمەشدا ئەوە هاتووە کەئەو شوێنانەی لەهەموو شوێنەکانی تر پڕ نەخۆشییە شەش شوێنن و زەنجان یەکێکیانە (ل ٢٠٩-٢١٠). ڕەنگە شوان ئەوەی دیبێ لەلاپەڕە (٢٠٩) بەشێك هەیە لەسەر هەرێمی (الجبل) کەچوار دێڕە دواتریش باسی قرماسین و لەم بەشەدا ناوی زەنجان هاتووە.

٢-ل ٧١ شوان: دیسان زەنجان: ((دوا سنوورو تخوبی جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ هەرێمی ئازربێجان)) – ابن الفقیە ل ٢٨٥.

واتە: زەنجان دوا سنووری هەرێمی چیایەو ئەم هەرێمە لەهەرێمی ئازەربایجان جیادەکاتەوە. بەڵام (ابن الفقیە) دەڵێت سنووری ئازەربایجان (یاخود درێژبوونەوەی) لەسنووری (بەرذعە) تا سنووری (زەنجان)ە. واتە باس لەئازەربایجانەو هیچیش لەبارەی سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەرێمی چیاو هەرێمی ئازەربایجان نەوتراوە.

٣- ل ٦٩ شوان: لەبارەی (سیسەر)ەوە دەڵێت: ((لەوەڕگای مەڕو ماڵاتی کوردە شوانکارەکان بووە)) – ابن الفقیە ل ٢٣٩.

ئەمە لەکاتێکدا ناوبراو باسی تەنها سیسەر ناکات بەڵام ئەوانەش کەسەر بەون (یان دەوروبەرەکەی)و پاشان دەڵێت (کوردەکان و غەیری ئەوان).

شتێکی خۆشیش دەربارەی ئەم کتێبەی (مختصر کتاب البلدان) ئەوەیە لەگەڵ کتێبی (المختصر في اخبار البشر)ی (ابو الفداء) لەچەند شوێنێکدا تێکەڵ بەیەك دەکاتو جارێك دەنووسێت (مختصر کتاب البشر)و جارێکی تر دەنووسێت (مختصر اخبار البشر). نموونە لەسەر ئەمەی دوایی :

٤- ل ١٧٠ شوان: شوان باسی نەهاوەند دەکاتو سێ دێڕ و نیو لەسەر پێشنیاری (طَلْحة کوڕی خُوَيْلِد) دەنووسێت کەچی بکەنو چی نەکەن. کاك شوان لەپەراوێزدا دەنووسێت: ابن الفیە -هەڵەی چاپە راستەکەی (ابن الفقیە)ە-: مختصر اخبار البشر ل ٢٥٨ -٢٥٩. کەچی لاپەڕە ٢٥٨-٢٦٠ی کتێبەکەی ابن الفقیە (مختصر کتاب البلدان) باسی لەنەهاوەندو گرتنی دەکاتو هیچ لەم قسانەی تێدا نییە.

سی : (مروج الذهب)ی (المسعودی)

١-ل ٧٠ شوان: ((هەمەدان شارێکی کوردنشینە)) — المسعودی ج٢/ل ١٠١ (بەتەنیا).

مەسعوودی دەقی ئەم قسەیە ناڵێت بەڵکو دەڵێت کە جۆرێك لەکوردەکان (شوهجان)ن و لەشاری (دینەوەر)و (هەمەدان) دان (لاپەڕە ١٢٤ی چاپی لای خۆم).

٢-ل ٧٥ شوان: شوان باسی (کازەروون) دەکات کە ((کوردی زۆرەو ژمارەو ئاماری ناکرێ)) —المسعودی ج١٠١/٢.

بەڵام مەسعوودی یەك وشە لەبارەی ئەمەوە ناڵێت[1] .

سیویەك: (مراصد الاطلاع) ی (ابن عبدالحق البغدادی)

لەکەمێك خاڵ کە دەستنیشانم کردوون تەنها تەماشای ئەمەی خوارەوەم کردووە.

ل١٨ شوان: شوان باسی نیشتەجێ بوونی کورد لەبەشی باکووری جەزیرەو لەپشتی چیای جوودیو هەروەها دەوروبەری دەریاچەی وان – مراصد، ج٣/ ل١٤٣.

بەڵام ناوبراو باسی وشەی (وسطان) دەکات ئەویش لەبابەتی شیعر ئینجا دەڵێت: (وسطان) هەروەها خاکێکی کوردانە.

سیو دوو: (المسالك والممالك)ی (الاصطخري):

١-ل ٧٠ شوان: هەمەدان نزیکەی ٣٥-٤٥ کیلۆمەتر لەحولوان دوورە — الاصطخری ل ١١٨.

[1] جارێکیتر دەڵێم مەبەست خودی زانیارییەکە نییە بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەو زانیارییەی شوان دەیڵێت یان لەسەرچاوەکەدا نییە یان بەهەڵە نووسراوەو ئەمانە بۆ سەلماندنی ئەوەیە شوان سەرچاوەکەی نەدیوە یان ئەگەر دیبێتی بەئەمانەتەوە زانیارییەکەی نەقڵ نەکردووە یان لێ تێنەگەشتووە.

بەڵام ناوبراو ماوەی نێوان هەموو شوێنەکانی نێوان هەمەدان و حولوان دەژمێرێت کە دەکاتە ٦٧ فەرسەخ واتە نزیکەی ٣٧٠ کیلۆمەتر[١]. دیارە ئەمە ڕاستەڕێ نییە بەڵام گرنگ ئەوەیە (الاصطخری) باسی ٣٥-٤٥ کیلۆمەتر ناکات.دەبوایە شوان سەیری ئەو نەخشەیەی لە کتێبەکەی خۆیدا دایناوە تا بزانێت ماوەی ڕاستەڕێ نێوان دوو شارەکە نزیکەی٢٥٠ کیلۆمەترە!

٢-ل ٧٠ شوان: باسی هەمەدان: ((شارێکی گەورەیەو قەوارەکەی نزیکەی ٦کلم چوارگۆشەیەو چوار دەرگای ئاسنی هەیە)) — الاصطخری ل ١١٧. بەڵام (الاصطخری) -ڕاست بێ یا موبالەغە - دەڵێت فەرسەخ بە فەرسەخە (واتە نزیکەی ٣١ کیلۆمەتر دووجا بە تەقدیرە کەمەکە). ئینجا ئەگەر فەرسەخ فەرسەخ نزیکەی ٦ کیلۆمەتر بێت (بڕوانە پەراوێزی سەرەوە) کاك شوان وا لە تەعبیری ((فەرسەخ بە فەرسەخ)) تێگەشتووە: فەرسەخ (= ٦ کیلۆمەتر) بە فەرسخ (= ٦ کیلۆمەتر) دەکاتە فەرسەخ دووجا (=٦ کیلۆمەتر دووجا)!! دیارە قوتابییەکی ناوەندی دەزانێت ئەمە دەکاتە ٣٦ کیلۆمەتر دووجا نەك ٦ !!

٣-ل ٧١ شوان: شوان باسی زەنجان دەکات کەسەر بەهەرێمی چیاکانە — الاصطخری ل ١١٥.

بەڵام ناوبراو دەیخاتە هەرێمی (دەیلەم) نەك (چیاکان). بڕوانە هەروەها یەکەم خاڵی (ابن الفقیه) ژمارە بیست و نۆ.

سی و سێ: (النزعات المادية في الفلسفة الاسلامية)ی (د. حسين مروة):

١-ل ٢٦٧ شوان: شوان قسەیەکی دوورودرێژ لەبارەی ئاستی نزمی بژێوی عەرەب دەکات. پاشان دەڵێت کەچارەسەرەکە ئەوە بوو لەشکرکێشی بۆ ژینگەیەکی پڕ بەرهەم و خاوەن ئاستی بەرزی بژێوی بکرێت — د. حسین مروة، ج١/ل٤١٥.

بەڵام ناوبراو باسی شتێکی تر دەکات. ئەو باس لەناڕێکی نێوان ژێرخانی ئابووریی وڵاتە گیراوەکان و سەرخانە سیاسی و ئیدارییەکانی فاتحەکان، پاشان دەپرسێت:فاتحەکان کارو ڕەفتاریان چۆن بوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەداتەوە.

٢-ل٢٦٧ شوان: ((واتە هۆکاری ئابووری ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەرکەوتنە یەك بەدوایەکەکانی لەشکری عەرەبە موسڵمانەکان لەبەرە جیاوازەکاندا بینی)) — د.حسین مروة، ج١، ل ٤١٥-٤١٦. ناوبراو هیچ لەمە ناڵێت و هەمان باسەکەی سەرەوە دەکات و باس لەچۆنێتی مامەڵە (دەستکەوتی شەڕ، جزیە) دەکات.

٣-ل ٢٦٩ شوان: شوان لەپەراوێزدا باسی جیاکردنەوەی پێنج یەکی دەستکەوتەکانی شەڕ بۆ دەسەڵاتی یەکەم و باقیەکەی بۆ جەنگاوەران..و خەلیفە دەیتوانی دیلەکان ئازادبکات و بۆی هەبوو بیانکوژێت بەڵام ژن و منداڵ نابێ بکوژرێن بەتایبەتی ئەگەر لەئەهلی کتاب بن —مروة،ج١، ل٤١٥. لە هەموو ئەم قسانە نووسەر تەنها باسی جیاکردنەوەی پێنج یەك و باقییەکەی دەکات.

سی و چوار: (البابکية)ی (د. حسين قاسم العزيز):

ل٢٦٧ شوان: سەبارەت بەخاڵی (٢)ی کتێبەکەی (مروة) شوان هەروەها ناوی ئەم کتێبە (لاپەڕە ٤٥) دەبات بەڵام دکتۆر حسێن یەك وشە لەم بارەیەوە ناڵێت بەڵکو تەنانەت باسی سەردەمی پێش ئیسلامیش دەکات.

سی وپێنج: (عجائب الاقاليم السبعة)ی (سهراب):

ئەوەی دیومە یەك جار ئەو کتێبە بەکارهاتووە ئەویش لە لاپەڕە (٨٥) و بەم جۆرە: نێوان (نقجوان) و دوین " دبیل "نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەترە- سهراب، ل١٤٩.

ئەم فەسڵەی کتێبەکە باسی ڕووبارەکان دەکات. یەکێکیان ڕووبارێکە بە چەند شوێنێکدا دەڕوات کە (نشوی) یەکێکیانە. ئیتر نەباسی ماوەی نێوان دوو شارەکە هەیەو نەهیچ شتێك لەم جۆرە. نەوەکو مەسەلەش هەڵەی چاپ بێت لاپەڕە ٩٤ و٤٩ گەڕام و ئەوەی تێدا نەبوو.لاپەڕە ١٩٤ یش پێڕستی بابەتەکانی کتێبەکەیە.

سی و شەش: گەشتەکەی ئیبنو جوبەیر

شوان چاپی (دار صادر) دەنووسێت، منیش دوو چاپم دەستکەوت؛ یەکەمیان هی چاپخانەی (بريل) لە (ليدن) و دووەمیان هی چاپخانەی (السعادة) لە قاهیرەو ئەمەی دواییان لاپەڕەکانی یەکن لەگەڵ ئەو لاپەڕانەی لە کتێبەکەی شواندا هاتوون و لاپەڕەکانی ئەوم نووسیوە. شوان دوو جار ژمارە لاپەڕە (١٧١) دەنووسێت جارێك بۆ ماردین و ئەوەی تر بۆ نەسیبین بەڵام باسی ئەم دوو شارە لە چەند لاپەڕەیەکی کەمدان : ل٢١٧-٢١٩و ئەو دەورووبەرە ، ئەمە لەکاتێکدا ئەو بازە گەورەیە بۆ لاپەڕە ١٧١ دەمانگەیەنێتە باسی شاری مەدینەو مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ تەنانەت لە چاپی لیدنیش کە لاپەڕەکانی جیان، ئەمەش باشتر ڕوون دەبێتەوە کاتێك تەماشای پێڕستی ناوەکان لەم چاپەدا بکەین. وەنەبێ تەنها ئەمە گومان دروست بکات کە شوان کتێبەکەی نەدیبێ. خاڵەکانی

---

[١] لە سەرچاوەی خوارەوەدا دکتۆر صوبحی پاش موناقەشەی درێژیی ئەندازەی (گەز- ذراع) دەگاتە ئەنجامیك و لەوەوە فەرسەخ بە بۆچوونی ئەو دەکاتە ٥٥٤٤ مەتر: د. صبحي الصالح، النظم الاسلامية ، ل ٤١٧. شوان خۆی پشت بە سەرچاوەیەکی تر دەبەستیت بۆ ئەندازەی فەرسەخ کە نزیکەی ٦ کیلۆمەترە (ل ٢٢ ، پ. ٦). من وەکو خاترانە بۆ کاك شوان تەقدیرە کەمەکەم وەرگرتووە.

خوارەوە گومانەکە بەهێزتر دەکەن. تەنها یەك جار زانیاریی دروستم لەبارەی کتێبەکەوە بینیوە(لاپەڕە ٢١ پەراوێزی ٧). شوان تەنانەت ناوی نووسەر بە دروستی نانووسێت و لەجیاتی ابن جُبیر(ئیبنو جوبەیر) دەنووسێت: ئیبن جەبیر(ل٢٣).

١-ل٢١ شوان: شوان وا باسی نەسیبین دەکات: بە بنکەی دەڤەری ڕەبیعە دادەنرێت و چیای جوودی دەکەوێتە بەشی باکووریو هەروا خۆشی دەکەوێتە باکووری ژەنگار" سنجار" – ئیبنو جوبەیر، ل١٧١.

سەبارەت بە ناوبردنی هەڵەی لاپەڕە ١٧١ بڕوانە سەرەوە. ئیبنو جوبەیر باسی خۆی دەکات کە بەلای چیای جوودیدا دەڕوات و دواتر لە گوندێکی سەر بە نەسیبیندا دەمێنێتەوە (ل ٢١٧). ناوی جوودی دوو جار لە کتێبەکەدا دێت (بڕوانە پێڕستی ناوەکان لە چاپی لیدن) کە ئەمە یەکێکیانەو ئەوەی تر پەیوەندیی بەم باسانەوە نییە. سنجاریش یەك جار ناوی دێت و هیچی تێدا نییە لەوەی شوان باسی دەکات (ل٢١٨)، باسی نەسیبینیش لە چەند شوێنێکدا کراوە کە ئەوەی لە باسەکانی شوانەوە نزیك بێت تەنها ئەوەی باسی جوودیی تێدا کراوە. ئەمە چی دەگەیەنێت؟ خاوەنی گەشتەکە دەڵێت بە چیای جوودیدا تێپەڕی پاشان لە گوندێکی سەر بە نەسیبین مایەوە، شوانیش وای لێ دەکات: چیای جوودی دەکەوێتە باشووری نەسیبین!

٢- ل ٢٢-٢٣ شوان: لەبارەی ماردینەوە: دانیشتوانەکەی تێکەڵن لە کوردو تورکمان و عەرەب، زۆربەیان موسڵمانن وبەشێکیان مەسیحین - ئیبنو جوبەیر، ل١٧١.

سەرەڕای هەڵەی لاپەڕەکە تەنها یەك جار باسی ماردین کراوە (ل٢١٩) و باسەکەی تەنها دێڕێکە ئەویش کە لە قەدپاڵی چیایەکدایەو باسی قەڵاکەی کراوە کە گەورەیەو قەڵایەکی ناوداری جیهانە.

٣- ل٢٣ شوان: دوای باسەکەی سەرەوە شوان باسی شاری دارا دەکات گوایە ئیبنو جوبەیر دەڵێت: ((شارێکی ئاوەدانەو قەڵایەکی هەیە لە قەڵا بەناوبانگەکانی دونیایە))- ئیبنو جوبەیر، ل٢١٩.

ناوبراو وا ناڵێت؛ ئەو دەڵێت دارا شارێکی دێرینەو دوای ئەوەی ناوی قەڵاکەی دەبات دەڵێت نیو قۆناغ لە ماردینەوە دوورە (ل ٢١٩) ئینجا باسی ماردین دەکات(خاڵەکەی سەرەوە) واتە گەشتیارەکە وەسفی قەڵای ماردین دەکات نەك قەڵاکەی دارا.

٤- ل٢٣ شوان: هەر لەبارەی داراوە شوان باسی سەرچاوەی ئاوی زۆریو باخ و بێستانی زۆری دەکات و دەڵێت: بۆیە هەر لە زووەوە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە.

سەرەتا نازانم چ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان هەبوونی ئاوو باخی زۆر لەلایەك و نیشتەجێبوونی کورد لەو شارەدا لەلاکەی تر تا شوان وشەی (بۆیە) بەکاربهێنێت؟

بەهەر حاڵ شوان تەنها ئەم ڕستەیە لە ئیبنو جوبەیر وەردەگرێت: بۆیە هەر لە زووەوە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە(ئیبنو جوبەیر،ل٢١٩- بەتەنیا) .

بەڵام ئیبنو جوبەیر ئەمە ناڵێت بەڵکو باسی گەشتەکەی لە نەسیبینەوە دەکات و باسی وریایی خۆیان دەکات لە پەلاماری کوردەکان کە ئەمانە ڕێگری دەکەن و تەنانەت دەگەنە دەرگای شاری نەسیبین... ئیبنو جوبەیر پاش ئەم قسەیە دەڵێت کە لەلای ڕاستی ڕێگەکە شاری دێرینی دارای بینیو پاشان ئەوە دەنووسێت کە لەسەرەوەدا باسمان کرد (ل ٢١٩). ئیتر نازانم شوان ئەوەی لە کوێ هێنا، خۆ ئەگەر ئەم باسەی ئیبنو جوبەیری لە شوێنێکدا بینیبێت ئەوا نەشتەرگەرییەکی وای بۆ قسەکە کردووە کە سەر لە بنیەوە ناناسرێت.

٤- ل٣١ شوان: لەبارەی (رأس العين)ەوە: ئەم شارە لە ئاستی زەوی نزمترە، سەرچاوەی زیاتر لە ٣٠٠ کانیی لێیە - ئیبنو جوبەیر، ل٢٢١.

گەشتیارەکە باسی ئاوی زۆری شارەکە دەکات و بەتایبەتی وەسفی دوو سەرچاوە دەکات(ل ٢٢١-٢٢٢)، بەڵام باسی ژمارەی کانییەکانی نەکردووە. ئەم ژمارەیە لە کتێبی تردا هاتووە. باسی ئاستی نزمی زەوییەکەشی ناکات.

سی وحەوت: (کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا)ی (عباس عبدالکريم)

ئەوەی بینیومە شوان یەك جار ناوی ئەم کتێبەی نووسیوە. شوان(ل٢٧١) باسی باجی خەراج دەکات کە هەرچەندە لە دەقی قورئاندا نەهاتووە بەڵام دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی عەرەبە موسڵمانەکان ئەمانە لە سایەی ئەو باجانەدا بوونە چینێکی دەوڵەمەند و ئەرستۆکرات –عەباس، ل١٧ (بە تەنیا).

عەباس لەم لاپەڕەیەدا تەنها وشەی (ئەرستۆکرات)ی وتووە کە لە قسەکانی سەرەوەی شوان بچێت. عەباس باس لەوە دەکات تاکی عەرەب لە قۆناغی یەکەمی ئیسلامدا بایەخی بە زەوی نەدەداو ئەمە پەیوەندیی بە نیزامی کۆمەڵایەتیی ئەوسای کۆمەڵگەی عەرەبەوە هەیە کە سەرۆکی خێڵ جێگای هەموو خێڵی گرتۆتەوە.... و دەستکەوتی شەڕەکانی سەرەتای ئیسلام لە کەلوپەل و زەویو زار... لە ڕێگەی سەرۆکی خێڵەوە دراوە بە خێڵ و ((هەر ئەم نەریتەش بووەتە فاکتەری هێنانە کایەی توێژێکی ئەرستۆکراتی))، هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: چونکە لە سەرەتادا بایەخ بە سامانی نەقدی نەك بە زەوی دەدرا ئەمە توێژێکی ئەرستۆکراتی سەربازیی لێ دروستکردن...

عەباس ئەمەی وتووە کەچی ئەوە بوو نەقڵکردنەکەی شوان. ئەمەش دەچێتە پاڵ نموونەی تری ئەو ڕاستییەی کە شوان تەنانەت لە سەرچاوە کوردییەکان تێنەگەشتووە، بێگومان ئەو سەرچاوانەی دیونی.

لێرەشدا موناقەشەی قسەکەی عەباس (کە دوایی لە چاپی دووەمدا دەرکەوت ئەو عەباسە فوئاد مەجید میسرییە) ناکەین دەنا ئەویش شایستەی ئەوەیە وەکو مامەڵەی کتێبەکەی شوانی لەگەڵدا بکرێت. تەنها لە هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەو تەماشایەکی سەرپێیی ئەو لاپەڕانەو بێ گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی عەباس ناوی بردوون ژمارەیەك هەڵەم بینی. دواتریش کە زانیارییەکانی عەباسم لەگەڵ دوو سێ سەرچاوەدا بەراورد کرد بۆم دەرکەوت ئەویش ((شوانییات))ی هەیە. شایەنی وتنە حزبێکی کوردستانی وەك بیستوومە کتێبەکەی عەباسی وەکو وانە بە کادرەکانی دەڵێتەوە، ئەمەش نەگبەتییەکی تری خوێندەوارییە لە کوردستاندا.

سی و هەشت: (حیاة الحیوان الکبری)ی (الدمیری)

ل٢٩٦ شوان: تەنها یەك جار دیومە شوان ئەمەی بەکارهێنابێت. لەو جارەشدا گوایە ئەمە هەیە: ... گەلانی ئێران تەنها لە ماوەیەکی کەمی مێژوودا، تا ڕادەیەك لە دەروازەی کوردەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی گەڕانەوە، ئەویش بە دەرکەوتنی (ابو مسلم الخراسانی) کوردی بوو – الدمیری ج١، ل١٢ (بەتەنیا).

خوێنەر وا دەزانێت دمیری ئەمەی وتووە بەڵام حاشا هیچی لەجۆرە وتبێت. ناوبراو لە خانەی باسی (شێر)دا لە سێ لاپەڕەدا باسی ئەبوو موسلیم و تایبەتمەندییەکانی و کوشتنی لەلایەن ئەبوو جەعفەرلمەنصوورەوە ... دەکات ئیتر نەباسی گەڕانەوەی گەلانی ئێران بۆ گۆڕەپانی سیاسیو نەباسی دەروازەی کورد دەکات. تەنانەت دمیری بە ئەکیدی ناڵێت ئەبوو موسلیم کورد بووە بەڵکو دەڵێت:وتراوە عەرەبەو وتراوە لە عەجەمەو وتراوە کوردە. ئەمانە دەیسەلمێنن شوان کتێبەکەی نەدیوەو ئەگەر دیبێتی تا دوا سنوور کارەکەی نازانستی و دوور لە ئەمانەتە.

سەیریشم لە عەقڵیەتی نەتەوەپەرستی دێت چۆن داکۆکی لەسەر کوردایەتییە گومانلێکراوەکەی ئەبوو موسلیم دەکرێت و شانازیی پێوە دەکرێت ، ئەوەتا هەمان کتێب دەڵێت کە ئەو کەسانەیان ژمارد ئەبوو موسلیم چ لە شەڕوشۆڕو چ بەگیراوی کوشتبوونی بینییان ژمارەیان شەش سەد هەزار کەس بوون (ل ١٢)، ئیتر قسەی ڕاست بێت یان هەڵبەستراو.

سیو نۆ: (اثار البلاد واخبار العباد) ی (القزوینی)

١- ل ٢٠ شوان: شوان باسی شوێنێك دەکات دیار نییە جەزیرەیە یان نێوان زێی گەورەو زێی بچووکە و کە کورد تێیدا نیشتەجێ بووە. ئەمە مەبەستی ئێستامان نییە، مەبەستمان ئەو زانیارییەی کتێبەکە کراوەتە سەرچاوە بۆی کە ئەمەیە : ((بە تایبەتی شاری (اربل) هەولێر)) – قەزوینی، ل٢٩٠.

قەزوینی باسی هەولێر دەکات بەڵام باسی کورد ناکات (ئەگەر خوێنەر بێتاقەت نەبێت ئەمجارەش ئەوە دەخەمەوە یادی کە لێرەدا موناقەشەی خودی زانیارییەکە ناکەم بەڵکو باسی کاری نازانستیی شوان دەکەم دەنا کورد لەکۆنەوە لە هەولێردا بووە).

٢- ل ٢١-٢٢ شوان: لە بەشی تایبەت بە باسی شاری نەسیبین و پاش باسکردنی هاتنی نوێنەری مەسیح (سەلامی خوای لێ بێ) بۆ شارو ناوچەی نەسیبین و بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیان (کە ئەو سەرچاوەیەی شوان ناوی بردووە ئەو شتە ناڵێت – بڕوانە ژمارە شەش واتە کتێبی قرة العین ، یەکەم خاڵ) شوان دەڵێت : ئەمەو جگە لەو شوێنەوارانەی کە بەڵگەی ڕاستی قسەکەمانن – قەزوینی، ل٥٦٥.

بەڵام لاپەڕە ٥٦٥-٥٦٦ ی کتێبەکە باسی میافارقین و شوێنەوارە نەصرانییەکانی دەکات نەك نەسیبین. شوان هیچ دوودڵییەك ناهیلیتەوە لەوەی مەبەستی لە نەسیبینە چونکە یەکسەر دوای ئەوە خویندنگای مەسیحیی نەسیبین بە نموونە دەهینیتەوە.

سی خالی تری لای خۆم دەستنیشان کردبوو کە دوانیان ((شوانییاتن)) و تەنها یەکیکیان راستە (لە لاپەرە ٢١، پەراویز ٣).

چل: (حملة العشرة الاف)ی(زینۆفۆن)

تەنها یەك جار ئەم کتێبەم بینیوە شوان نووسیبیتی.

ل١٢٨ شوان: شوان لە زاری زینۆفۆنەوە دەگیریتەوە ((ئەوانە دانیشتوانی چیان و زۆر ئازاو تیراست و ژیردەستیش نین)) – زینۆفۆن، ل١٧٦-١٨١.

گالتەجارییەکی گەورەش لەم رەستەیەدا هەیە. شوان باس لە ((کورد)) دەکات کە لەراستیدا زینۆفۆن ناوی کاردوخییەکان دەبات نەك کورد، ئەمەش هەڵەی وەرگیری عەرەبیی کتیبەکەیە کە وشەی کوردی بەکارهیناوە. ئەمانەتی زانستی وا پیویست دەکات ناوەکان وەکو خۆیان بنووسرین. ئیستاش من بەدوای ئەوەدا ناچم کە بۆچی لیژنەی موناقەشەی ماستەرنامەکە بە بەکارهینانی وشەی کورد رازی بوون لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو سەردەمەدا لەوە ناچیت کورد وەك نەتەوەیەك پیکهاتبیت، هیچ نەبیت زانیاری لەسەر ئەوە نییە. دەلیم لەوە ناپرسم چونکە لیژنەکە شتیك زۆر لەوە ئاسانتر بەسەریدا تیپەری ئەویش کە شوان رستەکەی سەرەوە دەخاتە نیوان جووتە کەوانە کە نیشانەی وەرگرتنی دەقاودەقە کەچی کە ئاماژە بۆ سەرچاوە دەکات دەنووسیت: لاپەرە

١٧٦-١٨١ ، واتە ئەو دیرەی کە کاك شوان نووسیویەتی شەش لاپەرەی لە سەرچاوەکە داگیرکردووە!! کە لیژنەکەش بەمە نەزانیت بیگومان ئەوەش نازانیت کە لەو وەسفانەی لە ناو جووتە کەوانەکەی شواندا هاتوون و بە دریژیی ئەو شەش لاپەرەیە تەنها ئەمە هاتووە : ئەمانە تیرهاویژیکی ئەوپەری لیهاتوون (ل ١٨١)!!

چل و یەك: (دراسات كردية في بلاد سوبارتو)ی(د. جەمال رەشید ئەحمەد)

ل١١٨ شوان: ((وە لە سەرووی موصل ((ئیشو عیاب)) دیریکی لە قەد چیایەکە دروستکرد لە نزیك هەشتاین و توانی دانیشتوانی کوردی ئەو ناوچەیە بهینیتە سەر ئاینی مەسیحی)) – دراسات، ل ١٠١-١٠٢.

نە ناوی ((ئیشو عیاب)) و نە هەشتاین[1] و نەئەو باسە هەیە. شوان قسەکەی خستۆتە ناو جووتە کەوانە.

چل ودوو: (جنوب کردستان)ی (هنری فیلد)

١- ل ١١٤ شوان: ((واتە سەرەتا لە وڵاتی ئاشوور کە زیتر هەریمی جەزیرە دەگریتەوە جوولەکەی تیدا بڵاوبۆوە ، دواتریش لە وڵاتی بابل و هەریمی چیاو سوسنیا (راستەکەی: سوسیانا/ف.)- خوزستان – و دەوروبەری بڵاوبوونەوە)) – فیلد، ل ٢٥.

بەڵام فیلد دەڵیت : جوولەکە وەچەی ئەوانەن کە پاش کەوتنیـنەینەوا پەنایان بۆ کوردستان برد یان کورەزای نیشتەجیبووە ئەسلییەکانن پاش کەوتنی سامیرە.

٢- ل ١١٥ شوان: هەر دەربارەی جوولەکە: ((هەروا لە شاری ئاکریدا هەبوون کە ٢٥ کلم لە شاری موصل دوورە)) – فیلد، ل ٢٨.

بەڵام فیلد دەڵیت ٦٥ میل (واتە زیاتر لە سەد کیلۆمەتر) رۆژهەڵاتی باکووری مووصلە . جا بریا شوان هیچی نەکردایە تەماشای نەخشەی ناو کتیبەکەی خۆی بکردایە تا بزانیت ئاکری چەند دوورە؛ ٢٥ کیلۆمەتر یان زیاتر! خۆ ئەگەر ئەو ٢٥ کیلۆمەترە هەڵە چاپ بیت ئەی چۆن (میل)ـەکەی فیلد بە هەڵەی چاپ لای شوان بووە (کیلۆمەتر)؟!

چل وسی: (ايران في عهد الساسانيين)ی (کریستنسن)

١- ل٥١ شوان: باس لە (باجرمی) دەکات کە لە ناویدا شاری کەرکووك هاتووە (کرخا یان بیت سلوخ) یان (کرخ سلوخ) کە لە سەردەمی سلوقییەکان گەشەی کرد (٣١٢ پ.ز – ١٣٥ پ.ز)و سلوقسی دامەزرینەری بنەماڵەی سلوقی شوورایەکی بۆ دروستکردووە، تەلارسازیی تیدا ئەنجام داوەو کردوویەتی بە مەلبەندی شانشینەکەی، بەم شیوەیە مایەوە لە سەردەمی فرثییەکان و هەروا ساسانییەکانیش – ایران، ل٢٥٧.

جگە لەنووسینی هەڵەی ناوی کۆنی کەرکووك و ناوردی لە سەردەمی سلوقییەکان، کریستنسن هیچی لەم شتانە نەوتووە. کریستنسن باسی مەترانییەتی (کرخا بیت سلوخ) دەکات کە یەکیکە لە پینج مەترانییەت کە لەژیر سەرۆکایەتیی ئەسقوفی شاری سلوقیەن، ئەویش سەرەتای سەدەی پینجەمی زایینی.

٢- ل ٦٩ شوان: شوان باسی ناوچەی گەیلان دەکات کە لە باکووری ئیراندایە بەلای دەریای قەزوین کەچی لەهەمان باسدا ناوی شاری گەیلان دەبات کە لە لورستانی بچووکدایەو سەر بە کرماشانە. ئەمەش تیکەلکردنیکی تەواوە چونکە ئاشکرایە لورستان سەدان کیلۆمەتر لە قەزوینەوە دوورە. بەهەر حاڵ ئەوەی لە کریستنسن وەریگرتووە ئەمەیە: ((ریگایەکی سەرەکی بەناو ئەم دەڤەرەدا دەڕوات ئەویش ریگای نیوان مەدائن و بۆ هەمەدانەو لەویشەوە بەنیو چیاکانی بز " البز " دا دەڕوات .))- ایران، ل ١١٥(بەتەنیا).

کریستنسن باسی ریگا گەورەکە دەکات کە دەگاتە هەمەدان و ریگەی زۆری لی دەبیتەوە کە یەکیکیان دەگاتە (رەی) نزیك تاران و بەناو کیوەکانی گەیلان و زنجیرەی (البرز) بۆ دەریای قەزوین دەڕوات... ئەمە شوینی گشتیی ناوچەی گەیلان دیاری دەکات کەچی شوان ناوچەکە دەخاتە ناو هەریمی چیا لەگەڵ کەنگاوەرو هەمەدان... کە زۆر لەو گەیلانەوە دوورە. جگە لەوە شوان سوورە لەسەر ئەوەی چیاکانی (ئەلبورز) بە (بز) بنووسیت.

٣- ل ١٢٤ شوان: ((هۆکاریکی تری بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت شاهنشاهەکانی ئیران بوون چونکە هەرکاتیك شاریکی رۆمیان بگرتبا دانیشتوانەکەیان دەگواستەوە...)) تاد – ایران، ل ٢٥٣.

کریستنسن ناڵیت ((هەر کاتیك)) بەڵکو ((هەندی جار)). هەروەها باسی پادشای ساسانی دەکات نەك پادشاکانی ئیران بە رەهایی.

چل و چوار: (رەوشی ئایینیو نەتەویی کوردستان)ی (د. رەشاد میران)

١- ل ٩٢ شوان: ((میترا واتە خوداوەندی خۆرو دواتر زرڤانییەکانیش باوەریان پیهینا)) – رەوشی ئاینی، ل ٢٤.

لەم قسانە تەنها ئەمە هەیە: میترا خوداوەندی خۆرو رووناکی.

---

[1] هەشتاین لەراستیدا لای م. عبدالرقيب وەك هەشتیان هاتووەو باوەری وایە شوینەواری گوندی (ثمانین)ە (الدولة الدوستكية، ج١، ل ١٧) .

٢- ل٩٣ شوان: شوان دەڵیت ((ئەوەی زیاتر یارمەتی بڵاوبوونەوەی ئاینی میترای دا دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا بوو)) – ئینجا دەڵیت: بۆ زیتر زانیاری بروانە د. رەشاد میران، رەوشی (...)، ل ٢٤. (شوان ئەمە کتیبەی بەتەنیا نووسیوە).

بەڵام د.رەشاد دەڵیت: ئەوەی زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی ئاینی مۆنۆتیزم (تەوحید)ی رەخساند دامەزراندنی دەوڵەتی میدیا بوو... واتە باسەکەی د. رەشاد لەبارەی تەوحیدەوەیە نەك میترا پەرستن.

٣- ل ٩٥ شوان: ((واتە ئاینی زەردەشتی لیرەدا بازیکی گەورەی داو لە قۆناعی پۆلیتیزم پەریەوە بۆ قۆناغی هینۆتیزم – توحیدی))- رەوشی ئاینی، ل ٢٥ (بەتەنیا).

بەڵام د. رەشاد ئەمەی نووسیوە: مادو ئیرانییەکان لە بواری کەلتووری گیانیدا هەنگاوی باشیان بەرەو پیشەوە نابوو لە پۆلیتیزمەوە بۆ هینۆتییزم پەرینەوەو لەمەشەوە لە مۆنۆتیزم نزیك بوونەوە.

واتە سەرەرای هەڵەی تر (مادو ئیرانیی کردووە بە ئاینی زەردەشتی) شوان مۆنۆتیزم (تەوحید)ی پەراندووەو بەهەڵە هینۆتیزم (هەبوونی خوداوەندیکی مەزن لەناو کۆمەڵی خوداوەندی تر – د. رەشاد، ل ٢٤)[1] ی بۆ تەوحید داناوە، یا با بلیین هەڵەی چاپە.

٤- ل ٢٨٦ پەراویزی ٣ شوان : د. رەشاد لە لاپەرە (٢٣)ی کتیبەکەیدا باسی چەند شتیك دەکات وەکو پەرستنی شەرابی (هەوما)و باسی ئەفسانەی ئەژدیهای حەوت سەر... و دواتر لە لاپەرە ٢٤-٢٥ باسە هەنگاونان بۆ مۆنۆتیوم (تەوحید) لای مادەکان وئیرانییەکان (بروانە خالەکەی سەرەوە)و دکتۆر رەشاد ئەمە دەبەستیتەوە بە دەوڵەتی ماد کە تاکە پادشایەکی هەبوو و دکتۆر دەگەریتەوە بۆ قسەیەکی (ئەنگلز) کە گوایە خودایەکی تاك و تەنیا بی پادشای تاك و تەنیا هەرگیز پەیدا نەدەبوو و خوای تاك و تەنیا نوسخەیەکی کتومتی زۆرداری تاك و تەنیای رۆژهەڵاتییە. د. رەشاد پاشان دەپرسیت: خۆ ئەکەدو ئاشورو بابل پادشایەکی تاك وتەنیایان هەبوو و لەوانەیە زۆرداریی ئەمانە لە هی میدییەکان تیپەری کردبیت ئەی بۆچی پیش میدیا فیکری مۆنۆیزم سەری هەڵنەدا؟ د. رەشاد هەوڵ دەدات وەڵامی ئەوە بداتەوەو ئەوقسەیەی لە خالی (٣)ی سەرەوەماندا باسکراوە دەڵیت واتە مادەکان و ئیرانییەکان لە بواری کەلتووری گیانیدا هەنگاوی باشیان بەرەو پیشەوە نا... تاد.

لیرەدا نامەوی موناقەشەی قسە ساکارەکەی ئەنگلز بکەم و تەنها ئەوە دەڵیم کە کاتی ئەنگلز زانرابوو عیراق و میسری کۆن پادشای تاکوتەنیاو لەهەمان کاتدا خوداوەندی زۆریان هەبووە، بەلای کەمەوە ئەگەر لە ریگەی دەستکەوتی شوینەوارناسانەوە نەبیت ئەوا لە باسەکانی یۆنانییە کۆنەکان. لیرەدا کاك شوانم مەبەستە. کاك شوان ئاماژە بۆ ئەو لاپەرانەی کتیبی د. رشاد دەکات ، واتە ل ٢٣-٢٥ و دەڵیت: ((بەپیی تیپەربوونی قۆناغەکان ئاینی کورد لەپیشتر بوو لە عەرەب)) و دەنووسیت: بۆ زیتر زانیاری بروانە (د. رەشاد میران: رەوشی ئاینی و نەتەویی لە کوردستان، ل ٢٣-٢٥- بەتەنیا).

ئەمە یەکیکە لە گاڵتەجارییەکان. شوان سووکو باریك میدییەکانی گۆریوە بۆ وشەی (کورد)و ئاشورو بابل و ئەکەدی کرۆدتە وشەی (عەرەب)!! شتیکە مەگەر قوتابیانی ناوەندی لە راپۆرتەکانیاندا بینووسن.

گاڵتەجارییەکی تر ئەوەیە کاك شوان قسەکەی سەرەوەی لە پەراویزەکەدا نووسیوە، لە ناواخنەکەش و کاتی ئاماژە بۆ ئەو پەراویزە دەکات دەڵیت: کورد لە رووی ئایینەوە لە ئاستیکی زۆر لە پیشتری عەرەبە موسڵمانەکاندا بوون (هەمان لاپەرە). زانیشمان بەرەوپیش چوون کە د. رەشاد باسی کردووە بریتی بوو لە نزیکبوونەوە لە تەوحید. ئەوەش دەزانین کە ئەو شتەی لای عەرەبە موسڵمانەکان هەبوو (= تەوحید) لەوپەری پوختیدا بوو لەکاتیکدا زەردەشتیەتی سەردەمی فتوحات بەلکو سەدان ساڵ پیش فتووحات پر ببوو لە شرك و پوختییەکەی نەمابوو کەچی کاك شوان دەڵیت کورد زۆر لە عەرەبە موسڵمانەکان لەپیشتر بوو.

چل و پینج: (اصول اسماء المدن و المواقع العراقیة/ ج١)ی (جەمال بابان)

هەمان ئەو چاپە بینە کە شوان نووسیویەتی دەبینی ئەو لاپەرانەی شوان نووسیونی راست نین. لە زانیارییەکانیش ئەم دووانەم هەڵبژاردووە:

١-ل ٤٢ شوان: لەبارەی پردەکەی (زاخۆ)وە : ئیستا بە پردی عەبباسی دەناسریت – جمال بابان، ل ١٣٨.

لاپەرە ١٣٨ شتی وای تیدا نییە. باسی شاری زاخۆش لە لاپەرە ١٩٣- ١٩٤ دایەو لەو دوولاپەرەیە تەنانەت ناوی پردەکەش نەهاتووە.

٢-ل ٤٢ پەراویز ** شوان: هەر زاخۆ: عەبباسیەکان پییان دەوت (الحسینیة) – جمال بابان، ل ١٣٨-١٣٩.

سەرەرای هەڵەی لاپەرەکان ئەم قسەیە نەوتراوە بەڵکو بابان قسەی دوو نووسەری (المرشد الی مواطن ..) نەقل دەکات کە ئەوان وای بۆ دەچن زاخۆ لەو شوینەدا دروست بووبیت کە شاری (الحسنیة)ی تیدا بووەو کە زیاد لەیەك بولدانیی عەرەب باسیان کردووە.

[1] کەچی شوان چەند لاپەرەیەکی پیشتر ئاماژە بۆ ئەمە دەکات.

کاك شوان نەك تەنها قسەکەی بە هەڵە نەقڵ کردووە بەڵکو ناوەکەشی بەهەڵە نووسیوە چونکە جەمال بابان لەجیاتی (الحسنية) – کە بەم جۆرە لە " المرشد "دا هاتووە – دەنووسیت (الحسينية)، شوان ریك ئەم (الحسينية)یەی نووسیوە هەرچەندە بۆ خۆی لە هەمان لاپەرەدا شێوازە راستەکەی نووسیوە، واتە (الحسنية).

چل و شەش: (المرشد الى مواطن الاثار والحضارة)ی (طه باقر و فؤاد سفر)

١–ل ٤٢ پەراوێز ** شوان : لەبارەی (زاخۆ)وە: شوان دەڵێت: یاخود ناوی ئەو نەتەوەیە کە جوگرافی ناسی گریکی ئەسترابۆن (سترابۆن/ف.) بە سکۆدیۆس ناوی هیناوە.

شوان ناوی کتێبی (المرشد) دەنووسێت (الرحلة الثالثة ل ٥٤–٥٥/ بە تەنیا) بەڵام گومان لەوەدا نییە شوان ئەم کتێبەی نەدیوەو ئەم زانیارییەی لەوانەیە لە کتێبی جەمال بابان وەرگرتبێت، بۆچی؟ چونکە:

١– (المرشد) دەڵێت سکوبودس Saccopodes (بە عەرەبیو لاتینی نووسراوە) بەڵام جەمال بابان دەنووسێت : سکودیوس و شوانیش دەنووسێت سکۆدیۆس.

٢–جەمال بابان بۆ ئەمە دەنووسێت: المرشد – ر٣– ص ٥٤–٥٥ شوانیش هەر ل ٥٤–٥٥ دەنووسێت.ئەم دوو لاپەرەیە باسی هەموو زاخۆیە بەڵام باسی سترابۆن وساکۆپۆدس لە لاپەرە (٥٥)ـە.

شوان لە لیستی سەرچاوەکاندا گەشتی سێیەم نانووسێت بەڵکو تەنها گەشتی چوارەم و شەشەم. وەکو وتیشم ئەم زانیارییەی لەوانەیە لە کتێبەکەی پارێزەر جەمال بابانەوە وەرگرتبێت بەڵام تەنانەت گومانم لەوەش هەیە چونکە لە سەرەوەدا بینیمان کە زانیاریی هەڵە ئەو کتێبەشی گرتۆتەوە.

٢– ل ٤٣ پەراوێزی * شوان : باعذرا ((ئێستا لە گوندەکانی شاری شێخان دەژمێردرێت کە مەڵبەندی ئێزیدیەکان))– الرحلة الثالثة، ل ٤٢ (بەتەنیا).

گەشتەکە باسی شێخان ناکات و تەنانەت ناویشی ناهێنێت بەڵکو دەڵێت باعذرا ئێستا یەکێکە لە مەڵبەندە گرنگەکانی یەزیدییەکان و بارەگای سەرۆکەکەیانی تێدایە.

٣– ل ٦٦ شوان : لەبارەی (جەلەولا)وە : ((چەند پاشماوەیەکی سەردەمی ساسانییەکانی لێیە)) – الرحلة السادسة، ل٥.

لە گەشتەکەدا وشەی (چەند) نەهاتووەو تەنیا یەك شوێنەوار باسکراوە ئەویش قەنتەرەیەك کە ساسانییەکان دروستیان کردبوو و نزیك شارەکە بوو (نەك وەك شوان دەنووسێت : لێیە).

چل و حەوت: (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەوی

لە بەشی داهاتوودا نموونە لەسەر ئەمە دەبینین.

١– ل ٢٢ شوان: قەڵای ماردین و ئەو شاخەی قەڵاکەی لەسەرە ((دەروانێتە سەر باکوورو باشوورو خۆرهەڵات و خۆرئاوا))– معجم البلدان، ج٥، ل٣٩. ئەو کتێبە شتی وای تێدا نییە. شوان دوو سەرچاوەی تری نووسیوە: قرة العين، ل ١٨ و صورة الارض، ل ٢٠٢ . لەم دوانەش قسەکە تەنها لە دووەمیاندایە.

٢–ل ٢٥٤ شوان: ((هەرچەندە سەرچاوەکان باس لەوە ناکەن کە دەڤەری شارەزوور لە دەسەڵاتی عەرەبە موسڵمانەکان هەڵگەرابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ماوەیەکی درەنگ نەیانتوانی بە تەواوی دەست بەسەر ئەو دەڤەرەدا بگرن و دەسەڵات و ئاینی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن))– معجم البلدان، ج٣ ، ل ٣٧٥.

کاك شوان زۆر مەبەستێتی تێمانبگەیەنێت کە شارو ناوچە کوردستان لە دەسەڵاتی ئیسلامی هەڵگەرابێتنەوە بگرە دوو جارو سێ جاریش ئەمەیان کردووە. لەم پێناوەشدا گرنگ نییە بە ئارەزووی خۆیو بێ پاراستنی ئەمانەتی زانستی زانیارییەکان وەربگرێت (ئەوە ئەگەر لەو زانیارییانە تێگەشتبێت)– بروانە بۆ نموونە کتێبی ژمارە (هەژدە) لەسەرەوەدا و خاڵی (٢٠) لە بەشی داهاتوودا. لە حاڵەتی شارەزووریشدا شوان لەسەر هەمان بەزم دەروات بەڵام ئایا یاقووت خۆی چی وتووە؟ یاقووت (ل ٣٧٥–٣٧٦) لەزاری (مسعر بن مهلهل) باسی کاتی خۆی دەکات کە خەڵکەکە یاخین و خراپەکاریو راورووت دەکەن و بە هیچ جۆرێك نەیتوە عەرەبە موسڵمانەکان نەیانتوانی((ئاینی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن)). تەنانەت یاقووت دەڵێت ئەمە کاتی خۆی بووەو ئێستا شارەزوور لەژێر فەرمانی موزەففەرولدین گۆکبوریی خاوەنی هەولێرە و زەبت کراوەو دەڵێت زاناو پیاوی گەورەی تێدایە. بەڵام هەروەها باسی کوردی کێوەکانی ئەو ناوچەیە دەکات کە رێبواران دەترسێنن و دزی دەکەن و ئەم شتە بەسەر کورد بەگشتی دادەبرێنێت. ئیتر ئەم وەسفانەمان پێ خۆش بێت یان نا پێویستە زانیاری وەکو خۆی نەقل بکەین پاشان حوکمیان لەسەر بدەین بەڵام کاك شوان بەدرێژایی ماستەرنامەکە لە رەوتی زانستی لا دەدات و ماستەرنامەکەی کردۆتە کتێبی پەروەردەی نیشتمانیو لەم حاڵەتەماندا ئەوانەی یاقووت بە ئەهلی راورووت وەسفیان دەکات ئەو دەیانکاتە پاڵەوانی نەتەوەیی.

چل و هەشت: شتیکی خۆشی (المسالك والممالك)ی (ابن خرداذبة)

ل ٢٧٨-٢٧٩ شوان: شوان لیستی خەراجیك دەهینیتەوەو دەلیت ئەمە لە (ابن خرداذبة) وەرگیراوەو پاشان دەلیت لیستی داهاتی خەراجی میسر شەش ملیۆن درهەمە کە بە بەرهەمترین ویلایەتی ئیسلام دەژمیردریت بەلام داهاتەکەی بە قەد شاریکی کوردە – المسالك والممالك، ل٢٥٠-٢٥١.

سەرەرای هەلەی هەندی ژمارە؛ کتیبەکە باسی خەراجی میسرو ئەسکەندەرییە دەکات کە دوو ملیۆن و پینج سەد هەزار دینارە (ل ٢٥١)و بە حسابی پانزە درهەم بۆ یەك دینار (ل ٢٤٩) برەکە دەکاتە ٣٧ ملیۆن و٥٠٠ هەزار درهەم ئیتر نازانم کاك شوان ئەو شەش ملیۆنەی لە کوی هیناوە (کاك شوان برەکە بە نووسین و بە ژمارە دەنووسیت و هیچ گومانیك لەم بارەیەوە ناهیلیت). شتە خۆشترەکە ئەوەیە کتیبەکە لەراستیدا دوو کتیبە: المسالك کە لە لاپەرە ١٨٣دا تەواو دەبیت و لەوە بەدواوە هەلبژاردەیە لە کتیبەکەی (قدامة)؛ الخراج وصناعة الکتابة! واتە ئەو لیستە هی قودامەیە نەك (ابن خرداذبة)!

چل و نۆ: (مقدمة)ی ئیبنو خەلدوون

شوان ناوی چاپی (١٩٩٩)ی ئەم کتیبە دەنووسیت منیش دوو چاپی کۆنترم دەستکەوتبوو: هی (دار العودة)ی لە بەیرووت و هی (المکتبة التجاریة الکبری) لە قاهیرە (هەردووکیان بی میژووی چاپن). دواتر چاپیکی ٢٠٠٢ م کەوتە بەرچاو. (مقدمة)ش تەنها یەك بەرگە کەچی کاك شوان لە دوو شوینی کتیبەکەیدا (ئەوەی کەوتە بەرچاوم) ناوی (مقدمة) وەك سەرچاوە دەنووسیت و دەلیت بەرگی ٢. لە یەکیکیاندا لاپەرە ٦١٥ دەنووسیت واتە هەردوو بەرگەکە زیاد لە ١٢٠٠ لاپەرەیە کە ئەمە ژمارەیەکی نەك زۆرە بەلکو خەیالییە بۆ ئەو کتیبە.

یەکەم بەکارهینانی (مقدمة) لاپەرە (٢٧٨) ـە و بریتییە لە لیستی خەراجی هەندی شارو ناوچەی کوردستانە (یەکیکیان نووسراوە : کور دیجلە واتە کوورەکانی دیجلە، کاك شوانیش نووسیویەتی : کورد دیجلە !). شوان هەلەی لە ژمارەکان کردووە و لە هەموویان خراپتر ئەوەی شارەزوورە کە شوان ٦٧ ملیۆن درهەمی نووسیوە کە راستەکەی شەش ملیۆن و حەوت سەد درهەمە (کاك شوان زەربی ١٠ ی کردووە). شوان لەسەر ئەم ئەساسە خەراجی ئەو شارەو ناوچەکانی دیکەی کۆکردۆتەوە کە کردوویەتییە ١٤٦ ملیۆن درهەم کە ئەمە هەلەیە.

سەرەرای ئەمە ناوی شوینی دیکەی کوردستان هەیە لای ئیبنوخەلدوون بەلام شوان نەینووسیون. ئەوانەی سەرەوە بەلگەن کە شوان کتیبەکەی نەدیوە. شوان جاریکی تر ئاماژە بۆ کتیبەکە دەکات (وەك وتیشم لە دوو شویندا بینیومە شوان ناوی کتیبەکەی وەك سەرچاوە نووسیوە)و بەپیی ئەو گوایە ئیبنوخەلدوون دەلیت عومەر فەرمانی داوە سەرجەم کەلتووری زەردەشتی بسووتینریت و پەرەستگەکان برووخینرین (مقدمة ابن خلدون، مج ٢، ل ٦١٥). وەکو وتیشم بەرگی ٢ و لاپەرە ٦١٥ واتای ئەوەیە هەردوو بەرگەکە زیاد لە ١٢٠٠ لاپەرەن ئەمەش ژمارەیەکی خەیالییە چونکە کتیبەکە یەك بەرگە و لاپەرەکانی ئەو یەك بەرگە ناگەنە ٦١٥ لاپەرە مەگەر چاپی ٢٠٠٢. پاشان ئەگەر شتی وا لەو کتیبەدا هەبوایە رۆژهەلاتناسان دەمیك بوو بلاویان دەکردەوە. شوانیش لە پەراویزەکەدا سی کتیبی تر دەنووسیت دوانیان کوردین ؛ ئاشکراشە سەرچاوەی کوردی زۆر شتی لەم بابەتەیان تیدایەو ئەمانە فیرن ئەم جۆرە قسانە لە یەکتر وەربگرن هەتا ئەگەر قسەی سەرجادەش بن. سییەمیشیان بەفارسییەو کراوەتە کوردیو لەوە ناچیت حالی باشتر بیت. بەهەرحال بۆ خۆم ئەو شتەم لە (المقدمة)دا نەبینی. یەکیك لەو سی کتیبەی بەپال (المقدمة) نووسراون ئەوەی د.جەمال نەبەزە؛ کوردی سەرگەردان و برا موسلمانەکانیان ، ل ٢٤. شتی واش لەو لاپەرەیەدا نییەو چەندیش گەرام لە شوینی تری کتیبەکە نەمدۆزییەوە.سەرچاوەی دووەم ئەوەی (رەفیق سابیر)ە؛ بەرەو میژوو، ل٢٨. هەقە ئەمەیان ناوی(بەرەو ئەفسانە)ی لی بنریت چونکە تیکەلەیە لە سۆزیکی گەرم و خەیالیکی خۆش. ناوبراو باسی (مقدمة) دەکات بی ئەوەی پیمان بلیت کام چاپ و کام لاپەرەیە کەچی هیشتا شوان پیی زانستییە قسەکەی وەك سەرچاوە بنووسیت ![1].سییەمیان هی (هاشم رضی)یە، زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی،ل ١٢١ .ئەم لاپەرەیە لە راستیدا تەنها ئاماژەیەو لیرەدا پیمان وتراوە تەماشای ل ١٠٢ بکەین، لەویشدا ناوی سەرچاوەیەکی فارسی نووسراوەو وتراوە لە نووسراویکی ئیبنوخەلدووندا ئەوە هاتووە! کاك شوان ئاوا مامەلەی زانستی لەگەل سەرچاوەکاندا دەکات.

پەنجا: (الفتح الاسلامي للعراق والجزیرة)ی (المقدم عبدالحمید حسین)

[1] رەفیق سابیر هەروەها باسی سووتاندنی کتیبخانەی ئەسکەندەرییە لەلایەن موسلمانان دەکات کە بۆ سەدەیەك دەچیت میژوونووسانی رۆژئاوا باوەریان پیی نەماوە. ول دیورانت دەیان سال بەر لەئیستا وتوویەتی زۆربەیمیژوونووسان ئەمە بەخورافەت دەزانن؛ قصة الحضارة، ج ١٣، ل ٢٦٣. بەلام نووسەری کوردی زۆرمان هەیە هیشتا لە خورافەتدا دەژین. رەفیق سابیر لە کتیبە لماوییەکەیدا، ئیمپراتۆریای لم (چاپی٢،٢٠٠٢، ل١٠٥) ئەو شتە دەنووسیتەوە بەلام ئەم جارە زانیارییەکان دەنووسیت؛ دار العودة،بیروت، ١٩٨١، ل ٢٨٥-٢٨٦ (نووسراوە لا ٢٨٦-٢٨٥) هەروەها ناو کتیبیکی فارسی دەنووسیت . ئەم کتیبە فارسییە لە ئەلمانیای رۆژئاوای ئەوسا دەرچووەو هەروەکو ئەو کتیبە لماوییەیە. بۆ (مقدمة)ش ل ٢٨٥-٢٨٦ ی چاپی (دار العودة)ی لای خۆم و ژمارەیەك لاپەرە لە پیش و لە دواو ژمارەیەکی زۆری لاپەرەی شوینی دیکەم تەماشا کرد بی ئەوەی هیچم دەستکەویت.

١-ل ١٤٩ شوان: یەزدیگورد: داوای لە والییەکانی هەر یەك لە هەمەدان و رەی‌و هەریمی چیاو ئازەربیجان و شیروان و ئەهواز – سوسنیا– (راستەکەی سوسیانا/ف.) کرد لە جەلەولا کۆببنەوە – الفتح الاسلامی، ل ١١٥.

ئەو لاپەرەیە (هی هەمان چاپ) باس لە رۆژی (عماس)ـە کە یەکیکە لە رۆژانی شەری قادسیەیەو پیش شەری جەلەولا بوو. باسی جەلەولاش لە لاپەرە ١٥٨ بەدواوەیەو ئەوەی تیدا نییە کە شوان باسی دەکات.

٢- ل ١٥٥ شوان: شوان دەلیت بریاری گرتنی حولوان قابیلی گۆران نەبوو چونکە مانەوەی حولوان واتای بوونی بنکەیەکی سەربازی‌و کۆمەك وسازدانەوەی لەشکری ساسانی‌و پەلاماردانی عەرەبە موسلمانەکانە – الفتح الاسلامی، ل ١٥٨.

یەك وشە لەوەی سەرەوە لەو لاپەرەیەدا نییە. لاپەرەکە باسی ئامادەکاری بۆ شەری جەلەولا دەکات و کە ئەم شەرە پیش گرتنی حولوان بوو. لە لاپەرە ١٦٢ ی کتیبەکە باسی حولوان هەیەو وا لەباسەکەی نووسەر تیدەگەی حولوان گیرابیت و نووسەر دەلیت (ئەلقەعقاع) عەرەب و حەمرای لە حولوان دانا بۆ ریگەگرتن لە یەخەپیگرتنی موحتەمەل لەلایەن فارسەکانەوە. واتە لیرەشدا کە باسی حولوان کراوە ئەو شتە نەوتراوە کە شوان نووسیویەتی.

٣- ل ١٥٧ شوان : لەبارەی (الحمراء) شوان قسەی نووسەر دەهینیتەوە کە ئەمانە کوردەکانی ناو لەشکری ساسانی بوون کە بە دیل گیرابوون و لەبەرامبەر ئازادکردنیان ببوونە موسلمان و جەنگاوەر لەناو لەشکری عەرەبە موسلمانەکان – الفتح الاسلامی، ل ١٥٨،پەراویز١. (بەتەنیا).

ئەمە دەچیتە پاڵ ئەوانەی سەرەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی شوان ئەم کتیبەی نەدیوە دەنا باسی (الحمراء) لە لاپەرە ١٦٢ پەراویز (١٠)دایە (دووبارەی دەکەمەوە ئەمە هەمان چاپە). پاشان نووسەر شتی وای نەنووسیوەو نەیوتووە ئەمانە بەرامبەر ئازادکردنیان ببوونە موسلمان و جەنگاوەر لە لەشکری ئیسلامی بەلکو نووسەر ئەوە دەلیت کە ئەمانە سەربازی فارس بوون کە ببوونە موسلمان و چوونە پال لەشکری عەرەب لە شەری قادسیەو ئەمانە کورد بوون بۆیە عەرەب پییان وتوون (حمراء دیلم) چونکە دواتر دەیلم سەرۆکیان بوو لە کووفەدا[١].

وەکو وتم ئەم هەڵانە نیشانەی ئەوەن شوان کتیبەکەی نەدیوە، خۆ ئەگەر دیبیتی تاوانەکەی گەورەترە چونکە لە حالەتی یەکەمدا ئەمانەتی زانستیی نەپاراستووە بەلام لە حالەتی دووەمدا جگە لە نەپاراستنی ئەمانەتی زانستی راستییەکانی هەلگیراوەتەوە. شوان هەر لە سەرەتاوە بریاری داوە کورد هاوکاریی دەولەتی ساسانی‌و بیزەنتی دژی ((عەرەبە موسلمانەکان))ی کردبیت و ئەگەر راستییەکی پیچەوانەی زانیبیت لیی بیدەنگ بووە. شوان دەلیت قوباد فەرماندەی ئەم سوورانە بوو (ل ١٥٧) بەلام ئەوە نالیت (ئەگەر زانیبیتی) کە قەعقاع کە حولوانی جیهیشت ئەم (قوباذ)ەی کردە فەرمانرەوای شارەکە. پیویستە کورد لەو ماستەرنامەیەدا وەکو هەلگری قەزیەی ساسانی‌و بیزەنتییەکان پیشان بدرایە.

پەنجاو یەك:(الخراج و صناعة الکتابة) ی (قدامة بن جعفر)

نموونە زۆرە لە هەلەکانی شوان سەبارەت بەم کتیبە. لەم بەشەدا ئەم نموونەیە وەردەگرم:

ل ٢٧٤ شوان: شوان دەلیت:عەرەبە موسلمانەکان شت نەما نەیپشکنن بۆ ئەوەی باجی لەسەر دابنین. پاشان باسی باج خستنەسەر خۆراك و مەروماڵات و مەی و تەنانەت ئازووقەی سەربازەکانیان و مووچەی مووچەخۆرەکانیش – الخراج و صناعة الکتابة، ل٢٦٤.

ئەم قسەیە حکومەتی هەریممان دەخاتەوە یاد کە شوان و دکتۆرەکان لە موناقەشەکەدا سوپاسیان کردبوو. هەرچەندیشە لە میژوودا زۆر بینراوە باجی زۆر بسەپینرین بەلام ئەو لاپەرەیەی شوان نووسیویەتی ئەو قسەیە یان تەنانەت بەشیکی ئەو قسەیەی تیدا نییە بەلکو باسەکە لەبارەی فەتحی مەککەوەیە. قسەکە هەروەها نە لەلاپەرە ٢٤٦ و نە لە ٣٤٦ و نە لە ٣٦٤ دا هەیە.

پەنجاو دوو: (صورة الارض)ی (ابن حوقل)

١-ل ٢٢ شوان: ماردین :((سەرچاوەی ئاوی کانی‌و قەنەواتیشی زۆرە))– صورة الارض، ل ٢٠٢(بە تەنیا).

نەخیر داماوانە بی ئاوبوون. ئیبنو حەوقەل دەنووسیت ئاو لە کانییەوە دەهینن کە بە قەنات راکیشراون و ئیستا حەوزو گۆمیان دروستکردووە بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران. شوان کتیبەکەی بەتەنیا نووسیوە بەلام باشترە بەقسەکەی (یاقووت) تەئکید لەوە بکەین. یاقووت دەلیت کانییان کەمەو ئاوی خواردنەوەیان لە حەوزی ناو مالەکانیان وەردەگرن (معجم البلدان، ج٥، ل ٣٩).

پەنجاو سی: دکتۆرانامەکەی دکتۆر حسام الدین باشترین شتە ببیتە کۆتایی ئەم بەشە

١- ل ٨٢ پ. * شوان: ((سەلەماس (سەلماس/ ف.).. ئیستا ناوی گۆردراوە، سەرەتا کرا بە (کهنە شهر–واتە– کۆنە شار) دواتر گۆردرا بۆ شاهپور، بۆ زیتر بروانە د. حسام الدین(..): اذربیجان، ل٧٧))، سەرچاوەی تریشی میژووی کوردو کوردستانی (مەردۆخی)یە.

---

[١] ئەمە رایەکە، سەبارەت بە بۆچوونی تر لەبارەیانەوە بروانە فتوح البلدان، ل ٢٧٩.

د. حسام الدين دەلیت: لەم رۆژگارەماندا شاریك نییە بەناوی (سلماس) هەبیت بەڵام ئەمرۆ شارەکە بریتییە لەو گوندەی بەناوی کهنە شهر (واتە شاری کۆن) ناسراوە، یەکیکیش لە بەشەکانی هەریمی ئازەربایجان بە (سلماس) ناونرابوو بەڵام ناوەکە گۆردرا بۆ شاهپور.

واتا د.حوسام دەلیت شاری سەلماس نەماوە و ئیستا گوندی کوهنە شەهر لەجیگایدا هەیە، بەڵام شوان قسەکە وا لی دەکات: ناوی سەلماس کراوەتە کوهنە شەهر. ئینجا د.حوسام باسی ناوچەیەکی ئازەربایجان دەکات کە ناویان نابوو سەلماس و دواتر ناوەکەی کرا بە شاهپور کەچی شوان هەر باسی شاری سەلماس دەکات و دەلیت ناوی کراوە بە شاهپور.

٢- ل ٢٥٦ شوان: لەمیانەی باسی بەعەرەبکردن و هۆکاری ئابووری: ((چونکە عەرەبەکان سەرباری ئەوەی دەسەڵاتدار بوون، هاوکات خۆیان کاریان نەدەکرد بەلکو سەرپەرشتیی کۆکردنەوەی داهاتی دەولەتی خەلافەتیان دەکرد)) - د. حسام، ل٨٨.

شوان دواتر لەباسی ئازەربایجان ئەمە دەلیتەوە. بۆ سەرچاوەی دووەم کە (فتوح البلدان، ل ٣٢٥) ـە بروانە ژمارە(١٦) لە بەشی داهاتووداو ئەو کاتە دەزانی قسەکەی شوان ((کۆکردنەوەی داهات))چەندی راستە. سەبارەت بەوەی د.حوسامیش دکتۆر خۆخەریك نەکردن بەو کارانە دەگەرینیتەوە بۆ ئەوەی موسلمانەکان ئامادە بن بۆ جەنگ وپاراستنی ئاسایش و بەرگری کردن لە وجوودی ئیسلامی لە هەریمەکەداو باس لە کۆکردنەوەی داهات ناکات. شوان وا مامەلە لەگەل کتیبی مامۆستاکەی خۆی دەکات ئیتر خوا یارمەتیی ئیبنو حوقەل و هاوەڵانی بدات.

* * * * * * *

ئەوانەی سەرەوە چەند سەرچاوەیەك بوون، لەبەر ئەوەشی ویستم زووتر ئەم رەخنەیەم تەواو بکەم سەرچاوەی ترم جیهیشت. زۆریشم حەز دەکرد بەدوای ئەو سەرچاوە ئینگلیزییانە بچوومایە کە شوان گوایە بەکاری هیناون چونکە کاك شوان کە عەرەبییەکەی ئەو باشە نەبیت چۆن چاوەری بکەین سەرچاوەی ئینگلیزی بەکار بهینیت؟ ئەگەر ئەوانەشی دیبیت چۆن بەتەما بین بەو دەردەی سەرچاوە عەرەبییەکان نەیبردبن؟ ئەمانە بۆ کەسیك جیدەهیلم ئەو سەرچاوانەی دەست بکەویت. زۆرم بۆ رەخنەگرانی تر جیهیشتووە.

پەراویزەکان بە کاملی

ئەم بەشە پیش بەشەکەی سەرەوە نووسراوەتەوە ودواتر بۆی زیادکراوەو ویستبووم بۆ هەموو رەخنەکان هەمان کار بکەم، واتە زانیارییەکەی شوان بهینمو یەك بەیەکی سەرچاوەکان تەماشا بکەم. وەکو وتیشم خەریك بوون بەکتیبەکە کاتیکی باشی دەویت بۆیە بەشیکی کتیبەکەم وەرگرتو باقییەکەی تریم بۆ کەسانیتر جیهیشت. لەبەر کاتەکەش بوو کەبەشی پیشووی ئەم رەخنەیەم وا لیکردووە واتە سەرچاوەکە بەتەنیا وەربگرم. هەرچەندە ئەو شیوە رەخنەیە بەسە بۆ سەلماندنی پەیرەوی نەکردنی ئەمانەتو مەنهەجی زانستی بەلام لەگەل ئەوەشدا ئەم بەشەم هیشتەوە تا بزانریت کە مەسەلەکە تەنها ئەوە نییە زانیارییەکە لەکتیبیکدا نییە بەلام لەوانەیە لەوانەی تریشدا نەبیت.

١-**کورد لە هەریمی فارسدا:** شوان دەلیت:کورد لەهەندێ لەم ئوستانانە (مەبەستی ئەوانەی هەریمی فارسی) نیشتەجێ بووە بەتایبەتی لەئوستانەکانی ئەرگانو شاپور (ل ٧٤).

ئەمانەش سەرچاوەکانی کاك شوانن:ابن خرداذبة:المسالك والممالك، ل ٤٧؛ میژووی تەبەری، ج٤،ل٦٨؛ صورة الارض، ل٤٠، ٢٤٠، ٢٤١؛احسن التقاسیم، ل٤٤٦.

تەبەری یەك وشە لەمە نالیتو تەنانەت ناوی (ئەررەجان) و (سابوور)یش ناهینیت و تەنها ناوی (سابور) دیت کەناوی کەسیکە نەك شوین .(احسن التقاسیم)یش هیچ لەقسەکەی شوان لەبارەی کوردەوە نالیت و تەنها بەجیا ناوی سابوور و ئەررەجان دەهینیت. دوو کتیبەکەی تر باسەکەیان وەکو یەکە. ئەمان باسی هەریمی فارس و (کوورە)کانی دەکەن و لەکۆتاییدا باسی کوورەی سابوور و دوای ئەو کوورەی ئەررەجان دەکەن ئینجا باس دیتە سەر ناوچەکانی (زموم = محلات)ی کورد لەفارسدا.. واتە باس لە سابوور و ئەررەجان نەکراوە کە کورد بە تایبەتی تییدا ژیابن.(صورة الارض، ل٢٣٨-٢٣٩ نەك ل ٢٤٠، ٢٤١ هەروەها لاپەرە ٤٠ کە شوان نووسیویەتی باسی بەشیکی جەزیرەی عەرەب دەکات. ئیبنو حەوقەل لەجیاتی ئەررەجان دنووسیت: الرجان).

٢-**شوان باسی شاری (تەووج)** لە هەریمی فارس دەکات کەشاریکی کوردەو دەلیت ((لە کاتی فتووحاتی لەشکری عەرەبە موسلمانەکان ناوی هاتووەو کورد شەری گەورەی لەبەرامبەردا کردوون)) (ل ٧٥ شوان). سەرچاوەش:

فتوح البلدان، ل٣٧٩، تاریخ الرسل والملوك، بەرگی ٥، ل ٤٢، الخراج وصناعة الکتابة، ل ٣٨٧.

کەچی هیچ لەمانە ئەم قسەیە ناکەنو هەرسیکیان ئەم شارە سەر بەخاکی (أردشیرخرة) دادەنین و تاکە وشەیەك لەسەر کوردو شەری کوردان نەهاتووە.

٣-((**پاش گیرانی مهرەگان،** (السائب بن الاقرع) چووە سەر شاری (الصیمرة) کە کۆشکی هورمزیانی لیبوو))- (شوان،ل١٦٢)

سەرچاوە: کتاب الخراج، ل ٦٠، محمود شاکر: التاریخ الاسلامی، مج ٢/ ج١/٨١.

کتیبی یەکەمیان (کەچاپیکی ترە) هیچی وای تیدا نییە. تەماشای هەروەها پیرستی ناوەکان بکە. لەو چاپەی کتیبی دووەمیش کە لەبەردەستمدابوو هیچ باسیك لەم بابەتە نییە (ناوی سەرچاوەکەو سالی چاپی .. تاد لە لیستی سەرچاوەکاندا نەنووسراوە بەلام سەیری باسی فتووحاتی ناو ئەو چاپەی کتیبەکەم کردو هیچی تیا نەبوو لەسەر ئەمە).

٤-**یەکسەر دوای ئەوەش** :((ئەویش بەهەمان شیوە صولحیان کرد بەرامبەر دانی باجی جزیەو خەراج بۆ عەرەبە موسلمانەکانو سائب توانی هەموو ناوچەی (الصیمرة) بگریت))- (ل١٦٣).

سەرچاوە: الاخبار الطوال، ل ١٢٣، الخراج و صناعة الکتابة، ل ٣٧٣.

کتیبی یەکەم ئەمە قسەکەیەتی: (السائب) گەشتە کۆشکی هورموزان، خاوەنی (تستر)، ولاتی ئەویش (الصیمرة) بوو.

کتیبی دووەمیش (ل٣٧٢ نەك ٣٧٣) دەلیت: ئەبو مووسا (السائب)ی نارد بۆ (الصیمرة) شاری (مهرجانقذق)[١] ئەویش بە صولح گرتی (...) و هەر بەهەمان صولحی هەموو ناوچەی (مهرجانقذق)ی گرت.

٥- **سەرلەشکری ساسانی** (ئاذین) بەدیل دەگیریت: شوان دەلیت : داوای لی کرا موسلمان ببی بەلام ئەو داواکەی رەت کردەوە، ئەوە بوو لەسەریان داو کوشتیان (شوان، ل١٥٩).

سەرچاوە: میژووی تەبەری، ج٣/ ل٢٢٢، الکامل فی التاریخ، ج٢/ ل١٤٨ (چاپی لای خۆم ل٣٦٦)، البدایة والنهایة، مج٤/ل٧٣ (چاپی لای خۆم : ل ٧٢).

هیچ لەمانە نالیت داوای لی کرا ببیتە موسلمان.

[١] بەم شیوەیە لەسەرچاوەکەدا هاتووە واتە: (الصیمرة) شاری (مهرجانقذق).

٦-شوان باسی ناوچەی ئەهواز دەکات کەدەوڵەمەند بوو و بۆیە کیشە دروست بوو و سەرەتا کەوتە نیوان ئۆردووی کووفەو ئۆردووی بەسرە لەسەر غەنائم و دەستکەوت و کار گەشتە ئەوەی خەلیفە عومەر بیتە ناو کیشەکەو چارەسەری بکات (شوان،ل ١٨٠).

سەرچاوە: تاریخ الرسل والملوك ج٤/ل٢٤٧، الخراج وصناعة الكتابة، ل ٣٤، الكامل في التاريخ، ج٢/ ل ١٦ (ج٣، ل١٥ چاپی لای خۆم) ، تاريخ ابن خلدون مج٢، ج٢/ ل ١١٢.

کەچی لای تەبەری ئەو موسلمانانەی لەبەسرەدا نیشتەجێ بوون شکاتی هەژارییان لای عومەر کرد کە ئەوان لەچاو کووفە هەژارترن. سەرچاوەی دووەمیش هیچ لەبارەی ئەمەوە نالیت، هەمان شتیش بۆ سەرچاوەی چوارەم. سییەمیشیان باس لە شکاتی خەلکی بەسرەیە کە ژمارەیان زیادی کردووەو خەراجەکە بەشی نەدەکردن و چارەسەری ئەمە لەلایەن عومەرەوە...

٧-لەبارەی ریکەوتنی موسلمانان و هورموزان دەلیت ((بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسی و بەهەند وەرنەگرتن و نەناساندنی هورمزیان و دەسەڵاتەکەی بۆیە بەم شیوەیە راگەیاندراوەو لەبایەخی ئەم ریککەوتنە کەم کراوەتەوەو کراوە بەریککەوتنیکی ناوخۆیی))- (ل ١٨٠).

لەپەراویزیشدا دەنووسیت: چونکە بریاری راستەوخۆی خەلیفەی لەگەلدا نەبووە بۆیە بەریککەوتنیکی ناوخۆیی دەناسریت (تاريخ الرسل والملوك، ج٤/ ل ٢٢٣-٢٢٤، البداية والنهاية مج٤/ج٧/ل٨٠-١٠١)

تەبەریش یەك وشە لەبارەی ئەمەوە نالیت ئەو دوو لاپەرەیەش باس لەوە دەکەن کەموسلمانان کووفەیان دروست کرد. بۆئەوەی (ابن كثير) یش شوان (٢٢) لاپەرەمان بۆ دەژمیریت (ل ٨٠-١٠١) لەکاتیکدا باسی شەری ئەهواز لاپەرەیەکە لەو کتیبەدا!

((ئەو شیوەیە))ی شوان مەبەستیتی ئەوەیە هورموزان توانایەکی سەربازی و سیاسی بەهیزی هەبووەو عەرەبەکانی ناچار کرد دان بەدەسەڵاتیدا بنین و ئەمە شتیکی تازە بوو لەسیاسەتی عومەر چونکە عوتبە کوری غەزوان دوای ریکەوتنەکە عومەری ئاگادارکردەوەو ئەو ریکەوتنەکەی پەسەند کرد (ل ١٧٩-١٨٠) بەڵام چونکە دوای ریکەوتنەکە عومەر ئاگادارکراوەتەوە لەکاتیکدا نەدەبوو هیچ والیەك بێ فەرمانی ئەو لەخۆیەوە کاربکات بۆیە دەبیت خەلیفە عومەر خۆی ئاگاداری ئەم ریکەوتنە بووبیت و خۆی بریاری لەسەر دابیت بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسی بەهەند وەرنەگرتن و ناساندنی هورموزیان و دەسەڵاتەکەی بۆیەم بەم شیوەیە راگەیاندراوەو لەبایەخی ئەم ریکەوتنە کەم کراوەتەوەو کراوە بەریککەوتنیکی ناوخۆیی (ل ١٨٠) ..پیچوپەناکردنمان لەمە باشتر دەست ناکەویت !

جارێ وتمان (ریککەوتنەکە بایەخی پێ نەدراوە) لەهیچ لەو سەرچاوانە نییە کە ناویان دەبات واتە ئەم قسەیە دروستکراوی خۆیەتی. پاشان خەیالیکی تری دەخاتە پال کە بێ ئاگاداری عومەر کەس بۆی نەبوو هەلسوکەوت بکات و کە میژووی فتووحات دژ بەمە چەندین نموونەی تیدایەو کەچۆن سەرلەشکرەکان ریکەوتنیان لەگەل شارو ناوچەکاندا ساز دەدا.

پاشان هیچ مەنتق لەقسەکانی سەرەوەدا نییەو لە پیچوپەناکردن بەدەر نین دەنا مانای چییە بلیین عومەر پیشتر ئاگای لەریککەوتنەکە بوو بەڵام وا پیشاندراوە کەدواتر ئاگای لی بووەو مەبەست لەوە کەم کردنی بایەخی هورموزان و ریککەوتنەکە. دواتر کێ ئەم شیوەیەی بەریککەوتنەکە بەخشی؟ غەیری میژوونووسە موسلمانەکانمان نییە بەڵام ئەمانە چیان دەستکەوتوە باسیان کردووە، بەتایبەتی تەبەری، بێگویدانە شتی زۆر گەورەتر و خراپتر لەوەی شوان باسی دەکات واتە (دانانی بایەخیکی کەم بۆ ریککەوتنەکە).

مەبەستی کاك شوانیش تەنها ئەوەیە هورموزان وەکو پالەوان پیشان بدریت بەڵام عومەر ویستویەتی بچووکی بکاتەوە، گرنگیش نییە هورموزان سەرکردەیەکی ئەو دەولەتە ساسانییە بوو کە کوردستانی لە ژیردەسدا بوو یان مەبەستەکەی تەنها بەرژەوەندیی خۆی بوو گرنگ ئەوەیە دژی لەشکری ئیسلامی وەستابوو. بە هەر حال هورموزان دوای تەسلیم بوونی دەبیتە موسلمان و لە مەدینە نیشتەجیی دەبیت.

٨- لە بارەی شاری (توستەر)ەوە: شوان دەلیت لە سەردەمی عومەردا دوو جار لە دژی دەسەڵاتی عەرەبە موسلمانەکان راپەری و هەردوو جار راپەرینەکە بە فەرماندەیی (ابو موسى الاشعري) دامرکینرایەوە دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان لیکوشتن و ژن و مندالەکانیان بەتاڵان بردن(شوان ل ٢٤٢).

سەرچاوە: فتوح البلدان ل ٣٧٤-٣٧٥ و الخراج وصناعة الكتابة ، ل ٣٨٦-٣٨٧.

سەرچاوەی یەکەم (ل ٣٧٣-٣٧٤) روایەتیکی دووروودریژ دەهینیتەوەو ئەوەی تیادا هاتووە کە شارەکە دوای شەریکی قورس گیرا، ریوایەتیکی کورتیشی هیناوە کە شارەکە بە صولح گیرابوو و دوایی هەلگەرایەوە. سەرچاوەی دووەمیش (ل ٣٨٥) ریوایەتە دریژەکە بە کورتی دەهینیتەوەو ئەوەی تیدا هاتووە کە ئەوەی ئەمانی نەبووە کوژرا. ئیتر هیچیان نە باسی دوو جار هەلگەرانەوە و نە بەتاڵان بردنی ژن و مندالیان نەکردووە.

٩-شوان لەبارەی گوایە بەعەرەبکردنی کوردستانەوە شتی وا دەڵێت کە سەرچاوەکان نەیانوتووەو سەرەرای ئەوە ناوی ئەو سەرچاوانە دەهێنێت. شوان دەڵێت کە لەگەل گیرانی شاری مووسل چەند هۆزێکی عەرەبی (بنو تغلب وایاد ونمیر) لەم شارە نیشتەجێ بوون (ل ٢٦٠).

جارێ (نمیر) نییە کە شوان چەند جارێك بەم شێوەیە ناوی هێناوە بەڵکو (النمر)ە دواتر ئەو سەرچاوانەی ناوی بردوون وا نالێن بەڵکو دەڵێن کە ئەو سێ هۆزە لەگەڵ رۆمەکان و سەرکردەیەك بەناوی (الانطاق) پێکەوە دژی لەشکری موسڵمانان شەریان کرد بەڵام موسڵمانان لەگەڵ ئەو سێ هۆزە ریککەوتن و ئەمان موسڵمان بوون و لەشەرەکەدا کۆمەکی لەشکری موسڵمانانیان کرد ئیتر ئەم نیشتەجێ کردنەی سێ هۆزەکەی لە کوێوە هێناوە؟!

١٠-هەر لەبارەی بەعەرەبکردن شوان دەڵێت: ((هاوشان لەگەل پرۆسەی لەشکرکێشی.... دەوڵەتی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی سیاسەتی بەعەرەبکردنی پیادە دەکرد....)) پاشان مەرامەکانی ئەم سیاسەتە دەژمێرێت کە یەکێکیان: ((هۆزە عەرەبە نیشتەجێ بووەکان وەك ئۆردوێکی سەربازی (حامیة عسکریة) هەمیشەیی لە شارەکان دادەنران، چونکە دەسەڵاتی ناوەند لەوە دەترسان شارە داگیرکراوەکان راپەرن و دەسەڵاتی عەرەبە موسڵمانەکان وەدەرنێن))- شوان، ل ٢٥٥.

سەرچاوە: مێژووی تەبەری، ج٤، ل٢٢٣؛ فتوح البلدان، ل ١٠٩؛ الکامل في التاریخ، ج٢، ل١٤٩، تاریخ ابن خلدون، مج٢، ج٢، ل ١١٠.

کتێبەکان یەك وشە لەبارەی ترسی دەسەڵات لە راپەرین نالێن و ئەمە قسەی شوان خۆیەتی ئەگینا سەرچاوەی یەکەم و سێیەم و چوارەم باسی دروستکردنی کووفە دەکەن کە ئەمە شارێکی نوێ بوو نەك شارێك بێت پێشتر هەبووبێت و موسڵمانان خرابێتنە ناوی. سەرچاوەی دووەمیش باسی کاتی رێددەی عەرەب دەکات نەك فتووحات. بەهەر حاڵ رەنگە (ل ١٠٩) هەڵەی چاپ بێت و راستەکەی لاپەرە ٢٠٩ بێت کە باسی ئەوەی تێدا هەیە مەسلەمە کوری عەبدولمەلیك ٢٤ هەزار کەسی خەڵکی شامی لەناو شاری (الباب – دەڵێت: الباب والابواب) کە لە ئەرمینیادایە نیشتەجێ کرد، ئەمەش لە سەردەمی ئومەویدا بوو نەك کاتی فتووحاتی یەکەم. شایەنی وتنە عومەر فەرمانی دابوو سەربازەکان دوور لە شارو گوندەکان نیشتەجێ بکرێن. ئەمە لە لاپەرە (٣١٥)ی کتێبی (الخراج و صناعة الکتابة)دا هاتووەو شوان چەند جارێك ئاماژە بۆ ئەو لاپەرەیە دەکات کەچی ئەو راستییە نالێت ، بگرە باسی هاندانی دەسەڵاتی خیلافەت لەمەسەلەی نیشتەجێبوون ((لە شارو شارۆچکە ناعەرەبییەکان و بە تایبەتی شوێنە دوورەکان)) دەکات و دەڵێت ئەم سیاسەتە هەر لەسەردەمی عومەرەوە دەستی پێ کردو دوای ئەویش درێژەی کێشا (ل ٢٥٨ شوان). فەرمانی عومەر ئەوە بوو کە زانیمان کەچی شوان وا لێی تێ دەگات.

١١- بەعەرەبکردنی ناوەکان : شوان دەڵێت عەرەبە موسڵمانەکان ناوی شاری (نەوکرد) یان گۆری بۆ ناوێکی عەرەبی ئەویش (الحدیثة).بروانە (ل ٢٦٠) وەکو سەرچاوەش کتێبەکەی یاقووتی حەمەوی؛ معجم البلدان (ج٢/ل٢٣٠-٢٣٥) دەهێنێت .ئەم سەرچاوەیەش باسی ئەوە دەکات کە شارەکە وێران ببوو و مەروان کوری محمد کوری مەروان (ی ئومەوی) ئاوەدانی کردەوەو پرسی ناوی چییە ئەوانیش پێیان وت، ئەویش وتی ناوی بنێن (الحدیثة).

چیرۆکێکی تری ناونانەکە دەیگێریتەوە بۆ کاتی حەججاج، واتە لەهەموو حاڵەتێکدا ئەمە زۆر دوای گرتنی شارەکە بوو.خۆش ئەوەیە شوان ئەم ژمارەی لاپەرانە دەنووسێت:(٢٣٠-٢٣٥) لەکاتێکدا باسەکە لەلاپەرە (٢٣٠)دایە. وا بزانم ئەگەر شوان کتێبەکەی دیبێ ئەوا بەوە لێی تێکچووە کە یاقووت باسی چەند شارێك بەناوی (الحدیثة) دەکات لە لاپەرە ٢٣٠-٢٣٢.

١٢-لەبارەی شاری (حولوان) یشەوە دەڵێت : هەر لە دوای گرتنی شارەکە نەوەکانی (جریر بن عبدالله البجلی) نیشتەجێ بوون و تا سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زاینی مانەوە (ل ٢٦٢).

سەرچاوەش: فتوح البلدان ل ٢٩٩، الخراج وصناعة الکتابة، ل ٣٧٠.

سەرچاوەی دووەم هیچی وای تێدا نییە و تەنها باسی حولوان هاتووە، سەرچاوەی یەکەمیش نالێت ((تا سەدەی سێیەم مانەوە)) ، ئەی کاك شوان ئەمەی لەکوێ هێناوە؟ کاك شوان بینیویەتی سەرچاوەی دووەم لەنووسینی (البلاذري) یەو ئەمیان لەسەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە بۆیە ئەم رستەیەی وتووە. خوێنەریش وا تێدەگات قسەی (البلاذري)یە.

١٣-بەعەرەبکردنی نەهاوەند: شوان رستەیەك دەنووسێت لەبارەی نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان لەشاری نەهاوەندا راستەوخۆ دوای گرتنی شارەکە (ل٢٦٢).

سەرچاوە: مێژووی تەبەری ٥/ ل ١٥٣، الکامل في التاریخ، ٢/٣٨٠، البدایة والنهایة ،بەرگی ٤/ج٧/ ل١٢٩-١٣١.

هیچیش لەمانە یەك وشە لەبارەی ئەمەوە نالێن. ئەو بەرگو لاپەرەیەی تەبەری باسی پیلانەکەی کوشتنی عوسمان دەکات، ل (٥٣) و (٢٥٣) و بەرگی ٤، ل (٥٣) و (١٥٣) گەرام نەوەکو مەسەلە هەڵەی چاپ بێت بەڵام هیچم نەدۆزییەوە. بە هەمان شێوە ئەمەم لە چاپەکانی لای خۆمی(الکامل)و (البدایة) نەبینی.

١٤-لەهەمان لاپەرەدا کاك شوان دەڵێت: عەرەبەکان سەر بە هۆزی (الاسد) لە شاری (ماسبذان)دا نیشتەجێ ببوون، هەروەها لەهەمەدانو سیسردا هۆزی (العجلي)تیدا نیشتەجێ ببوون (ل٢٦٢) ناوی (فتوح البلدان) ی (البلاذري)ش ل ٣٠٥-٣٠٧ دەهێنێت. بەڵام شتی وا لەم کتێبدا نییە. (البلاذري) لە نەوەیەکی (خشرم بن مالك بن هبيرة الاسدي) دەگێڕێتەوە کە یەکەم جار کورانی (خشرم) دابەزینە (ماسبە ذان) لە رۆژانی کۆتایی ئومەوییەکان بوو (ل ٣٠٥) واتە باس لە هۆزی ئەسەد (ئەسەد نەك الاسد وەك شوان دەڵێت) نەکراوە بەڵکو باس لە بنەماڵەیەکی کراوە کە چوونەتە (ماسبە ذان) ئەویش لە کۆتایی سەردەمی ئومەوی. بۆ هەمەدانیش باسی قەڵایەك دەکات ئەویش (ماذەران) کە (السري بن نسير بن ثور العجلي) گرتبووی (ل ٣٠٦) ئیتر کوا باس لە نیشتەجێبوونی هۆزی (العجلي) لە هەمەدان کراوە؟ سەبارەت بە (سیسەر)یش (البلاذري) باسی ناردنی (مرة بن أبي مرة الرديني العجلي) لەلایەن (هارون الرشيد)ەوە وەك فەرمانرەوا بۆ سیسەر ئیتر چۆن ئەمە بووە نیشتەجێبوونی هۆزەکە لەوێ؟ کاك شوان بنەماڵەیەك و دوو کابرای لای دەبن بە دوو هۆز. کاك شوان تەنانەت ناشزانێت چۆن ناوی هۆزەکان بنووسێت. ئەو دەبینێت البلاذري ناوی کابراکان وا دەنووسێت: الاسدي، العجلي ئیتر وا دەزانێت ناوی هۆزەکان (الاسد)و (العجلي)یە!

١٥- سەبارەت بەکووفەو بەسرە کاك شوان دەڵێت عەرەبەکان لەوێدا دەمانەوەو سەرچاوەکانی داهاتی دانیشتوانی ئەم شارەیان (مەبەستی لەدینەوەرو نهاوەندە) بۆ خۆیان دەبرد (ل٢٦٢) ناوی کتێبی (الاخبار الطوال)، ل ٣١٤ دەهێنێت کە لەراستیدا باس لە کوژرانی عەبدوڵڵا کوری زوبەیر (نەوەکو هەڵەی چاپیش بێت گەرام وبینیم ئەمە نە لە لاپەرە ١٣٤ و نە لە لاپەرە ١٤٣ هەبوو) هەروەها ناوی کتاب البلدان ،ل ٣٧ دەنووسێت لەکاتێکدا لەم کتێبەدا ئەو لاپەرەیە باس لەدینەوەر بەتەنیا دەکات کەپێی دەوترێت (ماهی کووفە) چونکە پارەکەی دەخرایە (عەطاء) ەکانی خەڵکی کووفەو باس لە نەهاوەندو بەسرە نەکراوە. خۆشی ئەوەیە کاك شوان دوای ئەم قسانە دەبێتە واعیزو لەبارەی نیشتەجێکردنی عەرەب دەڵێت ((لێرەدا دەبینین پرانسیپە ئاینییەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرامۆش کراونو گرنگی سەرەکی لای عەرەبە موسڵمانە دەسەڵاتدارەکان تەنها بۆ دەوڵەمەند بوونو پایەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بووە))!

١٦-ئەمانەی سەرەوە هەموویان لەتەنها یەك لاپەرەدا بوون، لەلاپەرەکەی دواتریشدا کاك شوان نەشارەزایی خۆی لەزمانی عەرەبیو لەزاراوەکانی ئەوکاتە دەسەلمێنێتو باسی شاری (ئەردەبیل)ی ئازەربایجان دەکات کەژمارەیەك عەرەبی تێدا نیشتەجێ کران بۆ چاودێرییو کۆکردنەوەی داهات (ل ٢٦٣، پێشتریش لە ل ٢٥٦ ئەمە بەدەر لەباسی ئازەربایجان دەڵێت).

کاك شوان لەم رستەیە تێناگات ((من اهل العطاء والديوان)). واتە ئەوانەی (عطاء)یان پێدەدرا کە هەر موسڵمانێك بچووك بێت یان گەورە، عەرەب بێت یان غەیری عەرەب پارەی ساڵانەی هەبوو[1] ، ئەوانەش ناویان لە دیوان (=سجلەکانی دەوڵەت)دا ناویان نووسراوە، ئیتر ئەمە لەکوێو چاودیرو کۆکەرەوەی داهات لەکوێ!

١٧- شوان دەڵێت: عەرەبەکان خۆیان دەکرد بەخاوەنی زەویوزارەکانو دانیشتوانی رەسەنو خاوەن زەوییان وەك کشتیارێك (مزارع) بەکاردەهێنا (ل ٢٦٣) و کتێبی(فتوح البلدان)ل ٣٢٤ — ٣٢٥ دەنووسێت.

سەرەتا خوێنەر وا تێدەکات (البلاذري) مەبەستی لەهەموو وڵاتێکە چونکە باسەکە بەگشتی وتراوە هەرچەندە لەژێر خانەی (ئازەربایجان)دا دانراوە، ئەمە لەکاتێکدا (البلاذري) باسی تەنها ئازەربایجان دەکات.

ئەم کارەی شوانیش دوورە لەئەمانەت. پاشان (البلاذري) وا ناڵێت بەڵکو دەڵێت هەر قەومێك ئەوەندەی توانیان شوێنیان گرتو هەندێکیان زەویو زاریان کری. شوان دوا بەدوای ئەوە دەڵێت کەئەم کارە کشتارییەی خەڵکەکە لەبەرامبەر برێکی کەمی بەرهەمی زەوییەکانی خۆیان لەلایەن عەرەبە داگیرکەرەکانەوە پێدەدرا (ل ٢٦٤)و ناوی نامەی دکتۆرای دکتۆر حسام الدين (اذربيجان دراسة سياسية حضارية) ل ٨٨ دەهێنێت لەکاتێکدا دکتۆر حسام الدين هەمان قسەی (البلاذري) دەکاتەوەو هیچ ناڵێت لەبارەی ئەوەی برێکی کەمی بەرهەمی زەوییەکانیان پێ دەدرا. ئیتر ئەگەر کاك شوان ئەمانەت لەگەڵ سەرچاوەی مامۆستایەکی زانکۆی خۆی نەپارێزێت دەبێت چاوەڕێی چیی لێ بکەین.

١٨-کێوەکەی ماردین: کاك شوان (ل ٢٢) باس لەو شاخە دەکات کەقەڵای ماردینی لەسەرەو ((کە بەرزییەکەی بە فەرسەخ ناوبراوە))- صورة الارض، ل ٢٠٢؛ تقويم البلدان، ل ٢٧٩.

---

[1] کەس لە سی سەد درهەم کەمتری نەبوو، هەشبووە چەند هەزاری وەردەگرت. منداڵی تازە لەدایکبوو سەد درهەمی هەبوو و کە گەورە دەبوو بۆی دەکرایە دوو سەدو کە باڵغ دەبوو بۆی زیاد دەکرا. تەنانەت منداڵی فڕێدراویش سەد درهەمی بۆ سەرف دەکراو جگە لەمە پارەیەکی مانگانە دەدرایە ئەو کەسەی بەخێوی دەکردو ساڵ بە ساڵ پارە بۆ منداڵەکە زیاد دەکراو عومەر ئامۆژگاریی ئەوەی دەکرد چاکە لەگەڵ ئەو فڕێدراوانە بکرێت(بڕوانە بۆ ئەمانەی سەرەوە وەك نموونە: فتوح البلدان، ل ٤٣٨). بۆ ماوەیەکیش لەسەردەمی عومەردا دەبوایە منداڵەکە لەشیر ببردرێت ئینجا (عەطاء)ی پێبدرێت تا جارێکیان عومەر تێبینی ئەوەی کرد ئافرەتێك بەزۆر دەیویست منداڵەکەی لەشیر ببرێت، کە لەژنەکەی پرسی بۆ وا لەمنداڵەکەی دەکات ژنەکە (کەعومەری نەناسییەوە) وتی چونکە عومەر هیچی بۆ نابڕیتەوە تا لەشیر نەبردرێت، عومەر کەپێشنوێژیی بەیانیی دەکرد لەبەر گریان دەنگی دەرنەدەهاتو دواتر وتی: بەدبەختی بۆ عومەر دەبێت چەند منداڵی موسڵمانانی کوشتبێت، دواتر بڕیاری دەرکرد منداڵ هەر لە کاتی لەدایك بوونیەوە (عەطاء)ی بۆ بنووسرێت.بڕوانە البداية والنهاية، مجلد ٤، ج٧، ل ١٣٥-١٣٦.

(ابو الفداء) لـە تـەقویمدا دەڵیـت لەزەوییـەوە تـا لوتکـەی ئـەو شـاخە نزیکـەی دوو فەرسـەخە !! کـاك شـوانیش بـەم جـۆرە تێگەشتووە. ئیبنو حەوقەل لەو لاپەرەیەی (صورة الارض)دا دەڵیت ماردین قەڵایەکی قایمە زەفەری پـی نابریت و لەسەر لوتکەی کێوێکی بەرزەو باسی فەرسەخ ناکات. باسی فەرسەخ لای ئەو لە لاپەرە ١٩٤دایە ئەویش هەر هەمان قسەی ئەبولفیدایە[١] .

١٩- مووصل: شوان دەڵێت ((کورد هەر لەکۆنەوە لەموسل و دەوروبەری نیشتەجێ بوون)) (ل ٣٦ شوان). سـەرچاوە: المسعودي، مروج الذهب، ج٢/ل١٠١، ابن حوقل، صورة الارض، ل ١٩٥.

مەسعوودی (لـەو چاپەی لای خۆم: لاپـەرە ١٢٤) باسـی چـەند تـاقمیکی کـورد دەکـات کەنـەصرانین و نیشتەجیکەیان لـەدوای مووسل و کیوی جودی بـوو.ئیبنـو حەوقـەلیش دەڵێت خەلکەکەی عەرەبە. هـەروەها دەڵیـت خیلـی عـەرەب و کـورد (ناویـان دەبات) گەرمیان و کویستانی تیدا دەکەن.

شوان لە پەراویزی ** لاپەرە (٢٢٩)دا هەمان شت دووبارە دەکاتەوە لەمەوەو دەڵێت ((بۆیە ئەو خەلکەی یارمەتیی تکریتیان دا کورد بووینە)).

٢٠-هەڵگەڕانەوەی شارە کوردییەکان لەدەسەڵاتی عەرەبە موسلمانەکان لە بەشێکی ماستەرنامەکەدا هەیە . کاك شوان لـەکاتێکدا لەچەند شوینیکی کتیبەکـەیدا موناقەشـەی راوبۆچوونـە جیاوازەکـانی میژوونووسـان دەکـات لـەبارەی سـاڵانی گرتنـی شـارەکان هـەروەها سـاڵانی هەڵگەڕانـەوەیان دەبینـین لـەم بەشـەدا ئەمـەی لـەیاد دەچیـت و هەریـەك لـەو سـالە جیاوازانـە دەکاتـە سـالیکی راستەقینە. بۆ نموونە لەبارەی شاری هەمەدانەوە دەڵیت زۆربەی سەرچاوەکان ریکن کـە شـاری هەمـەدان راسـتەوخۆ دوای شـەری نهاوەند ل ٢١ك/ ٦٤٢ز گیراوە لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەرچاوەیەك باس لـەوە دەکـەن شـارەکە سـالی ٢٣ك و ٢٤ ك گیراوەتـەوە واتـە (بەپیی شوان) شارەکە دووجار راپەریوە (ل ٢٤٦-٢٤٧).

شوان نزیکەی حەفتا لاپەرە پیش ئەوە سالی ٢١ بۆ گرتنی یەکەمی پەسەند دەکات (ل ١٧٤) پیشتریش بۆچوونی تر دەڵیت: سالی ٢٣ یان ٢٤ .. (ل ١٧٢) بەڵام پاش ئەم لاپەرانە چیی وتووە لەبیر دەچیت، یان خۆی لی لادەدات و هـەر یـەك لـەم راوبۆچوونـە جیاوازانـە دەکاتـە رووداویکی راستەقینەو سالی ٢١و دەبیتـە یـەك گرتـن و ٢٣ و ٢٤ یەکـەم و دووەم هەڵگەڕانەوە، کـە لەراسـتیدا هەمووی یەك جار هەمەدان هەڵگەرابووەوە.

نموونەی تر شاری (ماسبەذان)ـە. شوان دەڵیت سێ جار هەڵگەڕاوەتـەوە لـەکاتیکدا یـەك جار بووە. شوان (ل ٢٤٤) دەڵیت یەکەم راپەرینی شارەکە لەسەر دەستی (حذيفة) سالی ١٨ دامرکینرایەوەو ناوی میژووی (خليفة بن خياط/ ج١) دەنووسـیت، دەشلیت جاری سییەم لەدوای شەری نەهاوەند بوو (واتە لای شوان دوای سالی ٢١) و (حوذەیفە) شـارەکەی گرتـەوە(ل ٢٤٤-٢٤٥)و دیسان ناوی میژووەکەی خەلیفە دەنووسیت. هەر بە روالەت ئەمە هەڵەیە ، بروانە لاپـەرە ١٥٨-١٦٠ی شوان بکە دەبینی پینج بۆچوونی هیناوە لەبارەی سالی گرتنی شارەکەو تەنها لە یەکیکیاندا (ئەوەی دوای شەری نەهاوەند) ناوی حوذەیفە هاتووە[٢] .

خەلیفە بۆ جاری یەکەم ناوی حوذەیفە نابات وتەنها باسی گرتنی شارەکە دەکات و بۆ جاری سییەم خەلیفە نالیت ئەمە سییەم هەڵگەڕانەوە بوو بەلکو دەلیت بۆ (سەعد) گیراو دوایی هەڵگەرایەوەو حوذەیفە گرتیەوە، واتە تەنها یەك جار هەڵگەرابووەوە. کاك شوان خۆشی نازانیت چۆن سـەرچاوەکان بەکاربهینیت و بەئارەزووی خۆی بـەو ئەندازە کەمـەی تیگەشـتنی لـە دەقـەکان هەڵگەڕانەوەی شارەکان دەکاتە دوو جارو سی جار. ترسی سەریەشەی خوینەر نەبووایە باسی ئەو سەرچاوانەی ترم دەکرد کە شوان نووسیونی و زیاتر لەسەر ئەمە دەرۆشتم و باسی هەڵگەڕانەوەی شارەکانی دیکەم دەکرد.

٢١-رووداویکی خۆش: سەرچاوەکان دەگیرنەوە کە (ئەبوو مووسا ئەلئەشعەری) هـانی خـەلکی دا شـەر دژی خـەلکی (ایـذج) و کوردەکان بکەن کە هەڵگەرابوونەوەو باسی فەزلی جیهادکردن بە پێ و بێ وڵاخی بۆ کردن. هـەندیك لـە خەلکەکـە وتیـان باچاوەرێ بکەین و بزانین ئەو بۆ خۆی چی دەکات، ئینجا بینیـان کەلوپەلـەکانی خـۆی سـواری چـل ئیسـتر کـرد، ئـەمانیش شـکاتی لای عوسمانیان لیکردو عوسمان لایبرد. ئەمە رووداوەکەیە کە سـەرچاوەکان باسـی دەکـەن و کـە کاك شوان سیانیان دەڵیت: میژووی تەبەری ج٢ (ئەمـە هەڵەیـەو راستەکە ج ٥) ل ١٠٠ و الكامل في التاريخ، ج٢/ ل ٢٤١و میژووەکـەی ئیبنـو خـەلدوون بـەرگی ٢، ج١/ ل١٣١. کەچی کاك شوان وای دەگیریتەوە کەشاری (ایذج)و کوردەکان راپەرین و ((شارەکەیان رزگار کرد بـەڵام (ابو موسى) توانی راپەرینەکەیان دابمرکینیتەوە. تالانیکی زۆریشی کردن[٣] تەنانەت ئەم تالانییە کیشە لەنیوان خودی لەشکری عەرەبە موسلمانەکاندا

---

[١] ئەمە یان موبالەغەیەو یان مەبەست دریژترین ماوەی قەدپالەکەیە.

[٢] کاکە شوان بۆ ئەمە دوو سەرچاوە دەنووسیت یەکیکیان البداية والنهاية، مج٤، ج٧، ل ٧٣(لای خۆم ل ٧٢). کەچی ئیبنوکەثیر نـاوی حوذەیفـە بـەهیچ جۆریك ناهینیت و گرتنی شارەکە دەخاتە سالی ١٦ نەك دوای نەهاوەند کە شەری نەهاوەند بەپیی هەموو حسابیك دوای سالی ١٦ بوو.

[٣] چل بار ئیسترەکە وەك بینیمان کەلوپەلی ئەبووموسا بوون بەڵام دیارە کاك شوان بە تالانییەکانی دەزانیت!! لیرەدا جگە لەتیگەشتنی هەڵە (کەنەشارەزایی لەعەرەبی و بەتایبەتی عەرەبیی کتیبە کۆنەکان دەردەخات) بریاری ئامادەش دەوری بینیوە: کاك شوان ئەوەی لەمیشکدایە کە هەمیشە تالانیی زۆرکراون بۆیە لیرەدا چل بار ئیستر کەنەك بۆ ناوچەیەك بەلکو بۆیەك شاریش هیچ نییە لای دەبیتە ((تالانییەکی زۆر)).

دروست کردو ئەنجام بەلابردنی (ابو موسی) لەوالییەتی بەسرا کۆتایی پیهات)) (ل ٢٤٣). خۆش ئەوەیە کاك شوان پاش ئەوەی دەستکاریی چیرۆکەکەی کردووە (یاخود با بلیین لیی تینەگەشتووە) دەلیت: ((لیرەدا زال بوونی کاریگەری بەرژەوەندی ئابووری خۆی بەسەر عەرەبە موسلمانەکان دا دەسەپینێ!!؟ نەك بنەما پیرۆزەکانی ئیسلام)) – (نیشانەکانی!!؟ هی شوان خۆین). کاك شوان لە مەوعیزەوتن ناوەستی.

٢٢-**کاك شوان لەلاپەرە (١٨٥)دا دەلیت** لەشکری هورموزان بەهۆی دەست راستییان توانیان بەتیر سەد سوارەی لەشکری عەرەبە موسلمانەکان بکوژن، لەنیوانیاندا (البراء بن مالك) برای (انس بن مالك) بوو.

کاك شوان چوار سەرچاوە دەهینیتەوە بۆ ئەمە دوو کۆنو دوو نویتر. دوو کۆنەکە میژووەکەی ئیبنوخەلدوونو ئەوەی (ابن الاثیر).

یەکەمیان تەنها باسی کوژرانی (البراء) لەگەل (مجزأة بن ثور) لەسەر دەستی هورموزان شەوی گرتنی (توستەر) دەکات! دووەمیشیان قسەکەی پیچەوانەی ئەوەی شوانە. (ابن الاثیر) دەلیت کە (البراء) برای (انس) لە گەمارۆدانی شارەکە تا گرتنی سەد کەسی لەموبارزەدا کوشت جگە لەوانەی لەغەیری موبارەزە کوشتنی.. تاد.

دوو سەرچاوەکەی تریش کە نویترن. (احمد دحلان، الفتوحات الاسلامیة، ج١/ ل١٣٤)و (محمد خضری بك: محاضرات تاریخ الامم الاسلامیة، ل٢١٠) هیچ شتی وا نالین. یەکەمیان (چاپی لای خۆم ل١١٦-١١٧) یەك وشەی تیدا نییە لەوەی شوان دەیلیت و دووەمیان (هەمان چاپی شوان) لەو لاپەرەیەدا (ل٢١٠) باسی بەشیك لەشەری (القادسیة) دەکات کە زۆر پیش شەری توستەر بوو، گرتنی توستەریش لەلاپەرە (٢٢١) دایەو نەك تەنها باسی ئەوە ناکات کە شوان بۆمان دەگیریتەوە بەلکو تەنانەت ناوی (البراء)یش نابات.

٢٣-**کاك شوان قسەیەکی دووردوودریژ** لەبارەی هەریمی (ئاران) و شوینەکەی و لەمپەری نیوان ئارانو دەسەڵاتی دەولەتی خیلافەتو تا ئەو لەمپەرە هەبوایە.. تاد (ل ٢٤٩) .سەرچاوەش:

١-فتوح البلدان ل ٣٠٧: بەلام ئەم کتیبە باسی ئاران لە لاپەرە ٢٠٥-٢٠٦ دەکات و بەم جۆرە: ل ٢٠٥ گرتنی ئارانو ل ٢٠٦ گرتنی چەند شوینیك لەئاران و باسی لەمپەر..تاد ناکات.

٢-الخراج وصناعة الکتابة ل ٣٣١- ئەم باسە لەم کتیبەدا نییەو تەنانەت ناوی ئارانیش لەو لاپەرەیەدا نەهاتووە. بروانە پیرستی ناوەکان تا بزانی کە ئەو لاپەرانەی باسی ئارانیان تیدایە هیچ شتیکیان تیدا نییە لەوەی شوان دەیلیت.

٣-میژووەکەی ئیبنوخەلدوون بەرگی ٢/بەشی٢/ ل ١٢٧- ئیبنوخەلدوون تەنها ناوی ئارانی هیناوەو هیچ شتیکی وای نەوتووە.

ئیتر هیچ لەم قسانە لەهیچ لەم سەرچاوانە نەهاتووە.

٢٤-**کاك شوان (ل٦٩)لەبارەی (سیسەر)ەوە دەلیت:** سیسەر واتە: سی سەر مەر و پیشتر ناوی (صدخانیة) بووەو واتە سەدکانی چونکە کانی ئاوی زۆرە، (بلاذری)و (ابن الفقیە)ش دەلین هەمان مانا دەگەیەنیت. سەرچاوە: فتوح البلدان ل ٣٠٧ و مختصر کتاب البلدان، ل ٢٣٩.

زانیارییەکانی دوو سەرچاوەکە وەکو یەکن لەبەر ئەوە پیکەوە باسیان دەکەم. باسەکەش ئەوەیە ناوەکەی لەوەوە هاتووە کە لەنزماییدایە لەنیوان لوتکەی سی تەپۆلکە بۆیە وترا (سی سەر).سیسەریش پیی دەوترا صدخانییە واتە سی سەرو سەد کانی ئەویش لەبەر زۆریی کانییەکانی.واتە کەس باسی لە (مەر)و لەلیکچوونی واتای (سیسەر)و (صەدخانیە) نەکردووە.

٢٥-**شوان باسی هەمەدان دەکات** کە ((تا رادەیەك دەکەویتە خۆرهەلاتی هەریمی چیاکان)) – لاپەرە (٧٠). سەرچاوەش: مختصر کتاب البلدان، ل ٢٠٩، کتاب البلدان ل ٣٩، الاصطخری، المسالك والممالك ل ١١٥.

سەرچاوەی یەکەم تەنها ناوی هەمەدان دەبات کەسەر بەهەریمی چیایە. سەرچاوەی دووەم یەك وشە لەقسەی شەوان نالیت، سەرچاوەی سییەمیش دەلیت لەشارەکانی چیایە. تەنانەت بروانە نەخشەکەی (الاصطخری) بەرامبەر لاپەرە ١١٦ دەبینی ناوبراو شارەکەی خستۆتە ناوەراستی هەریمەکە نەك رۆژهەلاتی نە بەتەواوەتیو نە تا رادەیەك.

٢٦- **لەبارەی هەلگەرانەوەی شمیشاتەوە:** شوان دەلیت کە عیاض کوری غەنەم هیزیکی بە فەرماندەیی حەبیب کوری مەسلەمەی فیهریی ناردە سەر شاری (شمیشاط) کە هەلگەرابووەوەو دوای گەمارۆدانی توانی دووبارە بیگریتەوە (ل٢٥٢). سەرچاوەش: فتوح البلدان، ل١٨٠ و الخراج وصناعة الکتابة، ل ٣١٧.

(البلاذري) دەلیت (عیاض) چوو بۆ شمیشاط و بینی (حەبیب) و(صەفوان کوری ئەلموعەططەل) گەمارۆیان داوە(..) ئیتر خەلکەکە صولحیان لەگەلدا کرد(ل١٧٩) کە ئەمە گرتنی یەکەمە. پاشان باسی هەلگەرانەوەی شارەکە دەکات و چوونی ناوبراو بۆ شارەکە(ل١٨٠) ئیتر چ شتیکی قسەکەی کاك شوان لەمە دەچیت؟! سەرچاوەی دووەم دەلیت موعاویە ئەو دوو کەسەی نارد(ل

٣١٦) دواتریش دەلیت کە (عیاض) حەبیبی لە شمیشاتەوە بۆ مەلاّتیە نارد...تاد (ل ٣١٧) کە دیسان لە قسەکەی کاك شوان ناچیت.

٢٧- لەبارەی هەلگەرانەوەی ئۆرفە(ئەلرەها) : (عیاض) بە وتەی شوان ((گەمارۆی داو دوای ماوەیەك دووبارە خستیەوە ژێر دەسەلآتی عەرەبە موسلمانەکان))- شوان ل٢٥٠. سەرچاوەش: فتوح البلدان، ل١٨٠ و الخراج وصناعة الكتابة، ل ٣١٣.

سەرچاوەی دووەم ئەوەی تیدا نییە، سەرچاوەی یەکەمیش دەلیت کە کاتیك ناوبراو دابەزی ئەوان دەرگاکانی شارەکەیان بۆ کردەوە ئەویش چووە ناویەوە.

سەرەرای ئەوەش شوان دەلیت سەرچاوەکان باسی کاردانەوەی توندوتیژی لەشکری موسلمانان ناکەن (هەمان لاپەرە) وەك چۆن هەر شاریك گیرابیتەوە موسلمانان بە توندوتیژی مامەلیان لەگەلدا کرابیت. یان وەکو رەخنە دەلیت کە یەکیك لە بەندەکانی ریککەوتنی هەردوولا لە یەکەم جاردا ئەوە بوو پاراستنی دانیشتوانی شارەکە لە ئەستۆی موسلماناندایە بەلاّم ئەگەر ئەم پاراستنەیان رەت کردبیتەوە ئەوە بیگومان موسلمانان کاردانەوەیەکی توندوتیژیان هەبووە (هەمان لاپەرە). ئەم قسانەش جگە لەوەی رەبتیان نییە قسە هەلبەستن و پیچوپەناکردنن بۆ تەفسیرکردنی نەبوونی کاردانەوەی توندوتیژ دژی شارەکە، تەفسیریك هیچ شتیك تەفسیر ناکات غەیری ئەوەی موسلمانان شتیکیان دەکرد (=پاراستنی شارەکە) کە ئاواتی هەموو کەسیکە شارەکەی بگیریت و لە تەعداو پشیوی بترسیت.

شوان یەکسەر دوای ئەوە دەلیت: ((چونکە هەندی لە سەرچاوەکان راپەرینی شارەکان بە (تکفیر) لە قەلەم دەدەن، هەلبەت میژوونووسان هەولییان داوە بە زمانی سەردەمی پرۆسەی فتووحات دەقەکانیان بنووسنەوە))-شوان ل٢٥٠-٢٥١.

جاری ناوتریت ((تەکفیر)) – کە واتای بەکافردانان دەدات – بەلکو دەوتریت ((کوفرکردن)). کوفر لە ئیسلامدا بە ژمارەیەك شت دەوتریت کە واتای باوی کوفر یەکیکیانە. وشەکە لە باسی فتووحاتدا بە واتای ((کوفرکردنی پەیمان)) واتە شکاندنی پەیمان بەکارهاتووە. ئیتر ئەمە پەیوەندیی بە مەسەلەی ئیمانەوە نییە تا شوان وای لی تیبگات لەبەر ئەوەی ئەم هەلگەرانەوەیە کوفرکردنە کەواتا پیویستە بە توندی مامەلە لەگەل ئەو شارەی هەلگەراوەتەوە بکریت. ناهەقی کاك شوانیش ناگرین وا لە وشەکە گەشتبیت چونکە بینیمان کاك شوان لە وشەی زۆر ساکارتری عەرەبی نەگەشتووە.

٢٨ – شوان شوینی جەزیرە دیاری دەکات: ((مەبەست جەزیرەی فوراتیە ئەم دەڤەرەی دەکەویتە نیوان دیجلەو فورات سەرووی خاکی سەواد " رشە خاك" و باکووری تکریت و بە رووی دیجلەوەو حدیثة لەسەر فورات تا دەگاتە چیاکان))،(وەکو خۆی نووسیومەتەوە)- شوان، ل١٨ پ ٣. سەرچاوەش : مختصر كتاب البلدان، ل٢٦-٢٧، اثار البلاد واخبار العباد، ل٣٥١.

سەرچاوەی یەکەم دەلیت: ناونرا جەزیرە لەبەر ئەوەی فورات و دیجلە دەبریت و پاشان دەشتایی دەبریت (ل٢٦) .دووەمیشیان بۆ جەزیرە دەلیت: دەکەویتە نیوان دیجلەو فورات. ئیتر غەیری ئەوە هیچ شتیك لەو قسە دوورودریژەی شوان لەو دوو سەرچاوەیەدا نەهاتووە.

٢٩- شاری دەستگرد :((شاریکی زۆر کۆنەو دەگەریتەوە سەردەمی کیسرای یەکەم کە هەندی وەرزی سالی لەوی بەسەربردووە))- شوان ، ل٥٤.سەرچاوەش:كتاب البلدان، ل٣٦؛ الاصطخري ، المسالك والممالك، ل٦١، تقويم البلدان،ل٣٠٧، کریستنسن، ايران فى عهد الساسانيين، ل٤٣٨.

کریستنسن دەلیت: هیرتسفیلد بەلگەکانی ئەو نووسەرە عەرەبانەی پووچەل کردەوە کە دەلین هورموزدی یەکەم دروستکەری دەستگرد بووە. پاشان دەلیت: بەهەرحال تەنها لەسەردەمی کیسرای یەکەمەوە پادشای ساسانییەکان پییان باشتربوو لە عیراقدا نیشتەجی بن.

كتاب البلدان: دەسکەرەی پادشا، خانووی پادشایانی فارسی تیدایە کە سەیر دروستکراون... تاد.

تقويم البلدان: نزیکە لەوەی سەرەوە + شاریکی کۆنە (نەك: زۆر کۆنە).

المسالك والممالك: دەوتریت کە پادشا هەندی وەرزی سال لەویدا دەمایەوە(نوسخەی تری کتیبەکە: کیسرا.. بەلاّم نوسخەکە نەیوتووە کیسرای چەندەم).

واتە تەنها (تقويم البلدان)و(المسالك والممالك) شتیان تیدایە لە قسەکەی شوان بچن ئەویش پاش دەستکاری کردنی قسەکان لەلایەن شوانەوە. خۆ ئەگەر هەر سەرچاوەیەك شتیکی تیدابوویە لەوەی شوان نووسیوەتی کارەکەی هەر نازانستی دەبوو چ جای ئەوەی دوانیان ئەوەیان تیدا نەبیت و دوانەکەی تر بە دەستکاری و سەقەتییەوە نەقل بکرین.

لەگەل ئەوەشدا ئەمە یەکیکە لە حالەتە باشەکان کە لەو سەرچاوانەی شوان ناوی نووسیون شتیك هەیە لە قسەکەی شوان بچیت.

٣٠- دووپشکەکانی شارەزوور: شوان باس لە دووپشکەکانی شارەزوور دەکات کە لە دووپشکەکانی نەسیبین کاریگەرترن (شوان، ل ٣٨) – سەرچاوە : فتوح البلدان، ٣٢٩؛ الخراج و صناعة الكتابة، ل ٣٨٣؛ الثعالبی ل ٤٨٨ – ٤٨٩؛ معجم البلدان، ج٥، ل ٢٨٨.

الثعالبی باسی شەڕی نیوان سابووری فارسی و قوستەنتینی بیزەنتی دەکات و ئەوە هاتووە کە سابوور فەرمانی دا دووپشك لەشارەزوورەوە بهینرێن و فڕییان بدەن ئەویش کاتی گەمارۆدانی نەسیبین. ئیتر بزانە ئەمە چەند لەقسەکەی شوانەوە دوورە. لەو دوورتر قسەی سەرچاوەی یەکەم و دووەمە کە باسی گرتنی شارەزوور لەلایەن موسلمانانەوە دەکات و ئەوەیان تیدایە کە دووپشکەکانی خەلکیان دەکوشت ئیتر نە بەدوورو نە بەنزیك باسی نەسیبین نەهاتووە. بەرگ و لاپەرەی سەرچاوەی چوارەمیش باسی نەسیبینی تیدایە بەلام ئەو شتە نالیت کە شوان نووسیویەتی. ئەو قسەیە لە بەرگی ٣، ل ٣٧٥ دا هەیە کە باسی شارەزوورە.

٣١- **باسی حصنکیف**: شوان (ل ٢٧) دەنووسیت: ((ئیبن حوقل دەلی ((قەلایەکی سەخت و دژوارەو چەندین خەرەندی شاراوەی هەیە لە چیایەکاندا)) ، ئەمە هەلکەوتەی شارەکەی وا هەلخستووە کە زەفەری پی نەبردریت))- صورة الارض، ل ٢٠٢؛ فیلد، جنوب کردستان ، ل١٧.

ئیبنو حەوقەل لەراستیدا باسی قەلاکە دەکات کە شاراوەیە (پیتاوپیت: نیژراوە) لەناو کیوەکاندا جگە لەو لایەی دەروانیتە سەر دیجلە. ئەمەش دیارە مەبەست قەلاکەیە کە شاراوەیە نەك خەرەندەکان ئەگەر چیش پیشتر باسی شیو کراوە. فیلدیش لەلایەن خۆیەوە باسی دیجلە دەکات پاش ئەوەی ئاوی (بەتمان) دەرژیتە ناوی و کە باریکترو قوولترو خیراتر دەبیت (...) و پاش حصنکیف دۆلەکە فراوان دەبیت... ئیتر فیلد نە باس لە هەلکەوتەی شارەکەو نە باس لە زەفەر پی‌نەبردنی کردووە. ئیبنو حەوقەلیش دەلیت دۆل و شیوی تیدایە زەفەریان پی نابریت (نەك شارەکە زەفەری پی نابریت).

٣٢- **کی باسی (نیریز)ی کردووە؟** شوان لەبارەی هەلگەرانەوەی شارەکانی ئازەربایجان لە لاپەرە (٢٤٩) دەنووسیت والیی کووفە الولید کوری عوقبە (عبدالله بن شبیل بن عوف الاحمسی) بە فەرماندەی لەشکریکی ٤٠٠٠ جەنگاوەری نارده سەر شاری (نیرین)و توانی بیگریتەوە. سەرچاوەش: فتوح البلدان، ل ٣٢٣ و الخراج وصناعة الكتابة، ل ٣٧٠-٣٧١.

البلاذري لە (فتوح)دا باسی پەیمان شکاندنی ئازەربایجان بەگشتی کردووەو ناوی (نریز – ئەویش و قودامە بەم شیوەیە ناوی دەبەن)ی نەهیناوە. ئەوەش دەلیت کە ئەلوەلید کوری عوقبە چووە سەر ئازەربایجان پاش ئەوەی پەیمانەکەیان شکاندو لەپیشەنگی لەشکرەکەی (عبدالله شبل الاحمسي- البلاذري وای نووسیوە)و هیرشی بردە سەر چەند شوینیکی تر کە هیچیان نریز نییە. باسیکی هاوچەشنیش لە لاپەرە (٣١٨)ی فتوحدا هەیە بەلام ناوی هیچ کەسیك لەگەل ئەلوەلیددا نەکراوە.

لاپەرە ٣٧٠-٣٧١ی کتیبی دووەمیش باسی گرتنی ولاتی چیاو نەهاوەند دەکات نەك ئازەربایجان، باسی ئەلوەلیدو ئازەربایجانیش لە هەردوو لاپەرە ٣٧٧و ٣٧٩ دا هەیەو بەم جۆرە: ل ٣٧٧ هەمان باسی ل٣١٨ی (فتوح)ـە. لاپەرە ٣٧٩ ش (هەروەها ل٣٢٤ی فتوح) باسی ئەلوەلید و (ئەلئەشعەث کوری قەیس)و ئازەربایجان دەکات بەلام بەشیوەیەکی جیا لەوەی سەرەوە.بەکورتی نەباسی گرتنی نریز کراوەو نە ئەو باسانە لەو قسانە دەچن کە شوان نووسیونی.

٣٣- **شەهارجە:** شوان (ل ١١٩) باس لە تکریت دەکات کەبەر لەفتووحات کوردی مەسیحیی تیدا بوو پاشان دەلیت:((رەنگە ئەمەش هۆکاریکی سەرەکی بووبێ کە کوردە شەهاریجیەکان کە پەیرەوکاری ئاینی مەسیحی بوون و لەسەرووی جەزیرەوە هاتن بۆ هاوکاری سوپای رۆم لەپیناو پارمەتیدانی دانیشتوانی تکریت لەدژی سوپای عەرەبە موسلمانەکان)).

شوان بۆ ئەم قسە گەورانە دوو سەرچاوەی نووسیوە، یەکیکیان (صورة الارض)ی ئیبنو حەوقەل، ل١٩٤-١٩٥ و ئەوەی تر کتیبەکەی حمادی؛ الجزيرة الفراتية..، ل ١٧٦.سەرچاوەی یەکەم یەك وشە لەم بارەیەوە نالیت و تەنها وەسفی مووصلی تیدایە.سەرچاوەی دووەم خۆشترە چونکە نووسەرەکەی دەلیت: شەهارجەکان کورد بوون و کۆمەکی عەرەبیان کرد کاتی گرتنی تکریت.

سەرچاوەکان باسی شەهارجە دەکەن کە سەرەتا لە بەرەی دژ بە لەشکری ئیسلامی بوون، بەلام ئەوانە قسەی گەورەن کاك شوان دەیانکات و سەرەرای ئەوەش لەو دوو سەرچاوەیەدا نین کە ناوی نووسیون.

٣٤- **کوردو کۆمەکی رۆمەکان:** شوان (ل ٢١٤) باسی گەمارۆدانی ئەبووعوبەیدە لە شاری (حیمص) لەلایەن رۆمەکانەوە:((کە ژمارەی هیزی پشتگیریی کورد بۆ رۆمەکان ٣٠ هەزار مەزندە کراوە)). سەرچاوە: مختصر كتاب البلدان، ل٢٩٢؛ تەبەری، ج٤، ل ٢٣٢-٢٣٣؛ الكامل في التاريخ، ج٢، ل ١٥٢، الروض المعطار في خبر الاقطار، ل ١٦٤، ابن خلدون، مج٢،ج٢، ل١٠٨.

جگە لە سەرچاوەی سییەم ئەوانەی تر باسی ئەم ژمارەیە ناکەن بەلکو تەنانەت باسی کوردیش ناکەن. ئەمان باسی کاری هاوبەشی رۆم و خەلکی جەزیرە دەکەن، تەنانەت باسی عەرەبی جەزیرەش هاتووە. سەرچاوەی سییەم باسی ٣٠ هەزار کەسی جەزیرە دەکات جگە لەوانەی (قنسرین) لە خیلی تەنووخ و خەلکی تر. کەواتە لە هەر پینج سەرچاوەکەدا ناوی کورد نەهاتووە بەلکو باسی خەلکی جەزیرە بە گشتی کراوەو عەرەبی نەصرانی هەبوو لەناو ئەوانەی کۆمەکی رۆمیان کرد. جەزیرەش پیش فتووحات جگە لە کورد ژمارەیەك هۆزی عەرەبی و خەلکی تریشی تیدابوو. ئیتر ئەمە نەپاراستنی ئەمانەتی میژووییە کە

سەرچاوەکان بە گشتی باسی جەزیرە بکەن و زۆربەیان لەناو ئەوانەی کۆمەکی رۆمیان کرد ناوی عەرەب دەبەن کەچی شوان هەموویان بکاتە کوردو تەنانەت سەرچاوەیەك باس ٣٠ هەزار خەلکی جەزیرە بەگشتی بکات کاك شوان دەیکاتە ٣٠ هەزار کورد.

* * * * * * * * * *

هەرچەندە شت زۆر ماوە مرۆڤ لەسەری قسە بکات بەڵام لیرەدا کۆتایی بەم بەشەو بە هەموو کتیبەکە دەهینم و تەنها یەك وتەم دەمینیت بۆ ماڵاوایی.

کۆتایـــــی

کاك شوان کتیبەکەی پیشکەش بە کورد کردووەو نووسیویەتی :((پیشکەشە بە گەلی پـەرتکراو و نیشـتمانی سـووتاوم))! هەلبەت خوینەرو پیش هەموو خوینەریك ئەو قوتابییەی زانکۆ کە کاك شوان وانەی پی دەلیتەوە ئیستا زیاتر لە شوان خەفەت بۆ نیشتمانەکەی دەخوات کە ئەمە حالی خوینەوارییەکەیەتی: ئەمە حالی لیکۆلینەوەیەکە ریگە بە خاوەنەکەی دەدات وانـەی میـژوو بە قوتابیانی زانکۆ بلیت. ئینجا هەقیـەتی بپرسـیت: ئەگـەر ئەمـە ئیشـەکانی ئـەو مامۆسـتایە لەگـەل سەپەرشـتیارەکەی خـۆیو دکتۆرەکانی ترو زانکۆ بەشیوەیەکی گشتی بیت ئەی حالی لەگەل قوتابیان چی بیت کە هیشتا سەرەتای خویندنی زانکۆیانە؟

رەنگە کاك شوان ئەمەی بە کوردایەتی زانیبیت بەلام نەك من بەتەنها بەلکو هەموو کەسیك ئەوەی پیی دەلیت کە کوردایەتی بە تەزویرکردن ناکریت. کوردایەتی بە خەلەتاندنی زانکۆ و قوتابییەکانیو خوینەری کورد بە گشتی ناسەلمینریت . کوردایەتی ئەوە نییە هەرچۆنیك بیت مرۆڤ بروانامەیەك وەربگریت چ جای ئەوەی لیکۆلینەوەکەی شایەنی ئەو بروانامەیە نەبیت.

بەبۆچوونی خۆشم زانکۆی سلیمانی (یان ئەوانەی لە پشتی ئەم ئیشەن لە زانکۆ) بۆیە مامۆستای زانکۆی لـە هـەردوو زانکـۆی سەلاحەددین و دهۆك لە موناقەشـەی ماسـتەرنامەکە بەشـدارنەکردو زانکۆ قەناعـەتی بـەوە کـرد لـە لیژنـەی موناقەشـەکە تەنـها یـەك کەس هەبیت لە میژووی ئیسلامی پسپۆر بیت چونکە زانکۆ، یان راستتر ئەو کەسانە دەیـانزانی ئەگـەر ئـەو مامۆسـتایانە بهاتنایـە ئەم ئیشەیان بۆ نەدەچووەسەر، ئیستاش دەبیت باجی ئەم بەشدارنەکردنە بدەن.

لیرەدا ناچارم کۆتایی بەم کتیبە بهینم بەلام سوپاسی خودا دەکەم بۆ ئەم ناچارییە. ئەو ناچارییەی پالی پیوەنـام کۆتـایی بـەم رەخنەیـەم بهینم ئەوەیـە کـە زۆرم مەبەسـت بوو تـا دەوامـی زانکـۆ مـابیت ئـەم کتیبـە بخەمـە بەردەسـتی خوینـەران و بەتایبـەتی قوتابیـانی زانکۆ و مامۆستاکانی، ئـەوە نەبوایـە تـەماع یەخـەی بەرنـەدەدام و لەگـەل کتیبەکـەی کـاك شـوان بـەردەوام دەبـووم، لـەم سەرچاوە بۆ ئەو سەرچاوە، تا وام لیدەهات بۆ ماوەیەکی زۆر ئیشم نەبیت شوان و کتیبەکەی کاك شوان نەبیت.

بۆ جاری نازانم چەندەمیش دەیلیمـەوە: ئـەم ماسـتەرنامەیە بەهەشـتی رەخنەگرانـە؛ ئیشـی رەخنـەگر لەگـەلیدا زۆر ئاسـانە بەمەرجی سەرچاوەکانی دەستبکەویت. ئەو رەخنەگرەش جگەلەوەی وەرزەکەی تەرو پر خیرو بەرەکەت دەبیت لـەزەتیکی زۆر لـەو کارە دەبینیت ئەویش هەروەکو لەزەتی هەموو کاریکی بەبەرهەم و سەرکەوتوو.

سەرچاوەکان

یەکەم – سەرچاوە کۆنەکان

* ابن الاثير، الكامل في التاريخ، دار الطباعة المنيرية، القاهرة، (نشر لاول مرة ١٣٤٩)[١] .

*ابن بطوطة، ابو عبدالله، محمد بن ابراهيم الطنجي، رحلة ابن بطوطة (تحفة النظار في غرائب الامصارو عجائب الاسفار)، دار صادر، دار بيروت، بيروت، ١٩٦٠ [٢].

* ابن جبير، ابو الحسين محمد بن احمد الكناني الاندلسي البلنسي، رحلة ابن جبير (تذكرة بالاخبار عن اتفاقات الاسفار)[٣]:

١- مطبعة بريل، ليدن، ط٢، ١٩٠٧.

٢- مطبعة السعادة، القاهرة، ط١، ١٣٢٦-١٩٠٨ وهي مأخوذة عن طبعة ليدن.

* ابن حوقل، محمد بن علي النصيبي، صورة الارض، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٩.

* ابن خرداذبة، المسالك والممالك (و معه نبذ من كتاب الخراج وصناعة الكتابة)، مكتبة المثنى، بغداد، عن طبعة بريل، ١٨٨٩.

* ابن خلدون، كتاب العبر وديوان المبتدأ والخبر في اخبار العرب والعجم والبربر..، بيروت، ١٩٧٩.

* ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، طبعة، دار العودة ، بيروت، د.ت، و طبعةالمكتبة التجارية الكبرى، القاهرة، د.ت[٤] .

* ابن عبدالحق البغدادى، مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاع، تحقيق محمد على البجاوى، دار احياء الكتب العربية، ط ١، ١٣٧٤-١٩٥٥[٥]

* ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، مكتبة القدس، ١٣٥٠ هـ[٦].

*ابن الفقيه، مختصر كتاب البلدان، طبع في مدينة ليدن، مطبعة بريل، ١٣٠٢هـ — ١٨٨٥م.

*ابن قيم الجوزية، اخبار النساء، تحقيق الدكتور نزار رضا، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٦٤[٧].

*ابن كثير، البداية والنهاية في التاريخ، مطبعة السعادة، دون تاريخ[٨].

* ابو حنيفة الدينورى، الاخبار الطوال، تحقيق عبدالمنعم عامر، مراجعة د. جمال الدين الشيال، دار احياء الكتب العربية، القاهرة، ١٩٦٠.

* ابو الفداء،عماد الدين اسماعيل، تقويم البلدان، اعتنى بتصحيحه وطبعه رينود والبارون ماك كوكين ديسلان،دار الطباعة السلطانية، باريس١٨٤٠،اعادت طبعه بالاوفسيت مكتبة المثنى، بغداد[٩].

* ابو الفداء، المختصر في اخبار البشر، مطبعة الحسينية، القاهرة،(دون تاريخ).

* ابو يوسف يعقوب بن ابراهيم، كتاب الخراج، المطبعة السلفية ١٣٩٦.[١٠]

* الازدى، ابو زكريا يزيد بن محمد بن الياس، تاريخ الموصل، تحقيق د. على حبيبة، دار التحرير، القاهرة، ١٩٦٧.

* الاصطخرى، ابو اسحق ابراهيم محمد الفارسى، المسالك والممالك، تحقيق د. محمد جابر عبدالعال الحسينى، مراجعة محمد شفيق الغربال ،دار القلم، القاهرة، ١٣٨١-١٩٦١[١١]

---

١ شوان چاپیکی نویتری نووسیوە.

٢ جگەلە یەك دوو هەلە لەناوی سەرچاوەکە لەلایەن شوانەوە، شوان دەنووسیت: ١٩٦٤. هەتا ئەگەر راستیش بیت چاپیکی تری وا هەیە زانیارییەکەی شوان (بروانە ژمارە: یانزە) هەر هەلەیە.

٣ بۆ ئەم چاپەو ئەوەی شوان نووسیویەتی بروانە ژمارە سی و شەش.

٤ شوان چاپی ١٩٩٩ ی نووسیوە.

٥ لای شوان بەهەلە نووسراوە ١٩٥٤-١٩٥٥.

٦ لای شوان: دار الكتب العلمية، بيروت (دون تاريخ). لاپەرەکانی هەردوو چاپەکە یەکن.

٧ نوسخەی شوان ١٩٧٩.

٨ شوان چاپی: دار الفكر، بيروت، ١٩٧٨ دەنووسیت. ئەوەی خۆم جیاوازیی دوو یان سی لاپەرەی هەیە.

٩ شوان نووسیویەتی (١٨٥٠) و ئاماژەی بۆ (مكتبة المثنى) نەکردووە.

١٠ شوان چاپیکی تری بەکارهیناوە بەلام نووسیویەتی ١٣٥٢، ١٣٨٢ ئیتر نازانم چۆن ئەم دوو سالەی لیدراوە.

١١ شوان چاپیکی تری نووسیوە بەلام جگە لەهەندی شت لاپەرەکان وەکو یەکن.

* اولیاچلبی، سیاحەتنامە، و. سەعید ناکام، بەغدا، ١٩٧٩

* البلاذری، ابو الحسن احمد بن یحیی بن جابر، فتوح البلدان، مراجعة وتعلیق رضوان محمد رضوان، المكتبة التجاریة الكبری، القاهرة، ١٩٥٩[١].

* البیرونی، ابو الریحان محمد بن احمد، الاثار الباقیة عن القرون الخالیة، (دكتۆر سی ئیدوارد زاخاو)، ١٩٢٣، اعادت طبعه بالاوفست مكتبة المثنی، بغداد، ١٩٦٤[٢].

*الثعالبی، ابو منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعیل، تاریخ غرر السیر، نشر وترجمة هـ. زۆتنبیرب، مكتبة الاسدی، طهران ١٩٦٣[٣].

* الجهشیاری، ابو عبدالله محمد بن عبدوس، كتاب الوزراء والكتاب، تصحیح وتحقیق عبدالله اسماعیل الصاوی، مطبعة عبدالحمید احمد حنفی، مصر، ١٣٥٧ – ١٩٣٨[٤].

* الحموي، یاقوت، المشترك وضعا والمفترق صقعا، طبعة گونكتن ١٨٤٦، اعادت طبعه بالاوفست مكتبة المثنی، بغداد.

* الحموی، یاقوت، معجم البلدان، دار بیروت، دار صادر، بیروت، ١٩٥٧[٥].

* الحمیري، الروض المعطار في خبر الاقطار، تحقیق الكتور احسان عباس، ط٢، مكتبة لبنان، بیروت، ١٩٨٤[٦].

* خلیفة بن خیاط، تاریخ خلیفة بن خیاط، تحقیق د. اكرم ضیاء العمری، ط١ ،مطبعة الاداب، النجف، ١٣٨٦هـ ـ١٩٦٧[٧].

* الدمیري، حیاة الحیوان الكبری،ج١، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٣٣٠ هـ [٨].

*الزمخشری، ابو القاسم محمود بن عمر، الجبال والامكنة والمیاه، تحقیق د. ابراهیم السامرائی، مطبعة السعدون، بغداد، ١٩٦٨.

* زینوفون ، حملة العشرة الاف، الحملة علی فارس، ت. یعقوب افرام منصور، مكتبة بسام، ١٩٨٥.

* سهراب، عجائب الاقالیم السبعة الی نهایة العمارة، اعتنی بنسخه وتصحیحه هانس فون مژیك، مطبعة ادولف هولزهوزن، فیینا، ١٣٤٧هـ – ١٩٢٩ [٩].

* السیوطی، جلال الدین عبدالرحمن بن ابیبكر، تاریخ الخلفاء، ط١ مطبعة السعادة القاهرة، ١٩٥٩، اعادة طبعه مطبعة منیر، بغداد، ١٩٨٣[١٠].

*شیخ الربوة، شمس الدین ابو عبدالله محمد ابوطالب، نخبة الدهر فی عجائب البر والبحر، نشره ا. میرن Mehren لایبزگ ١٩٢٨، اعادت مكتبة المثنی طبعه[١١].

* الطبری، ابو جعفر محمد بن جریر، تاریخ الرسل والملوك، تقدیم ومراجعة صدقی جمیل العطار، دار الفكر، بیروت، ١٩٩٨[١٢].

* قدامة بن جعفر، الخراج وصناعة الكتابة،شرح وتحقیق د. محمد حسین الزبیدي، دار الرشید، بغداد، ١٩٨١.

* القزوینی، ابو زكریا محمد بن محمود،اثار البلادو اخبار العباد، دار صادر، دار بیروت، بیروت، ١٩٦٠.

*القلقشندی، ابو العباس احمد بن علی، صبح الاعشا في صناعة الانشا، دار الكتب الخدیویة، المطبعة الامیریة، القاهرة، ١٩١٣– ١٩١٩[١٣].

---

[١] شوان چاپیکی تری نووسیوە بەڵام لاپەرەکان لەهەردوو چاپەکە یەکن لای شوان لەجیاتی ابو الحسن (ابو العباس) نووسراوە.

[٢] شوان نوسیویەتی (عن طبعة ١٩٢٣ دار وسخاو)!!

[٣] هەندیك لە زانیارییەکانی ناوی سەرچاوەکەم لە بەرگی پشتەوە (بەفەرەنسی) وەرگرتووە.

[٤] چاپیکی تری هەمان ساڵ بە تەحقیقی سێ کەس هەیە. کاك شوان ناوی کتیبەکە لە لیستی سەرچاوەکاندا ناهینیت.

[٥] لای شوان (دار بیروت) نییەو میژوی چاپیشی نییە.

[٦] شوان چاپی یەکەم (دار القلم، ١٩٧٥)ی نووسیوە. لاپەرە بەکارهینراوەکان لەهەردوو چاپدا یەکە.

[٧] شوان چاپی دووەمی نووسیوە.

[٨] الدمیری: شوان چاپیکی تر دەنووسیت بەڵام جیاوازیی چاپ گرنگ نییە چونکە شوان ئاماژە بۆ لاپەرەکانی بەرگی یەکەم و بۆ بابەتیکی دیار دەکات ئەویش بابەتی ئەبوو موسلیمی خوراسانی.

[٩] شوان هەڵەی لە زانیارییەکانی ساڵی چاپ ... تاد کردووە.

[١٠] شوان نوسیویەتی چاپی ٢ و هەمان ساڵ!

[١١] شوان ساڵی ١٩٢٣ ی نووسیوە. هەندێ زانیاریم لەبەرگی پشتەوە (بەفەرەنسی) وەرگرت.

[١٢] جگە لەم چاپە، کە هەمان چاپەکەی شوانە، چاپیکی دیکەم بۆ هەندیك زانیاریی زیادە بەکارهیناوە : مطبعة الاستقامة، القاهرة، ١٩٣٩ و لە هەر شوینیك بەکارم هینابیت نووسیومە (١٩٣٩).

[١٣] شوان نوسخەیەکی نووسیوە کە لەسەر نوسخەی (المطبعة الامیریة) وینەکراوەو لەچاپدراوەتەوە. ئەو نوسخەیە هی(المؤسسة المصریة العامة للتالیف والترجمة والطباعة والنشر) کەچی دەنووسیت (المؤسسة المصریة للطباعة). شوان هەروەها دنووسیت ١٩١٣–١٩١٨ زاینی. کە ساڵی دووەمیان هەڵەیە جگە لەوەی ئەم ساڵانە هی چاپە کۆنترەکەن.

* المسعودی، التنبیه والاشراف، تصحیح ومراجعة عبدالله اسماعیل الصاوی، دار الصاوی، ١٣٥٧-١٩٣٨[١].

* المسعودی، مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقیق محمد محی الدین عبدالحمید، ط٣، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٣٧٧-١٩٥٨ [٢].

* المقدسي البشاري، محمد بن احمد بن ابی بکر، احسن التقاسیم في معرفة الاقالیم، طبعة لیدن، مطبعة بریل، ١٨٧٧[٣].

* الیعقوبی، احمد بن ابي یعقوب بن واضح الکاتب، کتاب البلدان، المطبعة الحیدریة، ط ٣، النجف ١٣٧٧هـ ـ ١٩٥٧[٤].

دووەم : سەرچاوە نویکان

* ابراهیم زکي خورشید،(رئیس التحریر)، دائرة المعارف الاسلامیة، د.ت[٥].

* احمد زینی دحلان ، الفتوحات الاسلامیة، مؤسسة الحلبی وشرکاه، القاهرة، ١٣٨٧-١٩٦٨[٦].

* ئاورنگ، م.، کوردناسی، و. برهان قانع، چاپی٢، چاپخانەی ژیار، سلیمانی، ١٩٩٩.

* جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة، ج١، مطبعة المجمع العلمي الکردي، بغداد، ١٩٧٦.

* جمال رشید احمد (الدکتور)، دراسات کردیة في بلاد سوبارتو، الامانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة کردستان، بغداد، ١٩٨٤.

* جەمال نەبەز (دکتۆر)، کوردانی سەرگەردان و برا موسلمانەکانیان، و. S.K ،کۆمەلەی خویندکارانی کوردستان، ١٩٩٨.

* حسام الدین النقشبندی (الدکتور)، اذربیجان، ٤٢٠-٦٥٤هـ، ١٠٢٩-١٢٥٦م، دراسة في احوالها السیاسیة والحضاریة، رسالة دکتوراه، مطبوعة علی الالة الکاتبة، جامعة بغداد، ١٩٨٤.

* حسین قاسم العزیز (الدکتور)، البابکیة او انتفاضة الشعب الاذربیجان ضد الخلافة العباسیة، مکتبة النهضة، بغدد، دار الفارابی، بیروت، ١٩٦٦[٧] .

*حسین مروة(دکتور)،النزعات المادیة في الفلسفة العربیة الاسلامیة،دار الفارابی،بیروت،ط٥، ١٩٨٥.[٨]

* توفیق سلطان الیوزبکی(الدکتور) ، دراسات في النظم العربیة الاسلامیة، الموصل ،ط١ ١٩٧٧، ط٣ ١٩٨٨[٩].

* رەشاد میران (دکتۆر) ، رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی دووەم، سەنتەری برایەتی، ٢٠٠٠ [١٠].

* رەفیق سابیر، بەرەو میژوو، کورتە باسیکی فیکری- میژوویی، سوید، ١٩٩١.

* صبحي الصالح(دکتور)،النظم الاسلامیة نشأتها وتطورها، ط٢،دار العلم للملایین، بیروت، ١٩٦٨[١١].

* طه باقر ، فؤاد سفر ، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة،مدیریة الفنون والثقافة الشعبیة، بغداد، الرحلة الثالثة، ١٩٦٦، الرحلة السادسة، ١٩٦٦.

* عباس عبدالکریم، کۆمەلگا لە سایەی دەولەتی خەلافەتدا، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧.

* فیلد، هنري، جنوب کردستان، دراسة انثروبولوجیة، ت. جرجیس فتح الله، دار اراس، ط١، اربیل، ٢٠٠١ [١٢].

* کریستنسن، ارثر، ایران في العهد الساساني، ت. یحیی الخشاب، القاهرة، ١٩٥٧.

*لسترانج،کي،بلدان الخلافة الشرقیة،ت.بشیر فرنسیس و کورکیس عواد،مطبعة الرابطة،بغداد،١٩٥٤

---

[١] لەبارەی چاپەکەوە خالی (بیستو پینج) تەماشا بکە.

[٢] شوان ناوی چاپیکی تر دەنووسیت.

[٣] شوان باس لەچاپی (١٩٠٦) دەکات. شوان چ لە رۆژی موناقەشەکەو چ لە کتیبەکە ناوەکە وا دەلیت: المقدسي بەلام راستەکەی المقدسي یە. الجعفری دەلیت یاقووتی حەمەوی وای نووسیوەوشیوازی یەکەم لەلایەن نووسەری تازەوە وەکو شپرنگەر Sprenger وتراوە : یاسین ابراهیم علي الجعفري، الیعقوبي المؤرخ والجغرافي ، دار الرشید للنشر، بغداد ، ١٩٨٠، ل٢٢٤. ئەوەی یاقووتم لە بەرگی ٥، ل١٦٨، باسی(بیت المقدس) بینی.لەمیانەی قسەیەکی یاقووتیش دەزانین المقدسی خەلکی بیت المقدسەو لەمەوە الجعفری دەلیت لەفزی دروستی ناوەکە المقدسي یە.

[٤] شوان ناوی نووسەرو سالی مردنی بە شیوەیەکی تر دەنووسیت. لیرەدا ئەوەمان نووسی کە لەسەر کتیبەکەدا هاتووە. چاپی ١٩٥٧ یش لەسەری نووسراوە چاپی سییەم بەلام شوان ناوی چاپی سییەمی نەبردووە. سالی کۆچیشی بەهەلە ١٣٣٧ ی لە جیاتی ١٣٧٧ نووسیوە. سەیر ئەوەشە لاپەرەکانی کتیبەکە کە شوان ئاماژەی بۆ کردوون هی چاپی یەکەمن (بۆ نموونە لاپەرە ٣٩) کەچی لاپەرەکانی چاپی ١٩٥٧ کە شوان گوایە بەکاری هیناوە جیان (لە نموونەی سەرەوەدا: لاپەرە ٣٧). بەکورتی شوان ژمارەی چاپ و سالی کتیبەکەو ژمارەی لاپەرەکانی تیکەل و پیکەل کردووە. ئەمەش جگە لە زانیارییە هەلەکان کە هەموو ئەمانە بەلگەن لەسەر ئەوەی کتیبەکەی نەدیوە.

[٥] شوان لە لیستی سەرچاوەکاندا تەنها ناوی سەرچاوەکەی نووسیوە لەگەل ناوی ئەو شوینەی باسی هاتووە.

[٦] شوان چاپیکی تری کتیبەکەی نووسیوە.

[٧] بۆ هەلەی شوان لەبارەی ناوی نووسەرەکە بروانە ژمارە (یەك) واتە کتیبەکەی (ڤلهاوزن).

[٨] شوان ناوی (چاپی پینجەم) ناهینیت کەئەم چاپەش سالی (١٩٨٥)ەو شوان ئەم سالەی نووسیوە.

[٩] شوان چاپی دووەمی نووسیوەو ئیمە هەردوو چاپی یەکەم و سییەممان دەستکەوتبوو.

[١٠] شوان کتیبەکەی لە لیستی سەرچاوەکاندا نەنووسیوە.

[١١] شوان ناوەکەی لە لیستی سەرچاوەکاندا نەنووسیوە.

[١٢] شوان نە خانەی ئاراس و نە سالەکەی نووسیوە.

* لبيد ابراهيم احمد(الدكتور)، ابراهيم نمير سيف الدين، عصر النبوة والخلافة الراشدة،ج١و٢، مكتبة المعارف، الرباط، ط٣، ١٩٨٤[١].
* محمد بديع شريف(الدكتور)، الصراع بين الموالى والعرب، دار الكتاب العربى، القاهرة، ١٩٥٤.
* محمد جاسم حمادي، الجزيرة الفراتية والموصل، دراسة في التاريخ السياسى والادارى، دار الرسالة، بغداد، ١٩٧٧.
* محمد خضرى بك، محاضرات تاريخ الامم الاسلامية،الدولة الاموية، المكتبة التجارية الكبرى، القاهرة، ١٩٦٩[٢].
* محمد رشيد بن داود بن السيد سعدى، كتاب قرة العين في تاريخ الجزيرة والعراق والنهرين، مطبعة الرشيد، بومبي، ١٣٢٥هـ [٣].
* محمود شاكر، التاريخ الاسلامى، المكتب الاسلامى، ط٨، ٢٠٠٠[٤].
* هاشم رضى، زەردەشت و ئامۆژگارییەکانی، و. عومەر گۆمەیی، سلیمانی، ٢٠٠١.
* هيكل باشا، محمد حسين، الفاروق عمر، مطبعة مصر، القاهرة، ١٣٦٤ ه [٥].
* ولهاوزن، يوليوس، الدولة العربية وسقوطها، ت. الدكتور يوسف العش، دمشق، ١٩٥٦.

ئەو سەرچاوانەی لەم رەخنەیەدا بەکارهاتوون جگە لەوانەی لە ماستەرنامەکەدا نووسراون

* ارنولد،ت. و. ، الدعوة الى الاسلام، بحث في تاريخ نشر الدعوة الاسلامية، ت. حسن ابراهيم حسن و عبدالمجيد عابدين و اسماعيل النحراوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٤٧.
* پاركنسن، روجر، موسوعة الحرب الحديثة، ج٢، ت. سمير عبدالرحيم الچلبى، دار المامون، بغداد، ١٩٨٠.
* دو بوشير، غى، تشريح جثة الاستعمار، ت.ادوار الخراط، دار الاداب، بيروت، ط١، اذار،١٩٦٨.
* جورج قرم ، تعدد الاديان وانظمة الحكم، دراسة سوسيولوجية وقانونية مقارنة، دار النهار، بيروت، ١٩٧٩.
* شبنغلر، اسوالد، تدهور الحضارة الغربية، ت. احمد الشيباني، دار مكتبة الحياة، بيروت، د.ت.
* صحيح البخاري.
* صحيح مسلم.
* فيشر، هـ . ا. ل. ، تأريخ اوربا في العصور الوسطى، القسم الاول، ت. محمد مصطفى زيان و السيد الباز العريني، دار المعارف، القاهرة، ١٩٥٠، ل ٦١.
* لوبون، غوستاف ، حضارة العرب ، ت. عادل زعيتر ،ط٢، ١٣٦٨-١٩٤٨، مطبعة دار احياء الكتب العربية، ل١٦٢.
* محمد امين زكى، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، ت. محمد على عونى، بغداد ١٩٣٦.
* **Kingfisher History Encyclopedia, Charlotte Evans (Gen. Edit.), Kingfisher, print.in Hong Kong, reprint. 1999, p.179.**
* **D.D.Luckenbill, Ancient Records of Babylonia and Assyria, vol.1, Chicago1926, S 450.**
* **G. Mourgue, Aux source des Proche-Orient, Fayard, 1972, p.246.**

ئەمەش جگەلە کەمی سەرچاوە لەناواخنی باسەکان ناویان براوەو بەپێویستم نەزانی بیاننوسم.

[١] بروانە لاپەرە ٣١ ی ئەم کتیبەمان.
[٢] شوان دەنووسیت: محاضرات في تاريخ.. ئەمەش هەڵەیە چونکە (في)ی تیا نییە، ناشنووسیت الدولة الاموية.
[٣] بروانە کتیبی ژمارە (شەش) بۆ هەڵەی ناوی سەرچاوەکە.
[٤] شوان ناوەکەی لە لیستی سەرچاوەکاندا نەنووسیوە.
[٥] بروانە شتیکی خۆش لەبارەی ناوی نووسەرەکە، کتیبی ژمارە (بیست و دوو).